# گێڵگامێش

دەق و لێکۆڵینەوە: جەلیل ئازادیخواز

گێڵگامێش
دەق و لێکۆڵینەوە: جەلیل ئازادیخواز
تایپ: دارا نیک ئەندێش
وێنەی بەرگ: گراف ڕاپچر
دیزاین: سیپان
چاپی یەکەم سوید ٢٠٢٢
وەشانخانەی 49books
www.49plusbooks.com
ISBN: 978-91-89734-46-3
مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

## ناوەرۆک


پێشەکی ........................................................ ٥
پەردەی یەکەم.................................................. ٩
پەردەی دووەم ............................................... ١٨
پەردەی سێیەم................................................ ٢١
پەردەی چوارەم .............................................. ٢٦
پەردەی پێنجەم .............................................. ٣١
پەردەی شەشەم............................................... ٣٦
پەردەی حەوتەم .............................................. ٤٢
پەردەی هەشتەم .............................................. ٤٥
پەردەی نۆهەم ................................................ ٤٩
پەردەی دەهەم ................................................ ٥٧
پەردەی یازدەهەم............................................. ٦٩
پەردەی دوازدەهەم .......................................... ٨١
شوێن پێی کولتوری کوردی لە ئوستوورەی گێڵگامێشدا ............ ٨٥
سۆمەریەکان.................................................... ٨٧
بەراووردێکی وشە سۆمەریەکان و کوردیەکان...................... ٩١
دین لە کۆمەڵگای سۆمەردا ..................................... ٩٤
گا لە ئەفسانەو گێرانەوە کۆنەکاندا............................. ٩٩
ڕامان لە ئوستورەی گێڵگامێش................................. ١٠٢
کوشتنی هومبابا ............................................... ١٠٥
کوشتنی گای پیرۆزی ئاسمان.................................. ١٠٨
مەرگی ئەنکیدۆ و سەفەری گێڵگامێش .......................... ١١٢
گێڵگامێش یا گەلگامێش........................................ ١١٥
سەرچاوەکان................................................... ١١٧

## پێشەکی

سێ هەزار ساڵ پێش ئەوەی پیاوێ بە ناوی "عیسا کوڕی مریەم" قۆناغێکی تازە لە مێژووی ژیانی مرۆڤدا دەست پێ بکات، لە دەرە دوورەکانی دوو ڕووباری گەورەی دیجلە و فۆراتدا شارستانیەتێکی گەورە و مەزن وەک کۆمەڵێ دەمار ناوچە گەورەکانی ژیان و نیشتەجێبوونی مرۆڤی کۆنی بە یەکەوە دەبەستەوە. پاشماوەی ڕەگە زیندووکانی کۆمەڵگا و شارستانیەتی کۆنی سۆمەریەکان وەک میراتێکی بەنرخ و زیندوو لە دامەزراندن و خوڵقانی ژیانی فەرهەنگی و کولتووری گەلانێکا کە پاشان بوون بە ئاڵاهەڵگری مێژوو، ڕۆلی کاریگەری خۆی دەبینێ.

سەرزەمینی کەونەئاراو دێرینی بەینی دوو ڕووباری دیجلە و فۆرات لەو زەمانەدا چرۆی چاوی بە دنیای شیعر و فەلسەفە و دین و ئەستێرەناسی و مێژوو کرا بوەوە. دەسەڵات و توانای جەماوەری دانیشتووی ئەم سەرزەمینە لە ڕۆچەنەی چاوی ئەمڕۆوە پەنجەگەزانەو جێگای لێرامانێکی مەزنە. هەرچەندە ئەمڕۆ کەمتر ئاگاداری ئەو کەلەپوورە مەزن و شارستانیەتە

گەورەیەین و بە کەمیەکی زۆر کەم نەبێ شتێکی وا لەو سامانە مرۆڤایەتیە نەگەیشتۆتە دەستمان.

هەر لەم سەرزەمینە ژیار خوڵقێنەدابوو کە پێش ئەوەی بیرو زەینی مرۆڤ بە یاساو چوارچێوەکانی مافی مرۆڤ ئاشنا بێت، یاساکانی حامورابی خوڵقان و سەریان هەڵدا، میراتی فەرهەنگی سۆمەریەکان لە زیندووکردنەوە و دارشتنەوەی دنیای تازەی دوای خۆیان و گەشە کردنی بیرو ئاوەزی مرۆڤەکانی پاش ئەواندا بێگۆمان دەنگ و کاردانەوەیەکی یەکچار زۆری هەیە

زەمانێ کە ژیار و شارستانیەتی سۆمەریەکان پایەکانی چەقین و وەک پێویست خۆی نواندو گیرسا، واتە لە دەوروبەری ساڵەکانی دووهەزار و سێ سەدی پێش لە دایک بوونی مەسیح دا، زانایان و نووسەر و شاعیرەکانی ئەو شارستانییەتە کەوتنە نووسین و دارشتنی مێژوی کۆنی کۆمەڵگای خۆیان.

شاعیران داستانێکیان لە بارەی خوڵقان و بەهەشت و یەکەمین تۆفان و لافاوی گەوەرە دارشت، کە بە هۆی تاوانکارییەکەوە لە پاشاکانەوە خوڵقاو سەری هەڵداو ئەو بەهەشتە بەرینەی لە رووی نەخشەی مێژوو سرییەوە.

ئەم داستانە پاشان تێکەڵ بە کولتوورو فەرهەنگی بابلیەکان و عبرییەکان بوەوەو لە بیرورای ئیسلامیش دا رەنگی دایەوەو وەک واقعیێکی مێژووی کۆن فەرهەنگی ئیسلامی ئاماژەی بۆ دەکات و دەیگێرێتەوە.

بێگۆمان ئەم دووان و دارشتنە لەسەر دەستی پێشەوایانی ئایین و کاهینەکاندا دەخوڵقا، ئەوان داستانی خوڵقان و چڵ و لەقەکانیان هۆنیەوە. لەم ناوەدا داستانی پرهزرو سەر

سوڕهێنەری گێڵگامێشیان لە سەر ڕووبەرگە تۆڕییەکان نووسیوە. ئەمڕۆ وەک میراتێکی مەزن و بەنرخ لە دەستی ئێمەدایە.

پاش ئەوەی ئسمیت لە وێرانەکانی ئاشور بانیباڵ دا ئەم دوازدە ڕوبەرگەی دۆزیەوەو توانی بیخوێنێتەوە بە ڕاستی سامانێکی گەورەی مرۆڤایەتی دوای هەزاران ساڵ چاوی بەڕوی دونیای تازەدا کرایەوە، مرۆڤی ئەم چاخە بە نا باوەڕێکی حەپەساوەوە بۆ شارستانیەت و کولتووری ڕابردوی مرۆڤایەتی هاتە سەر چۆک. داستانی گێڵگامێش یەکێکە لە جوانترین و پڕناوەڕۆکترین و کۆنترین گۆشەکانی بیر و هزر و ئاوەزی مرۆڤ لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا. ئەم داستانە نموونەی بەرزی ئەندێشەی مرۆڤ و دنیای خەیاڵ و خوڵقانی هزری مرۆڤایەتیە.

داستانی گێڵگامێش هەڵگری ئەو خەمە گەورەیەیە کە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ژیان و ژیواری ڕوبەڕوی بۆەتەو بە کۆڵیەوە بووە. خەمی مەرگ. و کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیان و مان، لەم شاکارەی ئەندێشەی مرۆڤدا هەموو ئاکارەکانی چاکەو خراپەو دەسەڵات و سامان و نەبوون و هەژاری لەگەڵ چارەنووسی نەگۆڕی مەرگ و ژیان دا بەیەکەوە گرێ دراون و ئاوێنەی باڵانوێنی مرۆڤ و چارەنووسی مسۆگەری ئەون.

گۆمان و پەرێشانی مرۆڤ ئەوین بە ژیانی و هەڵپەی بێ ئاکامی مانەوەی هەمیشەیی لەم داستانەدا بە جوانی خۆی دەنوێنێ و کاروانی چارەنوس و ئاکامی قەدەر بە بزەیەکی تاڵەوە ئەڕژێتە چاوی ئەم ئەندێشەیەوە و ناچاری دەکات بە ناچاری دەست لە ژیان هەڵگری و ماڵ ئاواییەکی سەپاوی بە سەردا دەسەلمێنێ

ماوەیەکی زۆر بوو خولیای وەرگێڕانی ئەم داستانە لە مێشکم دا دەخولایەوە تا ساڵی ١٩٨٥ی زایینی دا دەستم دایە وەرگێران. بە هۆی گرفت و هەڵپەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بەداخەوە بۆم نەکرا هەر لەو ساڵەدا تەواوی کەم. پاش چەند سال ئەو ئاواتەم هاتە دی و ئەم بەرهەمە نەمرەم بە نیازی خزمەتێکی چکۆلە بۆ ئەدەبیات و زمانی کوردی کردە کوردی،  و پێشکەشی ئەو کتێبخانەو زمانە مەزنەی دەکەم کە بە درێژەی تەمەنی خۆی سێبەری مەرگ و چارەنووسی بە زۆر مردنی بەسەردا زاڵ ببوەو ئێستاش هەر بەباوەڕ بە دۆزینەوەی ژیان کاروانی لە بزووتن و جوڵەدایە

جەلیل ئازادیخواز

## پەردەی یەکەم

گێڵگامێش خوای سەرزەوی، هەموو شتێک دەبینێ، لەگەڵ هەموو کەس ئاشنابوو، ئیش و توانای هەمووانی دەزانی، هەستی بە هەموو شتێ دەکرد، لە کرۆکی ژیانی مرۆڤدا بوو، ئاگاداری جووڵەو ئاکاریان بوو. ڕاز و حەشار دراوەکانی دەکردەوە، زۆر شتی بۆ ئاشکرا دەبوو. لە قووڵترین، دوورترین دەورە بێکۆتاییەکان شارەزابوو.

لەمەڕ ڕۆژگارانی ڕابردوو لە تۆفانی گەورە دەگەیی، سنوری ئەندێشەی دوورترین شوێنەکانی دەگرتەوە. ڕێگایەکی یەکجار دووری بڕی. سەرگەردانیەکەی پڕبوو لە ڕەنج و سەفەرەکەی پڕ تەنگەژە، سەختیەکانی تەمەنی هەمووی ڕەنج کێشانە، بە نووکی ئاسنینی خامە، ئاکارە گەورە و تەنگەژەکانی لەسەر بەرد

نوسرانەوە. گێڵگامێش، پاڵەوانی سەرکەوتوو، دەوران دەوری ئۆروک دەکاتە شووره، لە شاری ئەلتەداودا پەرەستگای پیرۆز، وەک کڵاوەی چیایەیک دەینواند، بناغەی پتەو و بەهێز، چما لە قورِقوشم سازدراوە. هەمباری گەنمی شار لە پشت ماڵە خۆشەکانی خوای ئاسمانەوە، زەوییەکی زۆری لەبەرگرتووە، کۆشکی شا بەڕووکای بەردینەوە بریقەی دێت، بە درێژی ڕۆژ پاسەوانان دەیپارێزن، سەرتاسەری شەویش هەروا.

گێڵگامێش، یەک سێهەمی مرۆڤەو دوو بەشەکەی تری خوایە، شارنشینان پەنجەگەزان چاودەبڕنە پەیکەری. لە هێزو جوانیدا جیهان بە خۆیەوەی نەدیوە، شێر لە لانە دەردێنێ و بە زامی تەورێ گیانی دەگرێ، بە زۆری کەمانی دەستی گای وەحشی دەکوژێ، لە هەموو شاردا وتەی یاسایە، هێزی ڕستەی بۆ لاوەکان لە فەرمانی باوک لەبەرترە. لاوان پێش هاتنە سنوری پیاوانەوە دەچنە خزمەت شوانی گەورەی شار، چ شکارچی و سوپایی، بۆ پارێزگاری گەل یان نیشتمان، بە نووسەری یان خایەمی پەرەستگاکان.

گێڵگامێش، ماندوونەناس، تەنگەژەکان شادی دەکەن. باسک بەهێز و گەورەیان، زانا و پیاوە ساڵ دیدەکان، بێ دەسەڵات و خاوەن هێزان، لاو و گەنجان، هەموو ئەبێ کاری بۆ بکەن. شکۆی ئۆروک لە هەر شارو لەهەر شوێنێک ئەبێ زیاتر بێ و بە شکۆتر بێ.

گێڵگامێش، دڵخواز لە دڵدار دادەبڕێ، کچی خاوەن دەسەڵات لە پاڵەوان دادەبڕێ، هەموو لە دەرگای خوایانی گەورە، لە دەرگای ئاسمان و خواکانی ئۆروک سکاڵا دەکەن گازە دەکەن.

ئێوە گای بەهێزی وەحشیتان خوڵقاندو شێری باڵ دارتان دروست کرد، ئەی خوای ئێمە، گێڵگامێش لەوان بەهێزترە؟ هاوتای خۆی نادۆزێتەوە، هێز و دەسەڵاتی بەسەرمانا یەک جار زۆرە، دڵخواز لە دڵدار دادەبڕێ، کچی خاوەن دەسەڵات لە پیاوی خۆی دادەبڕێ!

ئنۆ\ یەزدانی ئاسمان گۆیی لە ناڵەکانیان بوو بانگی ئوورو خوای پەیکەری کرد و ئاوەهای پێ وت:

ئەی ئورو بە یارمەتی مەردوخ پاڵەوان مرۆڤ و گیاندارت خوڵقان، ئێستا پەیکەرێ دروست بکە هاوتای گێڵگامێش. بەهێزبێت وەک خۆی و گیاندارێکی وەحشی نەبێ. بەوەختی خۆی ڕەوانەی ئوروک بێت و هاوشانی گێڵگامێش بکات تا ئاسایش بگەڕێتەوە ئوروک. ئوورو ئەمەی بیست لە خەیاڵی خۆیدا دروست کراوێکی خوڵقان وەک داواکەی خوای ئاسمان، دەستەکانی شۆری و خاکی گرتە دەست و بە تفی دایکی خوای خۆی تەڕ تەڕی کرد. ئەنکیدۆی خوڵقان لە خوێن و گیانی \نینیب\ خوای تورەیی شەڕ. ئێستا ئەنکیدۆ جەستەی مو پۆشیویەتی و تەنیا تەنیا لەبەرینی دەشتا وەستاوە. قژەکانی چین چین ڕژاونەتە خوارەوەو وەک ئافرەت دەنوێنێ. قژەکانی وەک مەزرای گەنم سەریان هەڵداوە. دابڕاو لە زەمین و مرۆڤ. پەیکەری بە پێستی گیانداران داپۆشراوە، وەها هەروەک [سوموکن] یەزدانی ئاژەڵ و مەزراکان. ئەنکیدۆ لەگەڵ ئاسکان لە مێرگێ دەڵەوەڕا، لە ئاو خۆرکەیە لەگەڵ گیاندارە نامۆ و گەوەرەکان ئاوی دەخواردەوە. لە ڕوباردا لەگەڵ هاژە و تەوژمی ئاودا دەکەوێتە مەلە. لەسەر ئاو خۆرکەکە شکارچیەک تەڵەی ناوەتەوە، ئەنکیدۆ ڕووبەڕوی دەوەستێ. پیاوێک ئەیویست

گەلەکەی ئاو بدات. یەکەم ڕۆژ و ڕۆژێتر و ڕۆژێتریش ئەنکیدۆ هەر لە قەراغ ئاو خۆرکەکە بەسامەوە ڕاوەستا بوو، ڕاوچی ئەدی و لە ڕواڵەتیا سەرسوڕمانی ئەخوێندەوە. گەلەکەی بەرەو گەوڕ دەباتەوە، تورەیی و داگیرسان لە سەرنجیا دەڕژانە خوار. لەتاو قەڵسی هەڵدەچێت و ئازار لە گیانیا جێ دەگرێ. بۆ ئەترسێ؟ ئەوەی دیبوی هەر لە دێو دەچێ؟

[[بابە، لە شاخە دوورەکانەوە پیاوێ هاتووە لە ڕۆڵەکانی ئینۆیە. بەهێز و بەتوانایە و دەشتەکانی لەبەر گرتوە، لەگەڵ گیاندارانی دەرو دەشتا لەسەر ئاوخۆرکەکەی ئێمە وەستاوە. ڕواڵەتێکی بەسامی هەیەو ناوێرم لەوێ نزیک ببمەوە. تەڵە چاڵەکەی پڕ کردۆتەوە، تۆڕەکانی گشت دڕیوە، پاریزگاری گیاندارەکان دەکاو لە داوەکانم دووریان دەخاتەوە]]

باوک بە کوڕە ڕاوچیەکەی وت؛

بڕۆ بۆ لای گێڵگامێش، توانایی مەزن و هێزی لەبڕان نەهاتووی ئەم گیاندارەی بۆ باس بکە. ئافرەتێکی شەنگ و لەبار، لەوانەی وا لە جوانیدا خۆیان ئەدەن بە ڕووی خوای جوانی و ئەویندا (ئیشتر) داوا بکەو لەگەڵ خۆت بیهێنە... ئەوسا بیبەرە سەر ئاو خۆرکەکەو ڕووتی کەرەوە، تا ئەم خوڵقاوە نامۆیە چێژی لێ بگرێ. هەر کە بیبینێ، دێت بۆ لای و لە گیاندارانی دەرەو شاخ دادەبڕێ کە ئێستا لەگەڵیان دەژی.

ڕاوچی قسەکانی باوکی بیست و ڕۆیی، ڕێگای ئوروکی گرتە بەر، بەرەو شار چوو، گەیشتە ئاستانەی شا و زەوی ماچ کرد، ئەوسا دەستی بەرز کردەوەو پێی وت، بە گێڵگامێشی وت: لە چیا و زەنوێرە دوورەکانەوە پیاوێ هاتووە، هێز و توانای ئاسمانیە و وڵاتی چیا و دەشتی داگرتووە. لاقەکانی بە توانا و ڕاهاتوون،

لەگەڵ گەلەدا لەسەر ئاو خۆرکەکە وەستاوەو سەیرکردنی ترسناکە. ناوێرم لێی نزیک بمەوە..

نایەڵێ داو و تەڵە دانێم. چاڵەکان پڕ دەکاتەوەو تۆڕەکانم ئەدڕێ. گیاندارانی دەشت و چیا ئەپارێزێ و دووریان دەخاتەوە.

پاشان گێڵگامێش پێی وت، بە ڕاوچی وت

ئەی ڕاوچی بڕۆ بۆ پەرەستگای پیرۆزی ئیشتر و ئافرەتێکی شەنگی لەبار لەگەڵ خۆت بەرەو بیبە بۆ لای. لەگەڵ گەلەدا هەرکە هاتە سەر ئاوخۆرکەکە، ئافرەتەکە ڕووت کەرەوە تا ئەو گیاندارە نامۆیە لەزەتی جەستەی بچێژێ. هەر کە بیبینێ دێت بۆ لای و لەگەلە و گیاندارانی کێوی دادەبڕێ. ڕاوچی قسەکانی گێڵگامێشی بیست و ڕۆیی لە پەرەستگای پیرۆزی ئیشتر ژنێکی جوانی لەگەڵ خۆی برد

لەگەل ئانەدا ڕێکەوتن، لە کورتترین ڕێگاوە هێستریان تاودا. ڕۆژی سێهەم گەیشتنە جێ و دابەزین. ژنە و ڕاوچیەکە لە نزیک ئاوخۆرکەکەوە دانیشتن. ڕۆژێک و دوانیتر هەر لەوێ مانەوە، ئێستا ئیتر گەلە هاتووەو خەریکە تێر ئاو دەبێ، گیاندارە ئاوییەکان خەریکی هەڵبەز و دابەز بوون. ئەنکیدۆ خوڵقای بەهێزی خوای ئاسمان لەوێیە. لەگەڵ ئاسکاندا لە گیای مێرگ دەخوات و لەگەڵ گیاندارانی گەورەدا لە یەک جێ ئاو دەخواتەوە. سەرمەست و شادمان بە هاژەی ئاو سەما دەکات.

ژنی پیرۆز بینی، خۆلقاوێکی نامۆ و مرۆڤێکی ئاسمانی دی، پیاوی چیا دوورەکانی بینی کە لەبەرینی دەشتا هەنگاوی دەنا، چوار دەوری خۆی ڕەچاو دەکا و نزیک دەبێتەوە. ئیتر ڕاوچی وتی: ئەی ژن ئێستا کەتانی سینەت بکەرەوە و زەنوێری ژیان وەدەرخە تا لە کوێستانی جەستەتا هەوار بخات. هەر کە بتبینێ

دێت بۆ لات، هەستی بجووڵێنەوە و ئارەزووی بێنە جۆش. بیخە داوی ژنانەتەوە تا لەم گەلە وەحشیە دابڕێ و نامۆ بێت. سنگی لە سینەت کەوێ دەچێتە خەوێکی قورسەوە و ئارام دەگرێ.

کەنیزی پیرۆزی خوا کەتانی سینەی کردەوە، کڵاوەی شادی وەدەرخست تاکو ئەو بیمژێ. داواکەی زانی و نەوەستا، ڕووت بوەوە. گیانداری نامۆ بینی و لە زەوی دا. ژنە هەستی جوڵاند و ئارەزووی هێنایەجۆش، خستیە ناو داوی ژنانەوە، ئێستا ئیتر سنگی لەسەر سینەی کەنیزی پیرۆزی خوا بوو. ئارام بوو، تەنیا بوون. شەش ڕۆژ و حەوت شەو ئەنکیدۆ لەگەڵ ئەو ژنەدا بوو، لە یەکتردا توابوونەوە. ئەوسا ئەنکیدۆ سەری بەرز کردەوە، سەرمەست لە شەرابی جوانی ژنە، سەیرێکی دەرو دەشتی کرد و چاوی بۆ گیانداران گێڕا. هەر کە ئاسکەکان دەیان بینی بە قونەو هەڵبەزینەوە لێ دوور دەکەتنەوە، ئێستا ئیتر گیانداران سڵیان لێ دەکردەوە.

ئەنکیدۆ سەری سوڕ ما، لە سەر جێگای وەک بەند کرابێ وشک بوو، بەرەو لای ژنە دەگەڕێتەوە، لە بەردەمیدا دانیشت، هێندە سەیری چاوەکانی دەکات، ژنە دێتە قسەو ئەو دەیبیستێ؛

ئەنکیدۆ تۆ زۆر قۆزی هەر لە خودایان دەچی، بۆ ئەتەوێ لە کێو و دەشتا لەگەڵ گیاندارانی وەحشیدا بژیت؟ لەگەڵ مندا وەرە بۆ ئوروک، بۆ شاری شوورە، بۆ پەرەستگای پیرۆز، بۆ ماڵی ئینو و ئیشتر، وەرە بۆ کۆشکی بەشکۆی گێڵگامێشی پاڵەوان. گێڵگامێشی بەهێز، وەک گای وەحشی بەدەسەڵاتە و فەرمان ڕەوایە، هاوتای نییە. هیچ کەس هاوتای ناکات. ژنە، ئەمانەی ئەوت و ئەو لە مۆسیقای دەنگی چێژی دەبرد.

ئەنکیدۆ بە کەنیزی ئیشتر دەڵێ:

هاوسەرم، هەستە بم بە بۆ ماڵی پیرۆزی ئینۆ و ئیشتر بۆ لای گێڵگامێشی بەهێز و پاڵەوان بۆ لای ئەو گا بەهێزە وەحشیە کە بە دەسەڵاتەوە بە سەر خەڵکا فەرمان ڕەوایی ئەکات. ئەمەوێ داوای لێ بکەم کە بێتە مەیدانم، ئەمەوێ هاوار بکەم لە هەموو کەس بەهێزترم. وا دێم، شار و چارەنووس دەگۆڕم. من ڕۆڵەی چیا و کێوم و قوڵایی ئەندامەکانم مەڵبەندی هێز و توانایە، ئەبێ بە چاوی خۆت ببینی کە چی ئەکەم؟! هەر لە ئێستاوە ئاگادارم و ئەزانم کە چی ڕوو ئەدات. ژنە و ئەنکیدۆ لە شوورەی شار تێدەپەڕن هەنگاو بە هەنگاو دەرگای شار جێ دێڵن. لە ڕێگاکاندا فەرشی ڕەنگاوڕەنگ داخراون و جەماوەر بە بەرگی سپی و سەری پەتیەوە لە هاتوو چۆدان. چەنگ لێ ئەدەن و دەنگی شمشاڵ دێت. شەوانەش هەروەک ڕۆژ جەژنێ گیراوە. کچان بە سەما و هەڵپەڕکێ بەزمەکەیان ڕازاندۆتەوە، شەرابی ژیان لە دەریای جەستەیاندا شەپۆل ئەدات. بە فریو و چاوبڕکێوە دڵخوازەکانیان بۆ جێژوان دەخوازن. ژنە لە پێشەوە بەرەو پەرەستگای ئیشتر هەنگاو دەنێ. لە بەرگەخانەی پیرۆز، بەرگێ دێنێ و ئەنکیدۆ دەڕازنێتەوە بۆ بەزم و گۆڤەند، بە نان و شەرابی پەرەستگا تێری دەکات و هێز لە دەمارەکانیا دەهووروژێنێ. ئافرەتێکی چاک و پیرۆز و پاک دێتە لای و لەمەڕ چارەنووسیەوە ئەڵێت؛

"ئەی ئەنکیدۆ، هیوام وایە خوای مەزن تەمەنی درێژت پێ ببەخشێ، نیازم هەیە گێڵگامێشت پێبناسێنم. پیاوێکە، تەنگەژە شاد و شادتری دەکات. ئەبێ ببینی. ڕوواڵەتی ببینی، چاوەکانی کانزای خۆرن و ئەدرۆشێنەوە، باڵای بەرزە و ماسوولکەکانی ئاسنینن، ئەندامی چاوگەی هێزە و گەورەترین هێز مل کەچ

دەکا. نە شەو ماندوویەتی دەناسێ و نە ڕۆژ. وەک 'ئدد' خوای هەورەبرووسکە ترسناک و تۆقێنەرە. شەمش یەزدانی خۆر خۆشی ئەویێت.\ ئەنا\ یەزدانی لایە قوولەکان ژیری پێدەبەخشێ. ئەم سێ خوایە کردویانەتە پادشا، وشیاری تیژتر دەکەن و ئەندێشەی پێدەبەخشن.

پێش ئەوەی لە دەشت بڕۆیت و لە چیاکانەوە ببێتە خوار، گێڵگامێش لە ئاوێنەی خەیاڵەکانی خۆیا، پێی زانیووی، لە ئوروک خەوە ڕۆیایەکی دیت و پاش هەستان وای بە دایکی ووت؛

دایە ئەم شەو خەوێکی یەکجار سەیرم دیوە. شاری ئەستێرەکان بە تاقی ئاسامانەوە ئەدرۆشانەوەو پاشان وەک سوپایەکی جەنگاوەر هێرشیان هێنابۆم، دوایی زانیم ئەم لەشکەرە تەنیا جەنگاوەرێکی دڵێرەو بەس. هێندە قورس بوو، شەپۆلی توانا و دەریای دەسەڵاتی خۆم وەگەڕ خستوو نەمتوانی لەزەوی بیبرم. زۆر هەوڵمدا هەڵیگرم بەڵام نەمتوانی هەتا بیلەرزێنم، جەماوەری ئوروک سەیری ئەم ڕووداوەیان ئەکرد و لەبەرامبەردیدا سەریان دائەنەواندو قاچیان ماچ دەکرد، پاشان تۆ کردت بە ڕۆڵەی خۆت و کردت بە برای من و لای منەوە دات نا. تەنیا[ ڕیشت خاتوون] خاتوونی دایک خەوپەرژین دەزانێ و بە کوڕەکەی بە شای ئوروکی وت؛

ئەمەی کە ئەستێرەکانت لە ئاسماندا دیوەو ئەمەی کە سوپای ئینۆ بە شێوەی پیاوێکی جەنگاوەر هێرشی هێناوەتە سەرت و تۆ هەوڵت دا هەڵی گریت بەڵام لەبەر قورسی نەت توانی و زۆر هەوڵت دا لە زەمین جیای کەیتەوە نەت توانی بیجووڵێنی. هەر وەک ژنێ لە ئامێز بگری، توند خۆتت پێوە نووساندو کەوتەبەر

پێی من وە من کردم بە کوڕی خۆم، خەوپەرژینێکی ئاوای هەیە. پاڵەوانێکی بەهێز کە هێز و توانایی بە قەد سوپایەکە دێت و داوای زۆرانت لێ دەکاو خوازیاری شەڕ دەبێ، تۆ سەر دەکەوێت و ئەو دەکەوێتە سەر پێی من و منیش بە کوڕی خۆم قەبوڵی دەکەم و ئەبێتە برای تۆ. لە شەردا یاوەرت ئەبێت و دەبێت بە هاوڕێی گیانیت.

ئەی ئەنکیدۆ بزانە کە خەوی گێڵگامێش شای ئوروک بەم جۆرەیەو خەو پەرژینی خاتوونی دایک بەم جۆرەیە. ژنی پیرۆز، ژنی داهاتووزان وای وت؛ و ئەنکیدۆ لە پەرەستگای پیرۆز و پڕشکۆ ئیشتر چووە دەرەوە.

## پەردەی دووەم

ئەنکیدۆ لە ڕاستی پەرەستگا تێپەڕ دەبێت و پێدەخاتە ناو شار، جەماوەر شاگەشکە دەکەن و کەیفیان پێ دێت. باڵای بەرز و مەزنی لە هەموو پاڵەوانانی شار بەرزتر و مەزنترە. سەر و ڕیشی هیچکات نەتاشیوە، لە چیاکانی ئنۆوە پاڵەوانێ هاتووە بۆ شار، ڕێگای پەرەستگای پیرۆزی لە پاڵەوانانی ئوروک گرتووە. پیاوان بەڕیز لەبەرامبەردیدا وەستاون، خەڵک ئاپۆرەی بەستووەو لە تاو سەرەنجی بەسامی ڕادەکەن. خەڵکی ئوروک وەک منداڵ لێی ئەترسن و قاچی ماچ دەکەن، جەماوەری ئوروک لە بەرامبەر ئەم خۆلقاوە نەبینراوەدا کوڕنوش دەبەن.

لە پەرەستگای پیرۆزدا بەرگی خەویان کردۆتەو بەر گێڵگامێش هەر وەک خواکان تا لەگەڵ ئیشتر یەزدانی زاین و جوانیدا بخەوێ. گێڵگامێش لە کۆشکەکەی دێتە دەرەوە. گێڵگامێش دێتە پێشەوەو ئەنکیدۆ دەرگای بەرزی پەرەستگای گرتووە، ڕێگا نادات گێڵگامێش بچێتە ژورەوەو دوو پاڵەوان

لەبەر دەرگای ماڵی پیرۆزدا بەیەکدا ئەگژێن. زۆران بازیان دەکێشێتە ڕاڕەوەکەوە.

ئەنکیدۆ وەک سوپایک کەوتۆتە وێزەی شوانی ئوروک، پاشای ئوروک هەر وەک ژنێ دەی گوشێت و وریدەچەرخێنێ کە خۆی بات بە سەریا. ئەی خاتە سەر دەست و بەرز فڕێی ئەداتە بەرپێی دایکی، جەماوەر پەنجە گەزان و واق و وڕماو لە هێزی گێڵگامێش دەڕوانن

ئەنکیدۆ بە قەڵسیەکی یەک جار زۆرەوە هەڵدەچێ و دەهوروژێ. قژی ئاڵۆزا بوو. لە چیاو کێوەوە هاتبوو. ئاگای تاشین و ڕازاندنەوەی نەدەزانی، ئەنکیدۆ لەبەرامبەرەکەی ورد ئەبێتەوەو ڕواڵەتی تێک دەچێ مۆن و تورە، دەستەکانی بەسەر لاقیا بەردەبنەوەو ماندوو و هیلاک چاوەکانی فرمێسک دەڕژن. ڕیشت، خاتوونی دایک، دەستەکانی ئەخاتە ناو دەستی خۆی. ڕیشت بە ئەنکیدۆ ئەڵێ: تۆ کوڕی منی، هەر ئەمڕۆ تۆم بووە، من دایکی تۆم، ئەوە براتە کە لە سەرەوە وەستاوە، ئەنکیدۆ زاری کردەوەو بە خاتوونی دایکی وت: دایە، برای خۆمم لە جەنگ و خەباتا دیەوە

گێڵگامێش بە ئەنکیدۆ وا دەڵێ؛

تۆ هاوڕێ و یاوەری منی! شان بە شانی من خەبات بکە!

ئنلیل خوای دەریاکان و خاک، خومبەبەی کردبوە پاسەوانی سدرەکان. دارستانی پیرۆزی خوداکان، تا خەڵکی لێ دوورخاتەوە. خومبەبە دەنگی وەک بروسکەی تۆفان بوو. بە شنەی کلکی دارەکان دەکەوتنە لەرەو هەناسەی بۆنی مەرگی لێ دەهات. هەرکەسێ بچێتە ئەوێ، بچێتە دارستانی سدر لەم پاسەوانە

ترسناکە دەترسا و دەسڵەمیەوە. هەرکەس لەو دارستانە نزیک دەکەوتەوە گیانی دەهاتە هەشۆکان

گێڵگامێش بەو، بە ئەنکیدۆی وت: خومبەبە پاسەوانی داستانی سدر، لە دەرگای شەمش خوای خۆرو داوەری گیانی مرۆیاندا، گەلێ تاوان دەکات. پارێزگاریی ئەو دارستانەیان پێسپاردوە، پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکشاوە. لە دارستان دەردەچێت و لە دەشت و مەزراکاندا مرۆڤەکان دەگرێ و ئازاریان ئەدات. هەروەک زریان، دارستان دێنێتە لەرزین و چەپۆکان، هەرکەس لە دارستان نزیکەوە بێت، گیانی دەگرێ. من ئەمەوێ ئەم خوڵقاوە ترسناکە لەناو بەرم، هاوڕێم نامانەوێ لە ئوروک بمێنینەوە، نیازمان وا نییە کە تەنیا لە پەرەستگای ئیشتردا بۆ زاو و زێ ژین بەرینە سەر، نیازمان وایە لە شەپۆلی کارەساتا مەلە کەین و داستانی کاردانەوەی پاڵەوانان بدۆزینەوە. ئەمەوێ پێکەوە لە سنگی زەوەیدا تاو بدەین، ئەنکیدۆ بە ئەو، بە هاوڕێی خۆی دەڵێ؛ خومبەبە ئەوەی کە بەرەو لای دەڕۆین، ئەبێ خوڵقاوێکی ترسناک بێت. تۆ ئەڵێی ئەندامی چاوگەی هێزە مەزنەکانە و ئەبێ ئێمە بچینە شەڕی.

گێلگامێش بە ئەو، بە ئەنکیدۆ دەڵێ؛

ئەی هاوڕێ، ئێمە دەڕۆین بەرەو دارستانی پیرۆز، لەگەڵ ئەو پاسەوانە، لەگڵ خومبەبە بە شەر دێین و دوژمنی خوایان و مرۆڤەکان خەڵتانی خوێن دەکەیەن.

## پەردەی سێیەم

ئەنکیدۆ پێ دەنێتە کۆشکی ڕازاوەی شا گێڵگامێش، دڵی تەنگەو گیراوە، وەک باڵەندەی ئەشق لە هەڵچوون و داچووندایە، تامەزرۆیی چیا و زەنوێرە، چنگی لە گیانی خستووە، کەسەری گیانی بە دەنگی بەرز ئەدرێکنێ، بە بێ ڕامان لە ئوروکەوە بەرەو زەنوێر و چیا تێی دەتەقەنێ.

گێڵگامێش پەریشانی هاورێێ ڕۆیشتووە. گێڵگامێش ڕادەپەڕێ، پیران و بەتەمەنانی هۆز بانگ دەکا. دەستی هەڵدەبڕێ و ئاوا دەڵێ، گوێتان لێ بێ و لێم ببیسن، غەمی ئەنکیدۆم لە دڵدایە و بۆ ئەو دەگریم، وەک ئافرەتی سەرشین بە ئاشکرا پرسە دەگێڕم، تەورزیێنی کەمەر و شمشێری قەد و گاسەری دەستم، ڕوناکی چاوم، ئەم شادی و بەرگەی ئێستام، ئەو هێز و بڕست و دلێریەی لە گیانما خۆیان حەشار داوە، بۆچی باشن؟ بۆ چیم دەوێن؟ دێوێک خۆی ڕاست کردوەتەوە. جامی شەرابی شادی کردومەتە پەیمانەی ژەهری مەینەتی. ئەنکیدۆ ڕۆی و هاوڕێم، هەڤالم لە دەرەوەیە لە ناو گیاندارانی دەر و دەشتا، ئەو ئەنکیدۆ، قسە بە ژنی پیرۆز دەڵێ کە فریوی داو

هێنای بۆ ئێرە، لە دەرگای شەمش خوای خۆر پاکانە دەکات و ئەپاڕێتەوە، ئەنکیدۆ شیاوی ڕاکشانی سەر باشترین قاڵی و ڕەنگاوڕەنگترین قاڵیە، ئەبێ لە کۆشکێکا لە پاڵ کۆشکی مندا بژی، دەرباری و گەورە پیاوان و ماقوڵانی گۆیزەوی پێی ماچ بکەن، ئەبێ خەلایەق بەردەستی بن. فەرمان ئەدەم لە پرسەیا ماتەم پۆش بن، بەرگی تازیە لەبەر بکەن، دڕاو و تۆزین، خۆم بەرگێ لە پێستی شێر لەبەر دەکەم و تاو ئەدەمە دەشت. لەوێ هەموو دەشت دەپشکنم

ئەنکیدۆ دەستی بەرز کردۆتەوە، تەنیا لە پانتایی دەشتا وەستاوە، ئەنکیدۆ نزای شکارچی دەکات و لە شەمش خوای خۆر دەپاڕێتەوە، ئەنکیدۆ ئەڵێ؛

ئەی شەمش تاوانباریی ڕاوچی بێ سزا مەهێڵەوە، ماڵی بە با دە، پیاوەتی لێ سێنەوە، با دێوان سزای بدەن و مار لە بەر پێی بڕوێ، ئەنکیدۆ بە جۆرێ نزای ڕاوچی دەکات کە ڕستەکانی لەکەف و کوڵی دڵیا هەڵدەقرچن. ئەو سا نزای ژنە دەکات و بە توندی و توڕەیی دەڵێ؛

ئەی ژن ئەمەوێ ئێستا چارەنووست هەڵبژێرم، یا ڕۆژگاری تەمەنت بێ کۆتایی بێت و ناڵە و هاوارەکانم بە ئاسمانی سەرتەوە بڕوێن، ماڵەکەت بە کۆڵتەوە بێت و لە بن دیوار هەڵ تروشکێی، لاقەکانت بۆ هەمیشە لاواز و بریندار بن، سواڵکەران و هەژاران، قاپیەوانان تفت لێ کەن، زلەت لێدەن، ئەوە منم وا برسیەتی ئازارم ئەدا. ناسۆری تینوویەتی گەرووم دەگوشێ، بۆ؟ چوونکە منت لە شیناوەردی خۆمەوە بۆ شورەی شار گواستەوە، بۆیە ئەبێ تۆ لەو شوێن بی.

شەمش خوای خۆری بەتین، دەنگی بیست، شەمش بە ئەو بە ئەنکیدۆی وت

ئەی ئەنکیدۆ پڵنگی بنار، بۆ نزای ژنی پیرۆز دەکەی؟ لە سفرەی خوایان خوانی بۆ دانای، بەو شێوەیەی کە بە خوایانی ئەدەن، ئەو شەرابی پێ دای بیخۆیتەوە، بە جۆرێ کە تەنیا شیاوی پادشایانە، ئەو بەرگی بەزم و کەمەربەندی ڕەزمی پێ بەخشیت. هاوڕێیەتی گێڵگامێشی مەزنی پێ بەخشیت.

ئێستا گێڵگامێشی مەزن هاوڕێتە، لەسەر فەرشە ڕەنگامەکان دات ئەنێ و ئەبێ لە لای چەپیدا لە کۆشکی بە شکۆدا دانیشیت. گەورە و مەزنیان قاچت ماچ دەکەن. هەموو خەڵک بۆ خزمەتت تەرخان دەکات. لە شوورەکانی شاری ئوروک دا ماتەمینیان بۆ گرتووی. لە شاردا لە ئوروک جەماوەر پرسەیان گرتووەو بەرگی دڕاو و تۆزاویان لەبەر دایە، شا گێڵگامێش پێستی شێری پۆشیوەو دەشتی گرتوەتە بەر. گێڵگامێش دەشتی گرتووەتە بەر بۆ دۆزینەوەت

ئەنکیدۆ دەنگی خوای بە دەسەڵاتی ئەبیست، گوێی لە دەنگی شەمش بوو، بە قسەکانی شەمش خوای بەتوانا دڵی ئارام بوو، هەورێک لە تۆز لە دووردەستی دەشتەوە هەڵدەستا. شەمش بە تیرێژێکی سپی ڕۆشنی دەکاتەوە

ئێستا گێڵگامێش کە پێستی شێری لە بەرە، وەک زێر دێت و ئەدرەوشێتەوە، گێڵگامێش لەگەل هاوڕێی خۆی ئەنکیدۆ، دەگەڕێتەوە ئوروک

گیانی ئەنکیدۆ کەوتوەتە ناو دەردو ئازارێکی تازەوە، ئەنکیدۆ هۆکارەکانی ئازار و کەسەری خۆی ئەدرکێنێ و بە هاوڕێکەی دەڵێ؛

شەوان خەوی خراپ و ناجۆر دەمگرنە بەر، ئاسمان هاواری دەکرد و زەوی دەلەرزا، من بە تەنیا چووبووم بە گژ خوڵقاوێکی ترس ێنەرا. ڕواڵەتی دێز و تاریک بوو، سەرەنجی لەشی دەسمیم، لە سەگی وێڵی بیابان ئەچوو کە ددانە کرێ بکەن. وەک لاشخۆر بوو، باڵی گەورەو چنگاڵی تیژ. بە توندی هەڵی گرتم و فڕێی دامە ئەشکەوتێکی تاریکەوە، فڕیی دامە لایە قوڵەکانی زەمینەوە، بە قورسایی چیایەکی مەزن، کەوت بە سەرما و جەستەم لێ بووبووە گاشە بەردێ. پاشان کردمییە دونێکی تر و بازوەکانی وەک باڵی پەڕەندە لێگیر کردم و پێی وتم؛

ئێستا بفڕە، بفڕە بەرەو قووڵترین قووڵاییەکان، بفڕە بۆ یانە تاریکەکان، بۆ ئەو شوێنەی کە ئکلیل خوای لایە تاریکەکانی زەوین لە سەر تەختی خۆی دانیشتووە، بفڕە بۆ ئەو یانەیە کە هەرکەس چووە نەهاتەوە، ڕۆیشتنی هەیەو هاتنەوەی هەرگیز نیە. بڕۆ بۆ ئەو ڕێگایە کە نە بە چەپا ڕێگای هەیە و نە بە ڕاستا. ئەوێ کە جەماوەری جگە لە تۆز و جگە لە خاک خۆراکێکیتریان نییە. وەک شەمشەمەکوێرە باڵیان هەیە و وەک بایەقوش پەڕ پۆشیوونی. ئەوێ کە تیرێژی تێ ناکەوێت و هەموو لە تاریکیدا دانیشتوون. پاشان لە کونێکەوە بەرەو قوڵترین قوڵاییەکانی زەوی گلۆر بوومەوە، لەوێ تاجی شایان فڕێ دابوو، ئەو حوکم ڕانانەی کە ڕۆژگارێکی دێرین و کۆن لەسەر ئەم زەوییە فەرمانیان ئەدا، لەوێ چەمابوونەوە. چوومە یانەی تاریکەوە، لەوێ هەموو چاکان و پاکان، پەیامبەران وجادووکاران بەیەکەوە لەیەک شوێنا کۆبوبوونەوە. خۆشەویستانی خوا گەورەکان، هەموو لەوێ بوون. ئەرشکیگل، خوای قوڵاییەکانی زەوینیش لەوێ بوو. لە بەرامبەریدا نوسەرێ چۆکی دادابوو، هەندێ ناوی لەسەر

ڕوپەڕێکی قوڕین دەنووسی و بە دەنگی بەرز ئەیخوێندەوە، ئەرشیکیگل سەری بەرز کردەوەو سەیری منی کردو بە نووسەرەکەی وت: لەو ڕوپەڕەدا ناوی ئەمیش بنووسەوە.

برام، ئەمە بوو خەوەکەی من. گێڵگامێش بە ئەو بە ئەنکیدۆی وت: تەورزێنەکەی خۆتم بەرێ، تەورزینەکەت بە نیازی گیانی پیسی مەرگ قوربانیکە، منیش ئاوێنەیەکی پیادادەکەم تا تاوی داهاتوو بەرەو دووری ڕاو بنێ. بەیانی بۆ ئوتوئیکی داوەری مەرگ و نەمان قوربانی دەکەین تا بەڵا حەوت جۆرەکانمان لێ دوور بخاتەوە

ڕۆژی دوایی، کات کازیوە. کە خۆر لیزگی خۆی داکێشا، شا گێڵگامێش دەرگای بەرزی پەرەستگای خستە سەر پشت کورسیەکە کە لە داری ئەلەمکو دروست کرابوو دەرهانی. لە پیاڵەیەکی بەردی سووردا، هەنگوێنی دانا، لە پیاڵەیەکی لە بەردی ئاوی ڕۆنی بۆنداری دانا، هەردوو پێوانەکەی خستە سەر کورسیەکە تا خوای خۆری بەتین بیان چێژێ

## پەردەی چوارەم

شەمش خوای خۆری بەتین، وای وت؛ بە گێڵگامێش

لەگەڵ هاوڕێکەت ڕێکەوەو لەگەڵ خومبەبە بە شەڕ بێن، کردویانە بە پاسەوانی دارستانی سدر. قوڕوقی لە داوێنی چیای خودایانەوە دەست پێ دەکات. خومبەبە لە ئاستانەی مندا زۆر تاوانبارە، ڕێکەون و خەڵتانی خوێنی کەن.!

گێڵگامێش گوێی لە وتەکانی خوا بوو، دلێر و جوامێرانی هۆزی بانگ کرد، لەگەڵ ئەنکیدۆ هاتنە تەلارەوە، گێڵگامێش وای وت؛ بە جوامێرانی هۆز

شەمش ئێمەی بانگ کردوە تا لەگەڵ خومبەبە بە شەڕ بێین. ئێوە و گەل ئاگادار بن، ئەوسا لە کۆڕی جوامێرانا پیرترینیان هەستایەوە بە گێڵگامێشی وت؛

شەمش هەمیشە خۆشەویستی خۆی،

گێڵگامێشی مەزنی پاراستوە. دەستە بەهێز و پارێزەرەکانی لێت دوور نین. خومبەبە پاسەوانی ئاکار پەستی دارستانی پیرۆز خوڵقاوێکی ترسناکە. شەمش کە تۆی بۆ جەنگ لەگەڵ ئەودا بانگ کردوە هاورێکەتی پێی بەخشیویتەوە با هەمیشە تەندروستت کات، ئەویش شان بە شانت ڕاوەستاوە. پارێزگاری گیانت دەکا، ئەی شای مەزن، تۆ ئەی شوانی ئێمە لەبەرامبەر دوژمندا پەنامانی. ئەوان جوامێرانی هۆز تەلاریان بە جێ هێلا.

گێڵگامێش بە ئەنکیدۆ وای وت: ئێستا دەچین بۆ پەرەستگای ئلکەمخ بۆ لای ژنی پیرۆز. با بڕۆین بۆ لای ڕیشت بۆ لای خاتوونی دایک، ئەو بەرچاوی ڕوونە و داهاتوو زانە، با بچین بۆ لای، با هەنگاوەکانمان فەڕین کات و چارەنوسمان بسپێرینە دەستە بەهێزەکانی یەزدانی خۆر.

دەچنە پەرەستگای ئلکەمخ و خاتوونی دایک و ئافرەتی پیرۆز دەبینن، ڕیشت دەنگی ڕۆڵەکەی دەبیسێ، بە ئەو بە گێڵگامێش وا دەڵێ؛

"میهرەبانی و خۆشەویستی شەمش لەگەڵت بێ" پاشان چووە بەرگەدانی پەرەستگاوە کە بەرگی شادی لەوێ بوو. لەگەڵ خۆی خشڵی پیرۆزی هانی و هاتەوە، بەرگی سپی پۆشیبوو، قەڵغانی لەسەر سینەو تاوەیەک بەسەرەوەو پیاڵەیەکی پڕ ئاوی بە دەستەوە بوو. ئاوەکەی بە زەویدا پاشی و چووە سەربانی پەرەستگا، لەو بەرزەوە بۆنی خۆش و بخوری دا بە لووتی ئاسمانا. گەنمی نەزریی پژاند و دەستەکانی ڕوو بە شەمش بەرز کردوە.

بۆ ڕوڵەمەت، گێڵگامێشت وا لێ کردوە؟ دڵێکت پێ داوە نەترس، هەتا تاوێ ئارام ناگرێ. ئەی شەمش جارێکیتر ئەوت هانداوەو هەڵتگیرساندوە، بۆ؟ چۆن ئەتەوێ ڕێگا دوور و پڕ

مەترسیەکان بگرێتە بەر، ئەو ڕێگایە کە کۆتاییەکەی لانەی خومبەبەیە. لەگەڵ جەنگاوەرێ ڕووبەڕو بێت کە نایناسێ، ئەبێ ئەو ڕێگایە تەی کات کە نەیدیوە. لەو ساتەوە کە گێڵگامێش ڕێگا دەگرێتە بەر تا ئەوکاتەی کە دێتەوە، تا ئەوکاتەی کە خومبەبەی تاوان بار دەشکێنێ، تا ئەو دەمەی ترس و هەراس ئەم مەڵبەندە بەجێدێڵێ، ئەی شەمش ژینت وابێ ئەگەر[ ئەیەی] دڵخوازت خواست ڕووت تێنەکاو لێت دوور بگرێ. تا بەم جۆرە ئەیە هاوژینی تۆ بتخاتە بیری گێڵگامێش. ژینت وابێ ئەیە بۆ ژوانی خۆی ڕێت پێ نەدا. تا دڵهۆشیار بیت و شاگێڵگامێش لەبیر نەکەی، تا سەر کەوێت و لەم نەبەردە بە سەلامەت بگەڕێتەوە.

بەم خۆرە ڕیشت خوای خۆری گازە دەکرد تا یارمەتی گێلگامێش بات، پاشان لەسەر بانی پەرەستگا هاتە خوارێ و ئەنکیدۆی بانگ کردو ئاوای پێوت: ئەی ئەنکیدۆ، تۆ شادی و ئارامیی منی، گێڵگامێشم بۆ بپارێزە، بۆ شەمش خوای مەزن و کوڕم گێڵگامێش قوربانی بکە.

بە جووت کەوتنەڕێ، بە جووت بەرەو باکور کەوتنەڕێ. کوێستانی کڵاوە بە تەم لە دوورەوە لێیان دیار بوو، تووله ڕێیەک دۆڵی تەنگی ئاستانەی خودایانی دەبەستەوە بە دارستانی سدرە پیرۆزەکانەوە، وەها کە تاپۆی دیمەنی دارستان لە ژێر ڕەکێفی چاوایانا بوو. خێوەتیان بە جێ هێشت و لە ئاستانەی خوایان نزیکتر بوونەوە. پاسەوانی خومبەبە لەوێ بوو. لەبەر دەرگا چاودێری دەکرد، دەرگا شەش جار دوانزە ئەرش بەرزە، دووجار دوانزە ئەرش پانە. بە ئەسپای و پەنامەکی لەدەرگەوان نزیک کەوتن. قاپیەوان لە ڕووپۆشە حەوت لایە جادوییەکەی تەنیا

یەکی لەبەر دایەو شەشی تری داکەندووە، ئێستا ئیتر ئەیان بینێ وەها وەک گایەکی وەحشی بۆڕەی لێ هەڵدەستێ. بەرەو ئەوان تاو ئەدات و بەقڕەو سام بە سەریانا دەنەڕێنێ: "وەرنە پێش تا بتان کەمە پاروی لاش خۆرێک" شەمش خوای بە بریقەی خۆری بەتین پارێزەری جوامێران بوو، تەلیسمی ڕوپۆشی دەرکەوانی لەناوبردو هەڵی وەشاند، نینیب خوای توڕەیی شەڕ، هێزی بەخشی بە بازویان، دێویان ڕمان، دەرکەوانی خومبەبەیان لە خوێن تلان.

ئەنکیدۆ دێتە قسەو زاری دەکاتەوە، بە گێلگامێش دەڵی؛

ئەی میهرەبان، ئیتر نامەوێ لە دارستاندا لە تاریکی دارەکاندا ڕێگا بکەین، ئەڵیی ئەندامەکانم وەستاوەن و دەستەکانم لە کار کەوتوون

گێڵگامێش بە ئەو بە ئەنکیدۆ دەڵێ:

بێ هیمەت و ترساو مەبە، خۆت لە پێ مەخە، ئەبێ لێرەش زیاتر ڕێگا بکەین ئەی هاوڕێکەم تا ڕووبەڕووی خومبەبە دەبینەوە، مەگەر ئێمە نەبووین قاپیەوانیمان سوور کرد؟ مەگەر ئێمە هەردوکمان جەنگاوەر نین؟ هەستە تا ڕووکەینە هەردی خودایان، گیان و ئەندامت بسپێرە شەمش تا ترست هەڵوەرێ و بڕەوێ، تا دەستەکانت بێنە گۆ، باوەرت بە خۆت بێ و ماڵ ئاوایی لە ترس بکە، هەستە ئەمانەوێ بەیەکەوە هەوڵ بدەین. شەمش خوای خۆرەتاو لەگەڵ مانە و هەر ئەو بۆ ئەم شەڕەی بانگ کردوین، مەرگ و نەمان لە بیر خۆت بەرەوە تا ترس و دڵەڕاوکێ لە بیرت چن، ئێستا ئیتر لەم دارستانەدا وریای خۆمان بین تا ئەو زۆرداره زەفەرمان پێ نەباو هێرشمان نەیەنێتە سەر. هەر ئەو خوایە، شەمش، کە تۆی لە شەری ئێستاماندا پاراست، وایە کە تۆ

دەگرێتە پەنای خۆی، وابێت کە لە وڵاتانی ئەم خاکە دابەزیوەدا ناومان بێنن.

پاشان هەردوو کەوتنە ڕێگا و چوونە دارستانی سدرە پیرۆزەکانەو، وەستا بوون و هەناسەیان دەرنەدەهات.

## پەردەی پێنجەم

لەوێ بێدەنگ وەستابوون، لە دارستان ڕامابوون، سەیری درەختە پیرۆزەکانی سدریان ئەکرد، لە بەرزی درەختەکان سەریان سوورِ مابوو، لە دارستان ڕادەمێنن و لەناو دارستاندا ڕێگایەک خۆی دەنوێنێ، ڕێگایەکی بەرین و پان کە خومبەبە بە هەنگاوی قورس و بە فیزەوە پیادا دەچێ. کۆمەڵێک توولە ڕێگا و ڕێگای تری تیا دروست بووە. لە دارستانی پیرۆزی خوایاندا، سنووربەندیی جوان جوانیان پێک هێناوە، لە کۆساری سدر پۆش ورد دەبنەوەو لە ئاستانەی خودایان و لە کڵاوەی بڵندەوە پەرەستگای پیرۆزی ئیونینی خۆی دەنوێنێ لە بەردەمیا درەختە سدرەکان چڕوپڕ بە شکۆوە ڕاوەستاون و نزاریان مەکۆ و پشووی ڕێبوارانە.

دارە سدرەکان گەش و سەر سەوز و بەشاشن، لە بنیاندا سەری درِک تێک ئاڵاون و باقە باقە گیای سەوزی تۆخ بە قەوزە پۆشراون. لاولاو و گوڵ لێک ئاڵاون. چڕییەکی قووڵ و نەفەس بریان خولْقاندووە. چوار کاتژمێر ڕێ دەبڕن، هەورازی ڕێ ملی هەڵدەبڕێ و توندتر دەبوو، نە جێ پێیەک لە خومبەبە دێتە چاو

و نه ئاکارێ. سەرپۆشی شەو دارستانی داپۆشیوە، ئەستێرەکان بە جریوەن و پاڵەوانان ڕاکشاون کە بچنە خەو.

ئەنکیدۆ بە گێڵگامێش ئاوا دەڵێ:

لێ گەرێ با ئێستا گەشتی دەرەکانی خەو بکەین.

شەو لە نیوە تێپەڕیبوو گێڵگامێش لە خەو هەستا، ئەنکیدۆی بە خەبەر هێنا و خەوەکانی بۆ گێڕاوە. خەوێکم دی هاوڕێ، خەوێ کە دیوومە بە ڕاستی ترسناکە. ئێمە، من و تۆ، ڕووبەڕووی کڵاوەی چیا وەستابووین، لەپڕ تاشە بەردێک کەوتە خوارەوە و بە تورەیی و هاوارەوە گلۆر بوەوە، لەسەر ڕێگای تلی خۆیا مرۆڤی دەپێچاوەو تێکی دەشکاند، ئێمەش، من و تۆ، وەک دوو مێشی زۆر چکۆلەی لێوار و دەشت ڕامان کردە سووچێکەوە و بەرەو ڕێگای شاری ئوروک ڕوومان نابوو.

ئەنکیدۆ بە شا گێڵگامێشی وت:

خەو پەرژینی خەوەکەی تۆ گەلێ چاکە، خەوەکەت جوان و خۆشە هاورێ، ئەمە کە دیت تاشە بەردێک گلۆر بووە و مرۆڤی تێک دەشکاند، خەو پەرژینی وایە کە ئێمە، من و تۆ، تاو ئەدەینە سەر خۆمبەبەو ئێسک و جەستەی تێک دەشکێنین و ڕۆژی دوایی لە کازیوەیدا ئەچینەوە بەرەو ئوروک.

سی فەرسەخێ ڕێیان بڕی، سی فەرسەخی ڕێکیان ژمارد، لە بەرامبەر خوای خۆرەتاودا چاڵێکیان کەند و دەستەکانیان بەرز کردەوە، نزایان کرد، پاشان گێڵگامێش چووە پاڵ تەپە خاکی دەردراوی سەر چاڵەکە، گەنمی وەشاندە چاڵەکەو چریکانی

"ئەی چیا، ڕوئیایەک بێنە، ئەی شەمش، گەورەی مەزن ڕوئیایەک بە گێڵگامێش نیشان بدە"

بەناو دارستاندا با یەکی tووندو سارد تێدەپەڕێ، زریانێکی لە بن هێنەر تێدەپەڕی، گێڵگامێش بە هاورێیەکەی وت: کە ڕاکشێ و خۆشی ڕاکشاو لە شەپۆلی زریان خۆی لادا. وەک داسی گەنم چەمایەوە، چۆکی دادا، ماندوو سەری خستە سەر جەستەی هاوڕێکەی، خەو بە قورسی دەسەڵاتی خۆی بەسەر گێڵگامێشدا چەمانەوە.

شەو لە نیوە تێپەڕی بوو وەخەبەرهات، بە هاوڕێکەی خۆی ئاوەهای وت:

ئایا تۆ بانگی منت کرد؟ ئەی چۆن خەبەرم بووەوە؟ ئەی دەست، ئەی دەستت ئەخستە سەر تەوێڵم؟ ئەی بۆچی وا بڕزکاوم؟ ئەی یەکێ لە خوایان لێرەوە تێپەڕ نەبووە؟ ئەی بۆچی ئەندامەکانم ئاوا سڕن؟ ئەی هاوڕێ، جارێکیتر ڕوئیایەک بۆ من دەرکەوت، جارێکیتر خەوێکی شوم لەسەر تابلۆی زهنم خۆی نوواند، ئاسمان هاواری دەکرد و زەمین لەوەڵامیا دەنگێ دەهات. بروسکەیەک بەرز بووەو ئاگری هەڵگیرسان، مەرگ دەباری، ڕۆشنایی ئاوا بوو، ئاگر کوژایەوە بروسکە لە چی دابوو خۆڵەمێش بوو، با تاوێکیتر ڕێگا بکەین و لەسەر فەرشی گەڵا وەریوەکانی بن درەختە سدرەکان سوور بخۆین و ڕاوێژێک بکەین.

ئەنکیدۆ پێی وت "ئەی گێڵگامێش بەڕاستی خەوەکەت بەرز و زۆر چاکە. لێکدانەوەکەی خۆشە و سەرکەوتنە. خومبەبە خەڵتانی خۆێن دەکەین هەرچەندە کە جەنگێکی دژوار دەبێ.

بە سەخڵەت و ئەستەم هەڵدەزنانە لووتکەی چیا، ئەوێ کە چڕیی دارە سدرەکان شکۆی ماڵی خوایانیان لە باوەش گرتووە، بارەگای پیرۆزێ ئیرنینی، خوای دارستان، سپی سپی تریفەی دێ و واق و وڕکەرە. دوو پاڵەوان بەهەردووکیان تەورێکیان پێبوو،

ئەنکیدۆ تەوری هەڵسووڕاند دارێکی گەورەی بڕی. لەپڕ دەنگێکی توند و توڕە شریخەی هات زڕایەوە. کێیە کە هاتووە و سدری پیری لە خاک خست؟ ئینجا خومبەبە سەری هەڵدا. بە پەنجەکانیەوە کە لە چنووڵی شێر دەچوون. جەستەیەکی پوولەکەیی مەفرەخ پۆش. پێ وەک چنگاڵی کەرکەس، شاخی وەک گای وەحشی بەسەرەوەن کلکی و ئەندامی زاوزێی ئاخرەکەی تۆپزێ بوو وەک سەری مار. ئەوسا شەمش خوای خۆرەتاو وای پێ وتن: "بچنە پێش و لە هیچ نەترسن". زریانێکی بەگێژ و خۆڵی لە بەردەمی خومبەبەدا هێنایە تاو، ئەو تاوخواردنە نە بۆ پێشەوە ڕێگای هەبوو نە بۆ دواوە. تیربارانیان بەستە جەستەی، جەستەی گەورەی مەکۆی تیر بوو. تیر ئەیدا لەو قیز و بیزەو دادەکەوتن بە بێ ئەوەی ئازارێکی پێ بگەینن.

ئێستا ئیتر پاسەوانی دارستانی سدری پیرۆز ڕوبەڕویان ڕاوەستاوە.

بە چنگاڵی وەک قوولاپێ ئەنکیدۆ دەگرێت. شا گێڵگامێش تەورزینێکی لێ دا، خومبەبە زامێکی قورسی لێکەوتووە، ئەکەوێتە باوەشی خاک. گێڵگامێش سەری دەبڕێ و لە جەستەی مەفرەخی دای دەبڕێ، ئەوسا لاشەی قورسی بەرەو پێدەشت ڕادەکێشن. فڕێی ئەدەنە بەردەم لاشەخۆرەکان. بەسەر دارێکەوە وەک درەوشی سەرکەوتن کەلەی شاخ لێ ڕواوی ئەکەنە سەر نێزەو بەرەو چیای خوایان ئەڕۆن.

تا سەرئەنجام چڕی بەشکۆی دارستان بە جێ دێڵن و دەچنە لووتکەی چیا. ئێستا دەنگێکەو لە چیاوە هەڵدەستێ. ئێستا دەنگی ئیرنینییە ک بە شکۆ دەزرڕێتەوە. ئەها بگەڕێنەوە، کارتان بە ئەنجام گەشتوە. ئێستا بۆ شار بۆ ئوروک بگەڕێنەوە کە

چاوەڕێی ئێوەیە. هیچ مرۆڤێک ناگاتە چیای پیرۆز و بۆی نییە پێی بخاتە ئەوەی کە بارگای خودایانی لێیە. هەرکەس خودایان ببینێ ئەبێ بمرێ. ئەوان گەڕانەوە، لە هەوراز و توولەڕێوە گەڕانەوە. لەگەڵ شێران بە جەنگ هاتن و پۆستەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە.

لە ڕۆژی یەک مانگی تەواو هاتنە شار. شا گێڵگامێش سەری خومبەبەی بەسەر نێزەی ڕاوەکەیەوە هەڵواسی بوو.

## پەردەی شەشەم

گێڵگامێش خۆی شۆرد، کەرەسەی جەنگی لابرد، قژەکانی کە لە پشتەوە تا سەر شانی داخزابوون شانە کرد. بەرگی نوێی پۆشی و کۆنەی داکەند. باڵاپۆشێکی کردەبەر، توونە پشتێنی لێ بەست. گێڵگامێش تاجی خۆی لەسەر ناو و کەمەرەی توونە بەست. بەڕاستی کە گێڵ گامیش جوان بوو. ئیشتر خوای ئەوین و زەوق سەیری ئەو، سەیری گێڵگامێشی ئەکرد. وەرە ئەی گێڵگامێش، وەرە یاری من بەو خۆشەویستم، هەوێنی خۆتم پێببەخشە و پیاوی من بە، من هاوسەری تۆ بم. کەژاوەیەکت بۆ ئامادە ئەکەم، کەژاوەیەک لە زێر و زیوی ئاسمانی، چەرخەکانی زێڕین و دەستەکانی بە جواهێر ڕازاوە بێت. هەموو ڕۆژێ جوانترین ئەسپ و بەهێزترین ئەسپەکان کەژاوەکەت جێبەجێ کەن. لەگەڵ بۆنی خۆشی سدرا بێرە یانەم. چۆن بێتە یانەی ئشق و پڕ لە فەڕم هەموو پاشاو جەنگاوەران پێت ماچ کەن. گەورە کەس و مەزنانی ئەم گۆی خاکە کوڕنشت بۆ دەهێنن، دڵت هەرچی دەخوازێ لە چیاو دەشت ئەبێ بۆت بیت. باجت بۆ بهێنن و مەڕەکانت دوو دوو بزێن. بزنەکانت سێ سێ بزێن. هێسترەکانت

بە باری گەنجەوە بێنەوە، ئەبێ ئەسپی کەژاوەکەت بەشکۆبێ وەکوو زریان و ڕەشەبا وەکوو بۆران و بروسکە بتاوێنێ.

گێڵگامێش بە ئیشتری زاڵمی وت:

چیت کەمە چ شتێکت کەم هێناوە؟ نان، یان خواردنێکی دیکەت کەم بوەتەوە؟ چیت ئەوێ تا بت دەمێ؟ شلە، یان شەربەتی خودایان؟ بەرگێ کە بەژنت داپۆشێ؟ زۆر جوانە، چاکە، ئێستا ڕازی داستانی فریودانت دەزرێنم.

داخوازی تۆ بە تاو و تین و خەستە. بەڵام دڵت بەفرەلۆیە و یانەی ساردی و بەستەڵەکە. بالوورەیێکی شاراوەیەو پروشەی بەفری لێدەبارێ. بۆسەیەکی خوێن داوایە و جوامێران و پاڵەوانان هەڵدەلووشێ. فیلێ کە جەهازی خۆی لە پشت دەخاتە خوار یا خووزەفتێ کە تیرێژدار دەسووتێنێ. کونەیەکە لە ژێر باڵی مەلەوانا کون کون دەبێ. بەردی بناغەی دیواری شار دەڕووخێنێ. یا پوزەوانەیەکە کە خاوەنەکەی توون توون دەگوشێ! کوا ئەو خوشەویستەی کە تۆ هەمیشە خۆشت بوێ؟ کوا ئەو شوانەی کە تۆ هەمیشە مەیلت لەسەری بێت. ئەبێ هەموو کارە ناپەسندو دزێوەکانی خۆت باش ببینی، ئێستا ئەمەوێ یەک بە یەک ئاکارەکانت بژمێرم. خوای بەهار تەموزی لاو ساڵ بە ساڵ بە دیار هاوارو ئێشەوە بەجێ دێڵی. شەیدای شوانکارەیەک بوویت بەرەنگامەییەوە، لێت دا باڵت شکان. لە دارستان ڕاوەستابوو جارجار هاواری ئەکرد جار "باڵم، باڵم" دڵت بە شێر دۆڕان بۆ؟ چوونکە بەران بە شەوقی سەرکەوتن تاو دەداتە دوژمنی خۆی. مەزەی تۆڵەو قامچیت ڕژانە زاری. ئاشقی کەڵەوانێکی بەهێزبوویت. هەموو ڕۆژێ بە دڵسۆزی گەنمی بۆ نەزر دەکردی و ئەو وەشان.

هەموو ڕۆژێ كارژیلەیەكی بۆ ئەكردیتە قوربانی. بەدار دەست لێت داو كردت بە گورگ. ئێستا شوانان كە نەوەی ئەون ڕاوی دەنێن و سەگەكانیان پێستی ئەكنەوە. هەروەها ئاشقی ئیشولەنو باخەوانی باوكی ئاسمانی خۆت ئنۆ بوویت.

هەروەخت ئەتویست خورمای تازەی بۆ دەهێنای، هەموو ڕۆژێ خوانەكەتی بە گوڵ ئەڕازاندەوە. تۆ عیشوەت بۆ دەكرد و فریووت ئەدا. پێت ئەو وت: وەرە ئیشولەنو ئەمەوێ لە نانی خوایان بخۆیت. دەست بێنەو لەگەڵ مندا لە میوە خۆشەكان بچێژە. ئیشولەنو ئەی وت چیت لێم دەوێ؟ مەگەر دایكم لە ماڵەوە نانی نەكردوەو من لێم نەخواردووە؟ كە ئێستا لە نانێ بخۆم كە هەوێنی لە ناو چوونمە. نانێ بخۆم كە دڕك و ئیسقانن و لە ژینم هەڵدەچەقن. وە تۆ كە ئەم قسانەت بیست وا هێرشت بۆ بردو بەدارەكەت دات بە سەریا كە كردت بەدڵەلەلویە كردتە گەووڕ. ئیشولەنو ئیتر ناچێ بۆ پەرەستگای پیرۆز، دەرگاكانی باخ بەڕوویا بەسراوون. ئەی ئیشتر، ئێستا ئەوینی منت ئەوێ؟ نیازت وایە ئەوەش بە من بكەی كە بەوانی ترت كردوە. كە ئیشتر گوێی لێبوو بە تووندی توڕەبوو. ئیشتر چوو بۆ ئاسمان بۆ لای باوكی ئاسمانی ئنووە و دایكی ئاسمانی ئنتوو وای پێ وتن. ئەی باوكی ئاسمانی، گێڵگامێش بە تووندی و بە ناشیرینی ڕەفتاری لەگەڵ كردم، لە ئاكارە ناشرینەكانم زۆری هەڵدا. ڕەفتاری لەگەڵم تووندو شەرم ئاوەربوو.

ئینۆ دەمی كردوەو بە ئیشتر وای وت:

ئێستا تۆ ئەوینی گێڵگامێشت ویستووە و

گێڵگامێش كارە دزێوەكانتی هەڵداوە. بەڕاستی جووڵانەوەی لەگەڵ تۆ شەرم ئاوەر بووە

ئیتر ئیشتر زاری کردوەو بە ئەو بە باوکی خۆی ئنۆ وای وت:
بابە گای ئاسمانیم بدەرێ تا گێڵگامێش تێک بشکێنێ. ئەگەر گام بۆ نەنێری و نەی سپێری پێم وادەکەم دەرگاکانی دۆزەخ دەشکێنم تا شەیاتین لە قوڵاییەکانی خاکەوە دەرپەڕن و ئەو کەسانەی کە لەمێژەوە مردون بگەڕێنەوە سەر زەوی و بەم خۆرە ڕێژەی مردوەکان لە زیندوەکان تێپەڕ بکات.
بەس ئنۆ بە کچە بەهێزەکەی وای وت:
ئەگەر من داواکەی تۆ ئەنجام بدەم حەوت ساڵ گرانی و برسێتییەکی یەکجار ئەستەم دادەکەوێ، ئایا بۆ مرۆڤ بە ڕادەی نیاز گەنمت هەنبار کردووە؟ ئایا بۆ گیاندار و ئاژەڵەکان بە حەدی نیاز سەوزە گیات ڕواندووە؟
ئیشتر بە باوکی دەڵێ: بە ڕادەی پێویست بۆ مرۆڤەکان گەنم هەنبار کردوە، بۆ ئاژەڵ و گیاندارەکان بە حەدی نیاز سەوزەو گژوگیام ڕواندووە. با حەوت ساڵی ئەستەم سەرهەڵ بدەن. هەنبارەکان بەس بۆ مرۆڤ و گیانداران. بە بێ دێر بوون گای ئاسمانیم بۆ بنێرە. ئەمەوێ نەعرەتەی هێرش بۆ سەر ئەو ببیسم
خوای باوک قسەکانی بیست و ویستی کچەکەی ئیشتری بە جێ هانی. گای ئاسمانی لە چیای خودایان بەڕەڵاکرد و بەرەو شاری ئوروک ڕەوانەی کرد. گەیانیە شار. گەیانیە ئوروک. ئێستا گای ئاسمانە، کە لە مەزراکان لە هەموو لا هێرش دێنێ. لە دەرەوەی شوورە بەرزەکانی ئوروک لە هەموو جێیە سەوزەو مەزراکان پێشێل دەکات. کلکی ئاورین لە ساتێکا سەد پیاو دەکووژێ. بەردەوام بە هێرش دەچێتە پێش. ئەنکیدۆ دەپەڕێتە گۆشەیەک و شاخەکانی بە دەست دەگرێ. گا بە تووڕەییەوە جارێکی تر تاو ئەداتێ. جارێکیتر ئەنکیدۆ دەچێتەوە مەیدانی و

بە خێرایی لەسەر ڕێیا خۆ لا ئەداو ئەستووری کلکی دەگرێ هەر لەم ساتەش شا گێڵگامێش تەورزینێک ئەدات لە شانی گای ئاسمان و لەگەڵ هاوارێکی پڕ ئازاردا دەکەوێ

ئێستا ئەنکیدۆیە کە بە گێڵگامێش دەڵێ:

ئێمە ناوی خۆمان نەمر کردو بەرز کردەوە. گای ئاسمانمان خەڵتانی خوێن کرد. وە گێڵگامێش وەک ڕاوچی لێزانی گای وەحشی لە ناو شاخەکانیەوە لە پشتەوە وا سەری لە جەستەی گەورەی کردوە کە گای ئاسمانیان کووشت. ئارامیان گرت. لەبەرامبەر شەمش خوای خۆرەتاودا چوونە کوڕنووش. کە هەستانەوە لە پاڵ شوورەی شاردا هەڵتروکان. ئیشتر لە سەر بڵندی شوورەی شارەوە دەرکەوت. بۆنە ژاوی شاتوک و نفرینی نارد.

وای لە تۆ ئەی گێڵگامێش کە سی جاران وای لە تۆ

مەرگ و نەمان ڕاپێچتکا. کە لەگەڵ مندا بوویتە دژ و گای ئاسمانت لە خوێن گەوزان. خاتوونی خودایان ئاوا نفرینی ئەکرد و ئەنکیدۆ هاواری ئەوی ئەبیست. بەس ئەو، ئەنکیدۆ ڕانێکی لە گای ئاسمان کردەوە تون بۆی هاوێشت و قیڕانی: ئەگەر تۆش دەکەویتە بەر دەستی من، منیش وەهام لە تۆ دەکرد و بە ڕێخۆڵەی ئەم گایەوە هەڵمەواسیت. ئیشتر کە کەنیزەکانی پەرەستگای خڕکردەوە، ژنان و هەموو تارەکەکانی عیشقیشی خڕکردەوە، پێشەوەرانی خڕکردوە. هەموویانی بەیەکەوە خڕکردوە، پێشەوەران بە ئشتیاق و تەعەجووب لە شاخی پێچاوپێچی مەزن وردبوونەوە، کە وەزنی هەریەک بەرامبەری سێجار بەردی لاجەوەردی دەکردو پێستی هەریەک بە ئەستووری دوو پەنجە بوو.

گێڵگامێش شەش سەد ڕەتڵ ڕۆن بە قەد جێگیری شاخەکانی بۆ ناوینی خوای پاڵ پشتی جۆی لەگەڵ دا کرد بە خێر. وە هەروەها شاخەکانی برد بۆ پەرەستگای تایبەتی ئەو، هەڵی واسین بە کورسی شاخودادا ئەوسا دەستیان لە ڕووباری فورات شۆری و بە سواری لە ڕێگاکانی ئوروک دا دەرکەوتن.

ئێستا خەڵکی ئوروک لە ئاپورەی پێشوازیدان و بە ئافەرین و بژییەوە لە سیمایان ورد دەبنەوە.

گێڵگامێش، بە کەنیزە سەماکەرەکانی کوشکی خۆت وت:

لەناو دەستەی پیاوەکاندا کێ قۆزترە؟

لەناو دەستەی پیاوەکاندا کێ لە گێڵگامێش سەروەرترە. گێڵگامێش کامەرانە و جەژنی شادی بەرێدەخات. ئاوازی نەی بەزمی چۆپی لە تالاری کۆشک هەڵدەستێ.

پاڵەوانان لە ناو بەرگی خەوا ئارامیان گرتووە...ئەنکیدۆ ئارامی گرتووە و لە تابلۆکانی خەو ڕادەمێنێ.

ئەنکیدۆ هەستاو ڕوئیای خەوەکانی بۆ گێڵگامێش ئەگێڕاوە وە ئەنکیدۆ بە گێڵگامێش ئاوای وت:

## پەردەی حەوتەم

گەورە خوایان چیان بەدەستەوەیە؟ خوایانی گەورە بۆ پیلانی لەناوچوونم دادەڕێژن؟ ئەی هاوڕێ؟ خەوێکی سەیرم دیوەو ئەنجامەکەی هەواڵی مەترسیەکی گەورە ئەدات.

هەڵۆیەک بە چنگاڵی مەفرەخیەوە فڕاندمی، چوار سەعات بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە، پاشان وتی: سەیری زەوی کە، چۆن دەنوێنێ؟ سەیری دەریاکە، چۆن دەنوێنێ؟ زەوی وەک چیایەک دەینواند و دەریا وەک ڕووبار، هەڵۆ هەروا دەفڕی، چواری دیکەش هەر بەرز بووە، ئەوسا وتی: بڕوانە زەوی و دەریا، بزانە چۆن دەنوێنن؟ زەوی باخێک بوو و دەریاش جۆگەلەی باخەوان

هەڵۆ چواری دیکەش هەر هەڵکشا. دیسان وتی: سەیری زەوی کە، چۆن دەنوێنێ و دەریا سەیرکە چۆن دەنوێنێ؟ زەوی خڕی نانێکی دەنواند و دەریاش تراویلکە. ئەوسا دوو سەعاتی دیکەش هەر هەڵکشا و بەری دام و داکەوتم. کەوتمە سەر زەوی

سەخت و ڕەق و جەستەم شکا، شێوەی خەوێ هات بەسەرما بە شلەژاوی و تاوە تاو و لەرزینەوە ڕاچڵەکیم

گێڵگامێش قسەکانی ئەنکیدۆی بیست چاوی تار بوو، سەرەنجی شڵەژاو و بە ئەنکیدۆی وا وت:

دێویەکی زەبەلاح ئەسیرت ئەکات، بەداخەوە خوایانی گەورە بڕیاری بەڵایەکیان داوە. تاوێ ئارام بەوە هاوڕێم! بە هێوەرییەوە تەوێڵت داخە.

ئەنکیدۆ هێوور بووە، ئارام ڕۆنیشت، شەیتانێ هات بۆ لای و ختووکەی داو لە مێشکیدا هێلانەی کرد. ئێستا ئەنکیدۆ لەگەل دەرگا قسە دەکات بەو شێوەیەی لەگەل مرۆڤ قسە دەکات.

ئەی دەروازەی باخ، ئەی دەرگای کوێستانی سدر، تۆ زانین و بینینت نییە. چل فەرسەخ بە چوار دەورا هەر ڕام ئەکرد تا داری تۆم بەدەست هانی. تا سدری سەوزم دۆزییەوە، تۆ لە دارێکی چاک و مەزنی. باڵات هەفتاوو دوو ئەرش بەرزە. پانتاییەکەت لە بیست و چوار ئەرش تێدەپەڕێ. درزەکانیان لە تاریکی سەخت ئاخنیوی. سەر دەرەکەت کمانەیەکی یەک جار جوانە. ئەمیرێکی وولاتی ئیسپ پور دروستی کردویت. ئەگەر ئەمزانی کە ئەبیتە بەڵا و جوانی و ڕازاوەیت لەناوم ئەبا، تەورم هەڵدەگرت و وردم دەکردی. پەرژینێکی قامیشم لێ دروست ئەکردی

گێڵگامێش بە هاوار و توڕەییەوە بە ئەنکیدۆ ئەڵێ:

ئەی هاوڕێ، هاوڕێی دەشت و چیا و هەڵدێرم. هاوڕێی تەنگەژەو دژواری و مەترسیم. ئەی هاوڕێ خەوەکەت بەڕاست دەگەڕێ، چارەنووس وەرناگێڕێ و ناگۆڕدرێت.

هەر لەو ڕۆژەوە کە تابلۆکانی خەوەکەی بینی، چارەنووسی ئەم خەوە دەستی کرد بەسەرهەڵدان.

ئێستا ئەنکیدۆیە کە نەخۆش کەوتووە، ئێستا ئەنکیدۆ لە ناو نوێنی خەوا کەوتووە

ڕۆژێک و ڕۆژێکی تریش وڕاوە و تاو ئەی گرنە بەر. سێیەم ڕۆژو چوارهەم ڕۆژیش کەوتووە خەوتووە. ڕۆژی پێنجەم و شەشەم ڕۆژ و ڕۆژی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم، دەهەمیش. ئەنکیدۆ هەر کەوتووە و ئازارەکەی لە زیاد بوونە. ڕۆژی یانزەهەم و دوانزەهەمین ڕۆژیش ئەنکیدۆ لە گەرمای تاو دەناڵێنێ

بانگ لە هاورێ و هاودەمی خۆی گێڵگامێش دەکات و ئەڵێ:

ئەی هاوڕێ خوا ئاوی ژیانی منی نفرین کرددوە، لە مەیدانی جەنگا نەکەوتوومەتە خاک و بەرەو باوەشی مەرگ نەچووم. ئەبێ مەرگیکێ بە شانازی هەڵبژێرم

## پەردەی هەشتەم

لەگەڵ کازیوە و لیزگی یەکەم تیشکا گێڵگامێش هەستاو خۆی گەیاندە ژور سەری هاوڕێکەی. ئەنکیدۆ ئارام خەوتبوو، بە ئارامی هەناسەی ئەداو سنگی بەرز و نزم ئەبووەوە، تیرێژەکانی گیان هێد هێدی لە زاریەوە هەڵدەفڕن.

گێڵگامێش گریا و وتی:

ئەنکیدۆ هاوڕێی لاوم، هێز و دەنگت چیان لێ هات، لە کوێ بە جێ ماون؟ لە هێز و دەسەڵاتا وەک شێر و گای وەحشی بوویت! چوست و چالاک وەک ئاسکی پێدەشت بوویت. وەها وەک برا خۆشم ئەویستی. لەبەرامبەر هەموو پادشاهانەوە لام بەرزتر بوویت. هەموو ژنە جوانەکانی شاری ئوروک تۆیان دەویست. بە ڕۆژ و شەو لەگەڵتا بووم، لەگەڵ تۆ ڕێگای دارستانی سدرم گرتەبەر. سەری خومبەبەت لەگەڵ منا تۆ هێنا بۆ ئوروکی

شووره کێشراو و کە چیانشینانی زۆر لێکراو بەدەستی دێو بێ پسانەوە دۆعامان بۆ دەکەن. ئێمە گای بە تەنورەی ئاسمانمان خەڵتانی خوێن کرد.

ڕەنگە کلکە ژاراوییەکەی لێی دابیت. ڕەنگە لای خودایان پەسەند نەکەوتبێ کە ئێمە بە توڕەییەوە توانجمان گرتە ئیشتر و ئەو گایەی کە لە ئاسمانەوە بەریان دابوو لەناومان برد.

پاشان گێڵگامێش سەعاتێ بێدەنگ لە ژور سەری هاوڕێکەیەوە هەڵتروکا و ئیتر لە دەرەوە لە تاراووگە دوورەکانا سەرگەردان بوو.

ئەوسا سەیری ئەنکیدۆی کرد، ئەنکیدۆ هەروا ئارام و بێ جووڵە بوو، ئەنکیدۆ ئارام خەوتبوو، گێڵگامێش وتی:

ئەنکیدۆ یار و هاوڕێی سالآنی لاویم، ئێستا پڵنگی دەشت لێرە خەوتووە. ئەوەی کە لە هیچ شتێ درێغێ نەکرد تا لە چیای یەزدانەکان سەر کەوتین، تا گای توڕەی ئاسمانمان گرتوو خەڵتانمان کرد، تا خومبەبەمان هێنیایە سەر چۆک و کوشتمان. ئەوەی کە لە دارستانی سدری خوایانا دەژیا و بە خەڵکی دیار ستەمی ئەکرد. ئێستا ئەم خەوە قورسە چیە فڕاندویەتی؟ ئەی هاوڕێ بە تەواوی ڕەش دا گەڕاوی و ئەڵێ ئیتر هاورام نابیسی؟

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەو، ئەنکیدۆ چاوەکانی ناکاتەوە. گێڵگامێش دەست دەخاتە سەر دڵی ئەو، دڵی ئەنکیدۆ لە لێدان وەستاوە.

ئیتر گێڵگامێش دایپۆشی چۆن نۆبوکان دەڕازێننەوە وا دایپۆشی. هاوڕێکەی داپۆشی. ئەنکیدۆی داپۆشی، وەک شێر دەینەڕان و وەک مێ شێرێکی برین بەلەش بانگی گریانی بەردا.

قژەکانی ڕەنینەوەو لە بن کەندی، بەرگی دڕی و جلی کۆنەو تۆز لێنیشتووی پیس و شینی کردە بەری و لەگەڵ یەکەم ئەنگوتنی لیزگ و تیرێژ، گێڵگامێش شیوەنی دەست پێ کردەوە.

شەش ڕۆژ و شەو بەسەریەوە بەسەر تەرمی ئەنکیدۆوە شینی گێڕا. تا تاپۆی حەوتەمین ڕۆژ دای لەسەر کەل، تا ئەم کاتە هێشتا بە خاکی نەسپاردبوو.

گێڵگامێش ڕۆژی حەوتەم ئەی- ئەنکیدۆی دایە دەست خاک.

ئێستە ئیتر ئەوە شاگێڵگامێشە کە ئوروکی شوورە کێشراو بەجێ دێڵێ و بەدەم شیوەنی کۆستەوە بۆ دەرەوە بۆ دڵی دەشت بە تاو دەجمێت.

ئایا ئەگەر منیش بمرم وەها وەک ئەنکیدۆم بە سەر نایە؟ ئازار کەوتە دڵمەوە هەراسی مەرگ دایپۆشیووم، بەس بەرەو دەشت تام و هێنا.

لە دەرەوەی شاری ئوروک شکارچیە تەڵەی بۆ شێر دادەنا. کە گێڵگامێش دەگاتە ئەوێ، ڕاوچی بە ئەو بە شاگێڵگامێش ئاوا دەڵێ:

ئەوی خوا ئاسای پایە بڵند، تۆ یاسەوەڵی ئاکار پیسی دارستانەکەت کوشت. خومبەبە کە لە دارستانەکانی سدر و چیا فەرمان ڕەوایی ئەکرد تۆ لە ناوت برد. نەڕە شێرانت شکاند و گای وەحشی ئاسمان کە خوای ئاسمان تاوی دابوو تۆ بە شمشێر کوشتت. بۆچی و لە بەر چی وا ڕواڵەتت زەرد هەڵگەڕاوەو سیمات ماتەم پۆشیویەتی؟ بۆ هاوار و شینت بەرزە و دڵت گیراوی دەستی خەمە؟ بۆ وەک ئاوارەی ڕێگا و هەورازە دوورەکان ئەنوێنی؟ بۆچی سیمات لەبەر خۆرو لێزمەی باران و

تەوژمی باهەڵقرچاوە؟ بۆ وابێ مدارا کێلگەو مەزرات داوەتە بەر؟

گێڵگامێش دێتە گۆ بە ئەو بە ڕاوچی ئاوا دەڵێ:

هاوڕێکەم، ئەو کەسەی کە وەکوو بەران ئامادە بوو لەگەڵما مابوو، پلنگی دەشت، هاوڕێکەم ئەنکیدۆ، ئەو کەسەی کە هیچ دریغی نەکرد، لە هەورازی خوایان وەسەرکەوتین و گای ئاسمانیمان خەڵتانی خوێن کرد، تا خومبەبەمان لە کوێستانی سدرەکانا خوێناوی کردو لەدەرە تاریک و تەنگەکانا شێرانمان کوشت، هاوڕێکەم، هاوڕێی تەنگەژەو دژواریەکانم، بەشی مرۆیانی پێ گەیشتووە، شەش شەو و ڕۆژ بەسەر جەستەیا گریام، تا حەوتەمین دامە دەست جاک، چارەنووسی زۆر بە ئەستەم لە گیانمدا شکاوەتەوە، بۆیە تاوم داوەتە دەر و دەشت، تا لە مەڵبەندە دوورەکانا بیدۆزمەوە چۆن ئەتوانم ئارام بگرم؟ چۆن دڵ غەمین نەبم و هاواری شین هەڵنەبڕم؟ هاوڕێکەم! ئەو کەسەی کە خۆشم ئەوێ بووە بە خۆڵ. ئەنکیدۆ، هاوڕێکەم، بووەتە خاکی ڕوس، ئایا نابێ منیش ئارام بگرم؟ ئایا نابێ منیش هەرگیز تاکوو ئەبەد هەڵنەسمەوە؟

## پەردەی نۆهەم

گێڵگامێش بە تاو بۆ ئەنکیدۆ ئەگری و وەکوو بۆران بە سەحرادا تێدەپەڕێ. ئەو، گێڵگامێش، لە خۆیا ئەندێشە دەکات:

ئایا منیش وەک ئەنکدیۆ نامرم؟ ئازار دڵمی داگرتووە، هەراسی مەرگ گیانی لێوڕێژ کردووم. ئێستا لە نێوەندەی دەشتەکاندا سەرگەردانم، پێم ناوەتە ڕێگایە کە بەرەو ئوتنەپێشتیم ڕام دەکێشێ. ئەوەی کە ژیانی هەتا هەتای چنگ کەوتووە، ئەڕۆم تا دەی گەمێ. شەوانە گەشتمە دەربەندەکان و شێرانم دی، گیانم کەوتە مەترسییەوە و ترس دای گرتم.

بە زەبوونی سەرم بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو ئێستا نزاکانمە لە بارگای سین خواوەندی مانگ وە بەرەو بارگای نین ئوروم خاتوونی بورجی ژیان، ئەوەی کە لەناو خودایانا بە تریفەیە، ژیانم لە کارەساتەکان و مەترسیەکان بپارێزن

گێڵگامێش ماندوو و هیلاک فەرشی زەوی کردویتە خەو، نیوەشەوان ڕازی خەوێکی بۆ ئاشکرا بوو، لە خەودا دی بێچووە شێرێ سەرمەست و شاد پڕ لە ژیان یاری دەکا و هەڵبەز و دابەزیەتی. گێڵگامێش، تەورزێنەکەی لە پاڵ خۆیا هەڵگرت دەستی بەرز کردەوە، خەنجەری لە کێلان هەڵکێشا بەردێکی تیژی شێوە تیردان، لەبەینیاندا کەوتە خوارەوەو زەمین قڵیشێکی گەورەی تێ کەوت و ئەو درە گەورە گێڵگامێشی هەڵ لووشی: گێڵگامێش لە ترسانا ڕاچڵەکی و ئەوێی بە چێ هێشت بەرەو جێیەکی تر چوو.

ڕۆژی دواتر هەر کە تیشکی خۆر ئەنگوت، گێڵگامێش ڕوبەڕوی خۆی بۆ سەرەوە چاوی هەڵخست، بەرامبەر خۆی کوێستانێکی یەک جار مەزنی دی. ئەوێ کوێستانێ بوو کەپێیان دەوت مشو. ئەوێ دوو لوتکەیە کە کڵاوەیان لە سنگی ئاسمان دەسووێ، لە نێوانی دەرەی ئەو دوو لوتکەوە کەوانەی دەرگای خۆرەو خۆر لە وێوە چاو هەڵدێنی و بەرز دەڕوانێت و هەڵدێ. دوو دێو یەکێ نێر و یەکی مێیینە لە دەرگای خۆر کە بە ڕووی ئاسامانا دەکرێتەوە چاو دێری دەکەن، جەستەیان لە پشتووێنەگە بەرەو ژووری بە دەرەوەیەو لە پشتوێنە بەرەو خواریان کە وەک دووپشک وایە لە جیهانی ژێر خاکدایە. دیمەنیان ترسناکەو چاو پێکەوتنیان پڕ لە ترسە. لە سەرەنجیان مەرگ دەبارێ. بروسکەی چاوە دزیوەکانیان کڵاوەی چیا بەرەو چەم دەڕووخێنێ.

گێڵگامێش چاوی پێیان کەوت و وشک بوو، لە جێگای خۆی هەنگاوەکانی چەقین. ڕواڵەتی لە ترس و بێزاری تێر بوو. دەنگی دایە بەر خۆی و غیرەتی نواند و لەبەرامبەریاندا وەستا. دووپشکی نێربانگی مێکەی خۆی کرد جووتەکەی خۆی بانگ

کرد و وای پێوت: "پیاوێ کە بەرەو لای ئێمە دێت بە ئەندام و قەوارە و گۆشت وەک خوایانە.

مێینەکە لە وەڵامی ئەودا، لە وەڵامی نێرەکەی خۆی ئاوەهای وت: بەڵێ دوو بەشی ئەو لە خوایانەو سێیەمەکەی لە مرۆیان

دووپشکی نێر بانگی بەرداو بە ئەو، بە یاری خوایان بە گێڵگامێش ئاوەها دەڵێ

ڕێگەیەکی زۆر درێژ و زۆر دژوارت تەی کردووە، ئەی هەردەگێڵ تاکو ئێستاکە کە گەیشتوویتە ئێرە لای من، لە کوێستانانێ تێ پەڕیوی کە تێپەڕبوونیان زۆر ئە ستەمە، ئەمەوێ لە مەبەستی تۆ تێبگەم بۆ کوێ ئەڕۆی، ئێرە دوا مەڵبەندە، بۆ هەردەگێڵ! ئەمەوێ لە ئامانجی سەفەرت بگەم؟

جا گێڵگامێش لە وەڵامی ئەودا، لە وەڵامی دووپشکدا ئاوەهای وت:

من داخی ئەنکیدۆم لە دڵدایە، من داخی ئەنکیدۆی هاوڕێم و پڵنگی دەشتم بە کۆڵەوەیە. بەشی مرۆیانی پێ گەیووە...ئێستا ترسی مردن لە گیانمایە، لەو ڕۆژەوە لە دڵی ئەم دەشت و دەرەدا سەرگەردانم. چارەنووسی ئەنکیدۆ بۆ من زۆر گران و دژوار شکاوەتەوە. هاوڕێکەم بووەتە خۆڵ، ئەو کەسەی کە خۆشم ئەویست ئەنکیدۆ هاوڕێکەم وەک خاکی ڕوسی ئەم زەوینەی لێ هاتووە. لە بەر ئەوە سەرم ناوە بە چیاوە و تا لای تۆ هاتووم. ئەندێشەم کرد کە بڕۆم بۆ دنیای گەورەی خۆم بۆ لای ئوتنەپێشتیم. تا ئەوێ، چونکە ئەو گەشتە جەرگەی خودایان بوو بە ئەوان. هێندە گەڕا تا ژیانی بێ کۆتایی وەدەست هانی. نیازم وایە بچمە لای ئەو و ڕازی مردن و ژین بپرسم.

نێرینە دووپشک دەمی کردەوەو بە ئەو بە گێڵگامێشی وت:

ئەی گێڵگامێش، هیچ کەس لە ئادەمیان ڕێی نەکەوتۆتە ئەم کوێستانەوە. هیچ کەس پێی نەخستۆتە ئەم کوێستانەوە. ئێستا دەرەیەکی قوڵ کە دوانزە سەعات دوو جار بە ناو چیاکانی ئاسماندا تێ دەپەڕێ و تاریکیەکەی ئەنگوستە چاوە. لەم قوڵیەدا و لەم ڕێگایەی بەردەمتا هەرگیز ڕۆشنایی نیە. ئەم ڕێگایە دەچێتە سەر چاوگی هەڵهاتنی خۆرو بەرەو ڕۆژئاوای دەگەڕێتەوە، ئێمە چاودێرانی ئەم ڕێگە یەکجار تاریکەین و چاودێری ئەم دەرە قوڵەین، لە پشت چیاکانەوە دەریالووشێکە خاکی زەوینی گەمارۆ داوە. هیچ کەس و هیچ کات لەم دەرە تاریکە کەسێ تێپەڕ نەبووە. لە پشت دەرگای خۆرەوە بارەگای باوانی تۆیە، ئاستانەی ئوتنەپێشتیم لێرە دوورە، سەر بە گوێی ڕووبارەوەیە، لەوبەری ئاوەکانی مەرگەوەیە، بۆیە هیچ پاپۆڕێک نییەو نات پەڕێنێتەوە.

گێڵگامێش گوێی لە دەنگی دێوبوو. بەس گێڵگامێش بە ئەو بە چاودێری دەرگای هەتاو ئاوەهای وت:

ڕێگای من بە ئازارەکاندا تێدەپەڕێ، ئازاری ترس هێنەرو کەسەر بەشی منە، ئایا دەبێ بە شیوەن و چەمەری کاروانی تەمەنم بەڕێکەم؟ لێمگەڕێ کە پێ بخەمە کوێستانەوە، تا چاوم بە ئوتنەپێشتیم بکەوێ و ڕازی ژینی لێ پرسم. چونکە ئەو ئەم گرێیەی کردۆتەوە، لێمگەڕێ با تێپەڕم، با منیش ڕازی ژیانی بەردەوام بە دەست بێنم.

جا دووپشک بە ئەو بە گێڵگامێش ئاوەهای وت:

ئەی گێڵگامێش، تۆ دلێری، دەسەڵات و توانای تۆ زۆر مەزنە، بەس بڕۆ، سەربەرز و بێباک ڕێگا بدۆزەرەوەو ڕێگا بگرە، کوێستانی مشۆ لە هەموو چیاکانی سەر گۆی زەوی مەزنترە، لە

دڵی ئەم کوێستانەدا دەرەیەک هەیە یەکجار قووڵ و تاریک، بە سەلامەت لەم ڕێگایە تێپەڕببی، دەرگای هەتاوە کە ئێمە چاودێری دەکەین بۆ تۆ کراوە بێت

ئەوسا گێڵگامێش ئەم قسانەی هەموو ئەبیست. ئیتر گێڵ گامێش ملی ڕێی گرت. بە ڕێگایەکدا ئەڕوات کە دەچێتە سەر هەڵهاتنی هەتاو. چوو دوو سەعات ڕێگای بڕی، بە دەربەندی تاریک گەیی، تاریکی یەکجار خەست بوو، بە هیچ جۆرێ لە ڕۆشەنایی نیشانەیە دەر نەدەکەوت، ... لە بەردەم خۆیدا هیچی نە ئەدی و لە پاشەوەش هەر هیچ نابینێ. بەس پێنج سەعات دووجار لە دەربەندی تاریکیدا هەنگاوی نا، تاریکی یەکجار خەست بوو، ڕۆشنایی بە هیچ جۆرێ بە دەرنەدەکەوت. بەردەمی خۆی نەئەبینی و پاشیش هەروا

بەس شەش سەعات دوو جار لە دەربەندی تاریکیدا دیسان ڕێی کرد، تاریکی یەکجار خەست بوو، ڕۆشنایی بە هیچ جۆرێ بە دەرنەدەکەوت. بەردەمی خۆی نەئەبینی و پاشیش هەروا.

بەس هەم دیسان حەوت سەعات دووجار ڕێگای دەربەندی تاریکی تەی کرد، تاریکی یەکجار خەست بوو، ڕۆشنایی بە هیچ جۆرێ بە دەرنەدەکەوت. بەردەمی خۆی نەئەبینی و پاشیش هەروا.

دیسانەوە هەشت سەعات دووجار لە ڕێگای دەربەندی تاریکیدا ڕێگای بڕی، بە دەنگی بەرز هاوار دەکا و تاریکی یەکجار خەستە و ڕۆشنایی بە هیچ جۆرێ دەرناکەوێ. تاریکی مەودای نە ئەدا کە بزانێ چی لە بەر دەمیدایە و چی لە پشت سەریەوەیەتی.

نۆ سەعات دووجار لە ڕێگای دەربەندی تاریکیدا ڕێگای بڕی، ئێستا هەست بە بزووتنی هەوا دەکا. باڵای چەماوەتەوەو سەری بە پێش دا کەوتووە. تاریکی یەکجار خەستە، ڕۆشنایی بە هیچ جۆرێ دەر نەدەکەوت. دیسانەوە دە سەعات دووجاریتر لە دەربەندی تاریکیدا دیسان ڕۆیی، ئێستا تەسکیی زاری دەربەندە کە ئەکرێتەوە بەرەو پانی و ئێستا یەکەم ڕۆشنایی ڕۆژ بە ڕوویدا دێ.

دوانزە سەعات دوو جاریتر چووە پێشەوە، ئێستا ڕۆشنایی و ڕۆشنایی ڕۆژ جارێکیتر ئامێزی خۆی بۆ کردەوە.

لە ڕووبەڕوویا باخی خودایان خۆی نیشانداو یەکجار بەرین، بوونی لە باوەش گرتووە، گێڵگامێش بینی و بە هەنگاوی توونـد و گەورە بەرەو لای ئەچوو، بەرەو لای باخی خوایان. میوەکانی یاقووتەو مێوو هێشوی بەربۆتەوە. سەیری ئەوانە شیرینە، درەختێکیتر بەری لاجەوەردە، وە میوەی تر و زۆر میوەی تر. لە ژێر درەوشانەوەی تیشکی زێڕ گفتی هەتاوا دیمەنی درەوشاوەی باخ دڵ ڕفێنە، وە ئەو گێڵگامێش، دەستەکانی بەرەو شەمش خوای خۆرەتاو هەڵدەبڕێ.

سەرگەردانیم دژوار و درێژ بوو، ئەبوایە گیاندارانی وەحشی لە خوێن بگەوزێنم و لە پێستیان بەرگێ سازدەم. خواردنم گۆشتی ئەوان بوو، لە دەرگای خۆر ڕێگای هاتنم وەرگرت. لە دەربەندو باریکە ڕێی قوڵی تاریک تێپەڕم کرد. ئێستا باخی خودایان بەرامبەرم ڕاوەستاوەو سەوز ئەنوێنێ، دەریالوشی ئەو دیوی باخ. دەریایەکی یەکجار پانە، ماڵی دووری ئوتنەپشتیم پێ نیشاندە، کەشتێوانێکم پێ نیشاندە کە بتوانێ لە قەوزەی مەرگ بمپارێزێ

و بە سەلامەت بۆ ئەو بەرەوە ڕاگوێزم کا، تا بتوانم ڕازی ژیان بە دەست بێنم.

وە شەمش خوای خۆرەتاو قسەکانی ئەوی ئەبیست، بیری کردەوەو بە ئەو، بە گێڵگامێشی وت:

گێڵگامێش بۆ کوێ دەچی و تاوت داوە؟ ژیانێک کە دوای کەوتووی نایدۆزیتەوە

وە گێڵگامێش، بە ئەو بە شەمشی بڵند ئەڵێ:

بە هەموو سۆز و بەدبەختیەکانی غوربەتەوە لە دەشتەکان تێپەڕیم. لە دوای هەر ئەستێرە، ئەستێرەیەکێکیتر کوژایەوە، ئەم ساڵانە هەموو شەوێ بە بێ پێخەو لە دەشتەکان خەوتووم. لە ڕێگای قوڵ و تاریکدا نە خۆر نە مانگ بە ڕا سەرما دەر نەدەکەوتون، هیچ ئەستێرەیەکیش جیروەی نەبوو، لێگەڕێ ئەو خۆر، با چاوەکانم بت بینن. لێگەڕێ تا ڕۆشنایی جوانی سیمات پەسەندم بێ، تاریکی تێپەڕیوە، تاریکی دوورە، نیعمەتی ڕۆشەنایی جارێکیتر بەسەرما دائەبارێ، مەگەر نە کە هیچ مرێک ناتوانێ خۆر بە چاوی خۆی ببینێ، لە بەر چی و بۆچی نابێ کە منیش ژیان بدۆزمەوەو گرێی ڕازی بکەمەوە؟! بۆچی نابێ کە منیش ژیانی هەتا هەتایی بۆ گیانی خۆم دابین بکەم؟

وە شەمش قسەکانی ئەوی ئەبیست

بەس شەمش بە ئەو بە گێڵگامێش ئاوا ئەڵێ:

بڕۆ بۆ لای سیدووری سابیتو، خاتوونی فرە ژێری چیای ئاسمان، بارەگای لەوبەری دەرگای باخی خوایانەوە لە ئاستانەی باخەکەدا لە لێواری دەریادایە. سیدووری سابیتو، چاودێری درەختی ژیانە. بچۆرە ئەو باخەوە لە بەرامبەرتا خۆی ئەنوێنێ.

سیدووری سابیتو ئەتوانێ یانەی دووری ئۆتنەپێشتیم بە تۆ نیشان بدات.

ئیتر گێڵگامێش ملی ڕێگای گرت و لە ڕووبەڕووی خۆیا دەرگای باخی خوایانی دی. سدرەکان چڕ و بە شکۆ، گەوهەرەکان هەموو ڕەنگێ بە درەختەوە ئاوێزان بوون. لە ژێر سێبەری باخی خوایان فەرشێکی زومڕودی سەوز دای پۆشیوە وەک گیای دەریا خۆ دەنوێنێ. بەردە مۆرو گرانەکان لە وێ زۆرە وەک دڕک و داڵ، دانی میوەکان هەموو یاقووتی زەردە.

وە ئەو گێڵگامێش لە ڕۆیشتن ئەوەستێ و ئەو، گێڵگامێش سەر هەڵدەبڕی و چاو دەبڕێتە باخی خودایان.

## پەردەی دەهەم

سیدووری سابیتو، خاتوونی فرەزان، ماڵەکەی بەسەر بەرزییەکەوە بو لە لێواری زەریا دا، لەوێ دانیشتوە و چاودێری باخی خوایان دەکات. پشتێنێکی توندی بە کەمەرەوە بەستووە، کراسێکی دەرەدامان جەستەی پۆشیوە.

ئەو، گێڵگامێش، لە گشت جێیەک بۆی دەگەڕێ، بەرەو دەرگا هەنگاو دەنێ. پێستی گیاندارانی وەحشی لە بەر کردووە باڵای وەک خوایانە، ئازار کەوتۆتە گیانی، وەک ئاوارەی هەوراز و دەرە دوورەکان دەنوێنێ.

سیدووری سابیتو لە دوورەوە چاوی هەڵخستووە، لەگەڵ خۆیا قسە دەکات و ئەندێشەی وا دێتە قووڵان، ئایا کەسێ لەوێیەو ئەیەوێ پێ بخاتە ناو باخی خوایان؟ بەم توندی و پەلەیە، بە دوای کام مەبەست هەڵپەیەتی؟

هەر کە لە نزیکەوە ئەوی دی، گێڵگامێشی دی، دەرگاکەی بەست، چووە بەرزی و بە تووندی پشکۆڵی دەرگاکەی خست. گێڵگامێش وای نیاز نەبوو لە چوونە ناو چاپۆشی کا، دەستی

بەرز کردەوەو نوکی تیژی تەورزینێ لە جەستەی دەرگا گیر کرد، جا گێڵگامێش بە سیدووری سابیتو خاتوونی چاودێر وای وت:

سابی چیت دی کە دەرگەکەت لە ڕوو بەستم؟ دەرگاکە توند دەبەستی و پشکۆلی هەڵدەپێکی؟ من ئەوەندە هێز و سەرفەرازیم تیادا هەیە کە دەرگاکە لە بنەوە دەربهێنم و بشکۆڵەکەی وەرد و خاش کەم. سابیتو دەرگاکە دەکاتەوە، لە ناو دەرگاکەدا لەگەڵ گێڵگامێش دەکەوێتە قسە کردن.

سابیتو بە ئەو، بە گێڵگامێش دەڵێ:

ڕواڵەتت بۆ وا بێرەنگ و ژاکاوە؟ بۆ تەوێڵت هێندە ڕەش هەڵگەڕاوە؟ بۆ وا گیانت پەرێشانە؟ بەژنت وەها لاربۆتەوە؟ بۆچی گیانت بۆتە یانەی ئازار؟ وەها وەک هەردەگێڵی چیاو و دەشتە دوورەکان دەنووێنی؟ لە زریان و خۆر و بادا هەڵقرچاوی، گۆناکانت لە ژێر خۆرا وا برژاون؟ بۆچی لە ڕێگا دوورەکانەوە و لە شوێنە دوورەکانەوە بەرەو ئێرە تاوت داوە؟

گێڵگامێش بە ئەو، بە سیدووری سابیتو وەها دەڵێ:

چۆن ڕواڵەتم نەژاکێت و تەوێڵم چۆن ڕەش دانەگەڕێ؟ چۆن گیانم پەرێشان نەبێت و بەژنم نەچەمێتەوە؟ ئازار چۆن نەکەوێتە گیانم؟ چۆن وەک هەردەگێڵ نەنوێنم و ڕواڵەت و گۆناکانم لە زریان و خۆر و بادا هەڵنەقرچێن؟ چۆن لە ڕێگا دوور و شوێنە دوورەکانەوە بەرەو ئێرە تاو نەدەم؟ برا چکۆلەکەم، پڵنگی دەشت، ئەنکیدۆی هاوڕێی لاوم، کە هیچ دریغی نەکرد تا لە دارستانی سدر بە سەرکەوتین، تا گای ئاسمانمان گرتوو خەڵتانی خوێنمان کرد. تا خومبەبەمان کوشت هاوڕێی تەنگەژەو دژواریەکانم. ئەنکیدۆ کە خۆشم ئەویست. زۆر خۆشم ئەویست، بەشی ئادەمیانی پێ گەیشت، شەوان و ڕۆژان بە سەریا گریام و

شینم گێڕا و نەم نایە خاک، هەر چاوەڕێی بووم، وام دەزانی کە بە هاوار و گریانم هەڵدەستێ، حەوت شەو و ڕۆژ هەرکەوتبوو، تا کرم تێیدا.

کەوتمە شوێن ژیان بێ ئەوەی بیدۆزمەوە، لەبەر ئەمە وەکوو دزان پەنام بۆ چیاکان برد.

چارەنووسی هاوڕێکەم زۆر بە ئەستەم بە سەرما شکاوەتەوە، چۆن ئەتوانم بێ دەنگ بم؟ چۆن ئەتوانم هاوار نەکەم؟ هاوڕێی خۆشەویستم بووەتە تۆزی ناو خاک. ئەنکیدۆ هاوڕێکەم بووتە خۆڵ. ئایا نابێ منیش وەک ئەو بمرم و ئیتر هەرگیز هەڵنەسمەوە؟ ئێستا سابیتو هەموو نیگام دەبەخشمە تۆ تا لە سەیرکردنی مەرگ دوورکەومەوەو پەرێشانی جێم بهێڵی.

بەس سابیتو بە ئەو بە گێڵگامێش ئاوا دەڵێ:

گێڵگامێش بۆ کوێ دەچی؟ ئەو ژیانەی کە ئەتەوێ بە دەستی ناهێنی. خودایان کە مرۆیان خوڵقان مەرگیان کردە چارەنووسی و نەمریش هەر بۆ خۆیان تەرخان کرا. لەبەر ئەمە ئەی گێڵگامێش، لە خواردن و خواردنەوە، تەمەن شادی تەیکردن و خۆڕازاندنەوە درێغی مەکە، هەر ڕۆژ جەژنێ بەرپابکە، شەو و ڕۆژان لەگەڵ دەنگی چەنگ و ئاوازی نەی سەما بکە و بە شادی بژی، بەرگی پاک و تازە لە بەربکە و سەرت بشۆ و بە ڕۆنی بۆن خۆش بیڕازێنەو جەستەت بشۆ و منداڵەکانت دەست لە ناو دەست شادیان بکە، لە ئامێزی ژناندا شادمان بە، بگەڕێوە بۆ ئوروک بۆ شاری خۆت کە لەوێ پادشایت و جەماوەر ئەیانەوێت و پاڵەوانی.

وە گێڵگامێش بە ئەو بە سابیتو وەها دەڵێ:

ئەی سابیتو ڕێگای ماڵی ئوتنەپیێشتیم بە من نیشان بدە! بەرەو لای ئەو ڕەوانەم کە! پێم بڵێ: چۆن ئەتوانم بچم بۆ لای ئەو ئەگەر ئەبێ لە دەریاوە تێپەڕبکەم تا ڕێگای دەریا بگرمە بەر یان هەر لە بناری دەشتەوە هەنگاو بنێم؟

سابیتو بە گێڵگامێش دەڵێ:

ئەم دەریایە هیچ بوارێکی تیادا نییە کە کەسێ بتوانێ بە سەلامەت لێی تێپەڕێ، کە کەسێ بتوانێ لێیەوە بگاتە ئەوبەر دەریا، لە ڕۆژگارانی یەکجار دوورەوە پێشتر لە زەمەنیش تاکوو ئەمڕۆ کەسێ نەخوڵقاوە کە بتوانێ لەم دەریایە بپەڕێتەوە

جگە شەمش خوای مەزن و بە دەسەڵاتی خۆری سووتێنەر، کێ هەیە کە بتوانێ لەم دەریایە تێپەڕێت؟ تێپەڕبوون لە دەریای بە شەپۆل و هاوار و هەڕش زۆر ئەستەمە، زۆر دوژوارە، ڕێگایەکە بەرەو ئاوەکانی مەرگ دەکێشێ تێپەڕبوونی تەنگەژەیەو پشووبەزێن و نەگونجاوە، گێڵگامێش چۆن ئەتەوێ لەم دەریایە تێپەڕی و پێ بنێیتە ئەو بەر دەریا؟ ئەگەر ئەتوانیت تێپەڕبی لەو بەرەو دەگەیتە ئاوەکانی مەرگ، چی لەو ئاوانە دەکەیت؟! لەگەڵ هەموو ئەمانەشە ئەوە ئورشە نەبێ کەشتیەوانی ئوتنەپیێشتیم ئەوەتا لەوێ کە سندوقە بەردەکان بار دەکات، سەعاتێ نابێ کە بۆ دابین کردنی ئاو و نان و میوە چووە دارستان، بیدۆزەرەوە تا ئەگەر وا بوو لەگەڵیا لە دەریا تێپەڕی، تێپەڕەو وەرە هە لێرەوە بگەڕێوە.

گێڵگامێش ئەم قسانەی دەبیست، گێڵگامێش تەورەکەی هەڵگرتو کەرەسەی شەڕی بەست. ڕوی نا بە دەریاوەو لە کەنارەوە ڕێ گرتە بەر. لەسەرەو خوارەکەی ڕێگاکە هاتە خوارەوە و دەرگای باخەکە وەک کەمانێ لە نێوانی ئەو و چاوێردا

خۆی ئەنوواند. گێڵگامێش چاو هەڵدەخاو نیگای لەسەر بەلەمی لە قەراغ دەریادا خۆی دەگرێتەوە، بەرەو ئەوێ پێهەڵدەگرێ بەرەو کەشتی ئوتنەپێشتیم پێهەڵدەگرێ، چاوەکانی وێڵی کەشتیەوانە تا بە سەلامەت لەم دەریایە تێیپەڕێنێ و لە ئاوەکانی مەرگ بیپارێزێ.

گێڵگامێش دەگاتە ئاوڕۆکەی دەریا، ئێستا لەوێ وەستاوەو کەشتیش لەوێیە. گێڵگامێش لە قەراغی دەریادا بە چوارلادا هەڵدەسوڕێ و کەشتیەوان پەیا ناکات. تەنیا سەندوقە پڕ لە بەردەکان لە لێواری دەریادان. گێڵگامێش بەرەو دارستان پێهەڵدەگرێ و بە دەنگی بەرز بانگی کەشتیەوان دەکا: " ئەی کەشتیەوان، بۆت دەگەڕێم، بم بە بۆ ئەوبەری دەریا لە ئاوەکانی مەرگ تێم پەڕێنە.

بە دەنگی بەرز بانگ دەکات و وەڵامێکی پێنادرێتەوە. بەس گێڵگامێش توڕە بەرەو لای سندوقەکان دەگەڕێتەوە هەموویان دەشکێنێ. ئەوسا دیسان بەرەو دارستان دەبێتەوە. ئەوە ئورشەنبی یە. چاوەکانی بە دیداری ئورشەنبی ڕۆشن دەبن و بەرەو لای ئورشەنبی هەنگاو هەڵدەگرێ.

ئورشەنبی بە گێڵگامێش دەڵێ:

"ناوت بڵێ و بیدرکێنە کە تۆ کێی، ناوی خۆتم پێ بڵێ، من خۆم "ئورشەنبی"م، کەشتییەوانی "ئوتنەپێشتیم"

ناوی من گێڵگامێشە، لە کوێستانەکانی ئنۆوە هاتووم بۆ ئێرە، ڕێگایەکی یەکجار زۆرم تەی کردوە، ڕێگای شەمشم تەی کردووە. تا ئێستا کە ئورشەنبی تۆ دەبینم. لێم گەڕێ با ئوتنەپێشتیم ببینم. وە ئورشەنبی بە گێڵگامێش وەها دەڵێ:

بۆ ڕواڵەتت وا ژاکاوە؟ بۆ تەوێڵت وا ڕەش هەڵگەڕاوە؟ گیانت بۆچی ئاوا پەرێشانە؟ بەژنت بۆچی وا چەماوە؟ بۆچی ئازار گیانی گرتووی؟ وەها وەک هەردەگێڵی هەورازە دوورەکان دەنوێنی. لە زریان و خۆر و بادا هەڵقرچاوی؟ گۆناکانت لە ژێر خۆرا وا سووتاون؟ لە دەشت و ڕێگا دوورەکانەوە بەچ مەبەستێ بەرەو ئێرە تاوت داوە؟

وە گێڵگامێش بە کەشتیوان ئاوا دەڵێ:

بۆ ڕواڵەتم نەژاکێت و تەوێڵم چۆن ڕەش دانەگەڕێ؟ چۆن گیانم پەرێشان نەبێت و بەژنم چۆن نەچەمێتەوە؟ ئازار چۆن نەکەوێتە گیانم؟ چۆن وەک هەردەگێڵ نەنوێنم و ڕواڵەت و گۆناکانم لە زریان و خۆر و بادا هەڵنەقرچێن؟ چۆن لە ڕێگا و شوێنە دوورەکانەوە بەرەو ئێرە تاو نەدەم؟ برا چکۆلەکەم، پڵنگی دەشت ئەنکیدۆی هاوڕێی لاوم، کە دریغی لە هیچ شتێ نەکرد تا لە دارستانی سدر بە سەرکەوتین، تا گای ئاسمانمان گرتوو خەڵتانی خوێنمان کرد، تا خومبەبەمان کوشت ئەوەی کە لە دارستانی پیرۆزدا هێلانەی کردبوو، تا لە کەل و دەربەندە تاریکەکاندا شێرانمان کوشت. هاوڕێی تەنگەژەو دژواریەکانم، ئەنکیدۆ خۆشم ئەویست، زۆر خۆشم ئەویست، بەشی ئادەمیانی پێ گەیشتبوو. شەش ڕۆژ و شەو بە سەریەوە شینم گێڕا و نەم نایە خاک تا کرم تێیدا. مەرگم ناسی و هەراسی مەرگ کەوتە گیانم. بۆیە هە دەگێڵم. چارەنووسی هاوڕێکەم زۆر بە ئەستەم بە سەر منا شکاوەتەوە، لەبەر ئەمە لە دوورەوە، لە زۆر دوورەوە بەرەو ئێرە تاوم داوە. ڕێگایەکی زۆر دوژوارم پشت سەرناوە چۆن ئەتوانم بێدەنگ بم؟ چۆن ئەتوانم هاوار نەکەم؟ هاوڕێی خۆشەویستم بووەتە تۆزی ناو خاک، ئەنکیدۆی هاوڕێیم

بوە بە خۆڵ. ئایا نابێ منیش وەک ئەو بمرم و ئیتر هەرگیز هەڵنەسمەوە؟

گێڵگامێش بە کەشتیەوان دەڵێ:

ئورشەنبی، چۆن ئەتوانم بڕۆم بۆ لای ئوتنەپێشتیم؟ بم نێرە بۆ ئەوێ بۆ لای ئەو پێم بڵێ چۆن ئەتوانم بگەمە ئەو؟ ئەگەر ئەبێ لە دەریاوە تێپەڕیکەم تا ڕێی دەریا بگێرمە بەر. یان هەر لە بناری دەشتەوە هەنگاو بنێم؟

ئورشەنبی بە ئەو بە گێڵگامێش ئەڵێ:

گێڵگامێش بە دەستی خۆت پەڕینەوەی خۆت لە ناو برد. سندوقە بەردەکانت شکاند و بە دەستی خۆت، پەڕینەوە لە دەریای مەرگت نەگونجاو کردووە. سندوقوکان شکاون ئیتر مەودای پەڕانەوەت نییە و ناگەیتە کانیاوی ژیان. گێڵگامێش ئیستە تەورەکەت هەڵگرەو ڕووبکە دارستان سەد و بیست دار ببڕە کە درێژی هیچ کامیان لە شەست ئەرش کەمتر نەبێ، سەرەکانیان بە تەور تیژ کەو بیان هێنە بۆم

گێڵگامێش تەورەکەی هەڵگرت و ڕووی کردە دارستان.

سەد و بیست درەختی بەرزی بڕی، هیچ کامیان لە شەست ئەرش کەمتر نەبوو، بە تەور سەری تیژ کردن و هێنانی بۆ لای کەشتیەوان، پاشان دارەکانی بار کرد و چووە کەشتیەکەوە کەشتی سنگی دەریای شەق کردو بادبانەکان بە سنگی دەریاوە دەشەنانەوە. ئەبێ چل ڕۆژ و پێنج ڕۆژ بە سەر شەپۆلی دەریا ڕێکەی. ئێستا ڕۆژی یەکەم و ڕۆژی تر و سێیەم ڕۆژ تێپەڕ بوون، ئورشەنبی دەگاتە دەریای مەرگەوە

ئورشەنبی بە گێڵگامێش دەڵێ:

یەکێ لەو دارانە لە دڵی دەریادا توووند داکوتە. هوشیار بە ئاوی مەرگ لە دەستت نەپژێ، گەرنا دەست بە جێ دەمری. ئێستا دارێکی دیکە هەڵگرەو تووندتر لە دڵی دەریادا دای کووتە

سێهەمین گێڵگامێش سێهەمین داکووتە

چوارەمین گێڵگامێش چوارەمین داکووتە

پێنجەم گێڵگامێش پێنجەم داکووتە

شەشەم گێڵگامێش شەشەم داکووتە

حەوتەم گێڵگامێش حەوتەم داکووتە

هەشتەم گێڵگامێش هەشتەم داکووتە

نۆهەم گێڵگامێش نۆهەم داکووتە

دەهەم گێڵگامێش دەهەم داکووتە

یازدەهەم گێڵگامێش یازدەهەم داکووتە

دووازدەهەم گێڵگامێش دووازدەهەم داکووتە

هەروا تا گێڵگامێش سەد و بیست دارەی لە دڵی لیتاوی مەرگا داکووتا. ئیتر گێڵگامێش پێشتێنەکەی دەکاتەوە پێستی شێر لەبەر دەردێنێ. بە دەستێکی چاپووک و بە هێز دیرەکی کەشتی هەڵدەکەنێ

ئوتنەپێشتیم لە دوورەوە چاوی هەڵخستوە، لەگەڵ خۆیا قسە دەکات. بە خۆی دەڵێ: سندوقە بەردەکان گشتی دیار نین، بۆچی؟ نامۆیەک لە کەشتیا دانیشتووە، چۆن ئەبێ؟ من ڕێگام نەداوە! ئەوەی کە دێت نابێ لە تووخمەی مرۆڤ بێت. خۆ سەیری دەکەم. مەگەر مرۆڤ نییە؟ سەیرەی دەکەم، مەگەر پیاوێک نییە؟ لێی ڕاماوم. مەگەر نە خوایەکە؟ ئێستا سەرتا پا وەک من دەنوێنێ بەهێز و توند بە دەستە چابووکەکانی دارەکان لە لیتاوی مەرگا دادەکووتێ، تا جێگای سەندوقە بەردەکان

بگرنەوە، هەر ئەو سەندوقانەی کە کاتێ ئورشەنبی لە کانیاوی مەرگ تێدەپەڕێت، دەبێ بیان خاتە ئاوەکە ئێستا کەشتی بە سەلامەت لە پاڵ دارەکانەوە ڕادەبووڕێ و هێندەی نەماوە بە سەلامەت بێتە قەراغی ئەم بەرەوەی دوورگەکە. بەڵام دارەکان تەواو بوون، ئەوەتا پیاوی نامۆ دەکەڵی کەشتی لە بن هانی و بە تەور کردیە دوو کەرتەوەو پاشان هەر دوو نیوەکەی داکووتا. کەشتی بە تەوژمێکی بروسکە ئاسا و بە دوا تەوژم گەشتە قەراغ.

ئوتنەپیێشتیم خێرا لە ماڵ دێتە دەرەوەو بەرەو پیاوی نامۆ دەچێ. وە ئوتنەپێشتیم بە گێڵگامێش دەڵێ:

خۆت بناسێنە و بڵێ کە تۆ کێیت؟ من ئوتنەپێشتیم ئەو کەسەم کە ژیانی هەتایم هەیە و گرێی ئەم ڕازەم کردۆتەوە، تۆ کێی؟

وە گێڵگامێش بە ئوتنەپێشتیمی ژیان خەڵات کراو دەڵێ:

ناوم گێڵگامێشە، لە کوێستانەکانی ئنۆ وە هاتووم، ڕێگایەکی یەکجار سەخت و درێژم بڕیوە، ڕێگای شەمشم بڕیوە، ئێستا سەرەنجام گەیشتمە ئێوە و چاوەکانم بە دیداری تۆ ئەی ئوتنەپێشتیم ڕۆشن بوونەتەوە

ئوتنەپێشتیم بە گێڵگامێش دەڵی:

بۆ ڕواڵەتت وا ژاکاوە؟ بۆ تەوێڵت وا ڕەش هەڵگەڕاوە؟ گیانت بۆچی وا پەرێشانە و بەژنت ئاوا چەماوەیەوە؟ بۆچی ئازار گیانی داگرتووی؟ وەها وەک هەردەگێڵی ڕێگا و هەورازە دوورەکان دەنوێنێ؟ لە زریان و خۆر و بادا هەڵقرچاوی، بۆ گۆناکانت لە ژێر خۆردا وا قروچاون؟ بە چ مەبەست لە ڕێگا و شوێنە دوورەکانەوە بەرەو ئیرە تاوت داوە؟

وە گێڵگامێش بە ئوتنەپێشتیم دەڵێ:

بۆ ڕواڵەتم نەژاکێت؟ و تەوێلم چۆن ڕەش دانەگەڕێ؟ چۆن گیانم پەرێشان نەبێت و بەژنم چۆن نەچەمێتەوە؟ ئازار چۆن نەکەوێتە گیانم؟ چۆن وەک هەردەگێڵ نەنوێنم و ڕواڵەت و گۆناکانم لە زریان و خۆر و بادا هەڵنەقرچێن؟ چۆن لە ڕێگا و شوێنە دوورەکانەوە بەرەو ئێرە تاو نەدەم؟ برا چکۆلەکەم پڵنگی دەشت، ئەنکیدۆی هاوڕێی لاوم کە درێغی لە هیچ شتێ نەکرد تا لە دارستانی سدر سەرکەوتین تا گای ئاسمانمان گرتوو خەڵتانی خوێنمان کرد، تا خومبەبەمان کوشت، ئەوەی کە دارستانی سدری کردبۆوە هێلانەی خۆی. تا لەگەلی وە دەربەندە تاریکەکاندا شێرانمان کوشت. هاوڕێی تەنگەژەو دژوارییەکانم، ئەنکیدۆ کە خۆشم ئەویست، زۆر خۆشم ئەویست بەشی ئادەمیانی پێگەیشتبوو. شەش ڕۆژ و شەو بە سەریەوە چەمەریم بوو، نەمدایە خاک تا کرم تێیدا، مەرگم ناسی و هەراسی کەوتە گیانم، ئیتر بۆیە هەر دەگێڵم. چارەنووسی هاوڕێکەم زۆر بە ئەستەم بە سەر مندا شکاوەتەوە، لەبەر ئەمە لە دوورەوە زۆر دوورەوە بەرەو ئێرە تاوم داوە، ڕێگایەکی زۆر دژوارم پشت سەر ناوە، چۆن ئەتوانم بێدەنگ بم؟ چۆن ئەتوانم هاوار نەکەم؟ هاوڕێم بووەتە خاک، ئایا نابێ منیش وەک ئەو بمرم ئیتر هەرگیز هەڵنەسمەوە؟

گێڵگامێش بە ئوتنەپێشتیم دەڵێ:

من وام لێک دایەوە کە ئەمەوێ بڕۆم بۆ لای ئوتنەپێشتیم. ئوتنەپێشتیمی دوور ئەو ژیانی پێ خەڵات کراوە کە ڕازی ژیانی چنگ کەوتووە. لەبەر ئەمە لە شار دەرچووم و ئاوارەی دیاران بووم لە بەر ئەمە لە چیا و هەڵدێران تێپەڕیم کە تێپەڕکردنیان گەلێ ئەستەمە، هەر لەبەر ئەمە لە ڕۆخانە و ڕووبار و دەریاکان

پەڕیمەوە. ئەویش نەک بە بەختی هات و شادییەوە، بە ڕۆژ ڕەشی و تەنگەژەوە

خۆراکم هەمووی کەسەر بوو، پێش ئەوەی بگەمە سیدووری سابیتو بەرگەکانی بەرم هەمووی داڕزان و هەڵوەرین. ئەبوایە باڵداری ئاسمانم سەرەو ژێر کردایە و ئاسک و کەڵ و پەزەکێویم لە خوێنی خۆیانا بگەوزانایا تا ژەمێ تێربم و ڕێ بکەم. ئەبوایە شێرەکەم، شێر و پڵنگ و سەگانی هاری چیا و دۆڵ هەڵدڕێ تا لە پێستیان بەرگێ سازکەم، بەڵکو شەیاتینی مەرگ دەرگاکانیان قوفڵ کەن با دەرگاکان بە قوڕوقیر هەڵچنن. شەیاتینی مەرگ لە ڕیشەوە دەربهێنم تا ئیتر جەژن و شادیان کۆتایی بێت. ئەی ئوتنەپێشتیم ژیانم پێ بناسێنە تۆ ڕازی ژیانت دۆزیوەتەوە!

ئوتنەپێشتیم بە گێڵگامێش دەڵێ:

قەڵسی لە خۆت فڕێدەو بەرگی توڕەیی داکەنە. مرۆیان و خودایان هەرکام ماف و چارەنووسێکیان هەیە، دایک و باوکت تۆیان وەک مرۆیەک لێبۆتەوە، هەرچەندە کە دوو بەشی تۆ لە سێ بەشت لە خوایانە، بەڵام بەشێکت هەر لە مرۆیە و بەرەو چارەنووسی مرۆیان ڕات دەکێشێ. نەمری چارەنووسی مرۆڤ نییە. ئاکامی ژیان تەنیا مەرگی دڵ ڕووخێنە. ئایا ماڵمان بۆ هەمیشە دروست دەکەین؟ ئایا پەیمان بۆ هەمیشە دەبەستین؟ ئایا برایان بۆ نەمری میراتی باب دابەش دەکەن؟ ئایا مرۆڤ نەمرانە لە لەزەتی زاراوزێدا ڕادەوەستێ؟ ڕووبار هەموو ڕۆژێ هەڵدەچێ و خاک و زەوی لەگەڵ خۆیا ڕادەماڵێ. ئایا باڵندەی کولی لوو باڵندەی کریپا نەمرانە لە بەهاری ژیاندا دەژین و چاوەکانیان نەمرانە دەڕوانێتە خۆر؟ لە سەرەتای زەمانەوە بڕیاری نەمری نەبووە، ئایا مردوەکان و خەوتووەکان وەک یەک نین؟ ئایا

له هەر دووکیانا مەرگ خۆی نانوێنێ؟ ئەو دەمەی خۆر چاو هەڵهێنانێ منداڵی جەژن دەگرێ هاتوم خواوەندی چارەنووس و ئنون نەکی گیان مەزنی بە دەسەڵات کۆ دەبنەوە و ئەوەی ماف و چارەنووسیەتی دیاری دەکەن. ئەوانن کە ژیان و مەرگی مرۆڤ تۆمار دەکەن و دەست نیشانی دەکەن، ڕۆژانی ژیان بە ژمارە دەبەخشن و ڕۆژانی مردن ناژمێرن.

## پەردەی یازدەهەم

گێڵگامێش لەگەل ئوتنەپێشتیمی دوور دەکەوێتەوە پەیڤین

ئوتنەپێشتیم، هەرچی لە تۆ ڕادەمێنم. لە خۆم بەهێزتر و گەورەتر و پانترت نابینم، تۆ هێندە لە من دەچی وەک بڵێی چونی باوکێ لە کوڕەکەیەتی، لە خوڵقان و دروست کردنی سروشتی من و تۆ جیاوازیەک نییە، تۆش مرۆیەکی هەر وەک من. جگە لەوەی من خوڵقاوێکی بێ ئارامم بۆ جەنگ و تەنگەژە خوڵقاوم، بەڵام تۆ ڕووت لە شەر وەرگێڕاوە لەسەر گازی پشت ئارام ڕاکشاوی. چۆنە کە خودایان تۆیان هێناوەتە جەرگەی خۆیانەوە؟ چۆنە کە تۆ ژیانت وە چنگ هانیوە و دۆزیوتەتەوە؟

ئوتنەپێشتیم بە گێڵگامێش دەڵێ:

گێڵگامێش، ئەمەوێ ڕاستیەکەت بۆ ڕوون کەمەوە، ئەمەوێ لە ڕازەکانی خوایان داستانێکت بۆ باس کەم، تۆ خۆت چاک دەزانی کە شوورییک شارێکی کۆن و ئارامەو خوایان لە دێر

زەمانەوە سەری بەزەیی و میهرەبانیان لەگەڵی بووە، تا سەرئەنجام خوایان ڕایان گۆڕی و مهرو بەزەییان لێ بڕی، هاتنە سەر ئەوەی زریانێکی ڕوخێنەو و کاولکار هەڵگرسێنن. جا ئەئا کە ئەویش لەو ڕاوێژەدا هاوبەش بوو (خواوەندی لایە قوڵەکان) بە پێی بڕیارێ کە خوایان دایان لەگەڵ زەنجەقامیشیەکەم کەوتە وتەوە، ئائە بە زەنجەقامیشەکەی من ئاوەهای گووت:

ئەی زەنجی قامیشی، زەنجی قامیشی، ئەی دیوار، دیوار، ئەی زەنجی قامیشی گوێت لێ بێ، ئەی دیوار هاواری دەنگم ببیستە، ئەی خەڵکی شووررییک، ئەی ئوتنەپیێشتیم کوڕی ئوبارە توتو. ماڵێک لە دار دروست بکە، ئەو ماڵە لەسەر کەشتیەکی زەلام دروست بکە، لێ گەڕێ بە داخوازی سامانەکەت بڕوات لە دوای ژیان پێویستە سەروەت بە جێبێڵی و لە دوی ژیان بڕۆ، لە هەر توخمێ بخەرە ناو کەشتیەکە پانی و درێژی کەشتیەکە وەک یەک دروست بکە، هەر ئێستا دروستی کەو بیخە ئاوە شیرینەکانەوە، تاقێکی تیا دروست بکە بۆ من

گوێم لە قسەکانی بوو، وە بە ئائە بە خوای خۆم ئاوەهام گووت:

ئەی یەزدانی مەزن، بەو پەڕی ڕێزەوە هەرچی بڵێی وادەکەم. بەڵام پێم بڵێ کە لەم بارەیەوە چی بە خەڵکی شار و ساڵدیدەکانیان بڵێم؟

ئەئا دەمی کردەوەو پێ وتم، بە بەندەی خۆی وەهای گووت:

تۆ ئەی مرۆڤی سەربەست! تۆ ئەبێ وایان پێ بڵێی، کە ئنلیل خوای گەورە و مەزن ڕووی لێ وەرگێڕاوەم و لێم توڕەیە، بۆیە ئەمەوێ دیاری ئێوە بە جێ بێڵم و بەرەو سەرزەمینێکی دیکە هەوار تێک نێم، ئیتر نامەوێ کە سەرزەمینی ئنلیل ببینم،

ئەمەوێ بەرەو دەریا شیرینەکانم بڕۆم و لە سەر زەمینی ئائەدا هەوار بخەم. خوایە کە لێم قەڵس نییەو بە چاوی بەزەییەوە لێم دەڕوانێ. بەڵام ئنلیل بارانی ڕەحمەت و بەزەیی خۆی بە سەر ئێوەدا دەڕژێ و برەوی دەخاتە ماڵ و سامانتانەوە.

لەگەڵ کازیوەی بەیانا کەرەسەی کارم کۆ کردەوە، دار و قیرم ئامادە کرد، نەخشەی کەشتیم کێشا، هەموو قەومانی خۆم خڕ کردەوە. بەهێز و بێهێزم هێنایە کار، تا لە مانگی شەمشی مەزندا کاری کەشتی تەواو بوو، لە ماڵ و سەروەت ئەوەی کە بووم خستمە کەشتیەوە. زیو و زێڕ هەموویم بردە کەشتیەکەوە.

توخمی هەموو گیاندارانم نایە کەشتی، هەموو کەس و کارەکانی خۆم سوار کرد، چوار پێیانی گەورەو بچووکم سوار کرد، وەستایانی هەموو پیشەو هونەرەکانم سوار کرد، خۆم چومە سەر کەشتی چوونکە خواوەندی من ئائە کات و ساتی بۆ دانابووم بە من بە بەندەی خۆی وەهای وتبوو:

شەوانە، کاتێ کە خودایان بارانی توند بایەکی ڕەش دەنێرنە خوارەوە، بڕۆرەوە ناو کەشتیەکەوە دەرگاکانی ببەستە.

کاتی خۆی هات، ئاددی مەزن بارانێکی مەرگ هێنەری دەست پێکرد، لە ئاسمان ڕامابووم کە بە ڕاستی ڕامانی تەواو ترسناک و ئەستەم بوو، چوومە ناو کەشتیەکەوە دەرگەکانم بەست، فرمانی کەشتی مەزنم دایە دەست ناخودا.

هەر کە لیزگی خۆر خۆی ڕاکێشا، هەورە ڕەشەکان وەک قەلە ڕەش ئاسمانیان پۆشی، گیانە پیسەکان تورەیی خۆیان دەباراند، ڕۆشنایی ئاسمانی بۆ تاریکی بە جێ هێشت. تاریک، تاریک، تاریک، ڕەشەبا بە تونی هەڵی کردبوو، دەریاکان لە خرۆش و کەف و کوڵا، دەریاکان تا بەر بینی چیاکان هەڵچوون، ئاومرۆکانی

هەڵ لووشی، ئەم زریان و بۆرانە هێندە توند بوو خوایان خۆشیان ترسان و هەڵ هەتان. بەرەو کوێستانی ئنۆ هەڵ هەتان، خوایان وەک سەگەلە لەکڵاوەی چیاکانەوە چەمانەوەو ئیشتر وەک ئافرەتێکی پێبەژان هاواری ئەکرد و شیرینی وتەی بوبوە چەمەری و گریان. هاواری ئەکرد:

وا سەرزەمینی جوانی پێشوو بووەتە قوڕ و لیتە، بۆ من خۆم لە ڕاوێژی خوایان بە هەڵە دووام و بڕیارم دا، ئاخ. چۆن توانیم بچمە کۆڕی خوایانەوە بڕیارێکی وا ترسناک بسەلمێنم؟ بڕیاری لە ناو بردنی خەڵکی خۆم. ئاخ. چۆن ئەتوانم حوکم بدەم؟ ئێستا لافاوی بە تەوژم وەک هێرشی تێک شکاوی سووپای شکاو ڕایان دەماڵێ...ئایا مرۆکانمان بۆ ئەوە هێنایە سەر زەوی و زاوزێ کەن کە دەریا وەک گەرای ماسی هەڵیان لووشی؟

وە خوایان هەموو لەگەڵی دەگرین. خوایان هەموو لە لوتکەی چیاکاندا دانیشتوون و ئەژنۆکانیان لە باوەش گرتووەو دەگرین. ئازاری خەم لێوەکانی تەقەڵ داوون

شەش شەو و ڕۆژ باران باری و دەریاکان و ڕووبار خرۆشان، ڕۆژی حەوتەم زریان کەوتە کزی و دامرکایەوە، وەک بێدەنگی پاش جەنگ و شەڕ، دەریا ئارام بووە، تۆفان دانیشت و نەما، سەیری کەشم کرد و هەوا ئارام بووبووەوە. مرۆکان هەموو بووبونە قوڕ و پانتای زەوی کەلاوەیەک. پەنجەرەکەم کردەوە ڕۆشنایی خۆی لە چاوم هەڵسووی. کەوتمە ئەرز و لە سەر زەوی دانیشتم و دەستم کردە گریان. ئەگریم و فرمێسکەکانم بە ڕومەتما دەڕژێتە خوار، سەیری پانتایی ئەم کەلاوەیەم کرد کە پڕ بوو لە ئاو، بە دەنگی بەرز دام بە سەراو هاوارم کرد کە ئەی وای هەموو مردوون مرۆڤەکان هەموو مردوون.

پاشان، پاش دوازده سەعات دوجار کات تێپەڕی و دوورگەیەک لە ئاوەوە سەری هەڵدا. کەشتی بەرەو ئنیس سیر دەچوو، کەشتی کەوتە خاک و لە سەر چیای نیس سیر وەستا. شەش ڕۆژ بێ جووڵەیەک چیا کەشتی ڕاگرت، ڕۆژی حەوتەم کۆترێکم هێنایە دەرەوەو بەرم دا، باڵی لێدا ڕۆیشت و هاتەوە. چوونکە شوێنێکی بۆ حەوانەوە دەست نەکەوتبوو. قەلە ڕەشێکم هێنایە دەرەوەو بەڕەڵام کرد. باڵی لێک داو هەڵفڕی. دەریای بینی دەکشێتەوە زەوی هەڵکۆڵی و هاواری کرد، دانی خوارد و نەهاتەوە.

ئیتر هەموو باڵەندەکانم لەبای چوار دەورا کە هەڵی کردبوو بەردا. بەرخێکم کردە قوربانی و لە بەرزایی چیاوە گەنمی نەزریم وەشاندو سدرو موردم سوزاند. بۆنی خۆش خۆی لە لووتی خوایان داو ئەوان ئەو بۆنەیان لا پەسەندبو. بەس خوایان خێرا وەک ئاپووره کۆ بوونەوە.

هەرکە خاتوونی خوایان هات گەوهەرێ کە ئنو خوای ئاسمان بۆی دروست کردبوو بەرزی کردەوەو ئاوەهای بە خوایان گووت:

ئەی هەموو خوایان! بۆیە هەرگیز گەوهەی گەردەنم لە بیر ناچێت ئەمەوێ بۆ هەمیشە ئەم ڕۆژانەم لە بیردا بێت و لە بیرم نەچنەوە. ئەو هەموو ڕوداوانەم بۆ داهاتوو لەیادا بێت. جگە ئنلیل کە نابێ بێتە سەر قوربانی هەموو خوایانیتر بچنە سەر خوانی قوربانی... چونکە ئنلیل بێ ئەندێشە زریان و تۆفانی گەورەی هەڵساندو هەموو مرۆیانی ڕەوانەی نەمان کرد.

ئنلیل لەوێوە تێپەڕدەبوو، کەشتی بینی، توڕەیی دای گرتوو هاواری لە خوایان کرد

ئەو نەمردووە کێیە کە گیانی لە زریان دەرکردووە؟ ئەبوایە هیچ مرۆیەک لە بەڵای من ڕزگار نەبێ

نینیب تورەی خوایان، دەمی کردەوەو بە خوای سەر زەمین و دیارەکان، بە ئەو وای وت: جگە ئائە کێیە کە لە ڕووی ئەندێشە و ژیریەوە کار ئەنجام بدات؟ ئەوە کە هەموو شتێک دەزانێ و لێوڕێژی زانینە.

ئیتر ئائە خوای لایە قوڵەکان کەوتە قسەو بە ئنلیل وای وت:

ئەی خوای بەهێز، تۆ ئەی خاوەن توانا، چۆن ئەتوانی تۆفانێکی وا بڕەخسێنی؟ بێ ئەوەی هەتا ساتێکیش بیری لێ کەیتەو؟ ئەوەی کە تاوانێ دەکا با سزای تاوانی خۆی بچێژێ، بەڵام هەموان مەپێچەوە ئەت توانی لەبری زریان کە خوڵقاندت شێرێ بنێری تا مرۆڤەکان کەم کاتەوە. لەبری زریان ئەت توانی گورگێ بەڕەڵا کەی تا مرۆیان کەم کاتەوە، لەبری تۆفان ئەت توانی وشکە ساڵی بنێری تا وڵات و سەرزەوییەکان مل کەچ بکات. لەبری تۆفان ئەت توانی ئەرا خوای تاعون بنێری بۆ وڵاتان

وە ئەمە خۆی چاکتر لە تۆفان بوو، من ڕازی خوایانم نەزڕاند، نەقشی خەوێکم بۆ هۆشیارتر و فرەزانترین کەس کردەوە تا خۆی لەم ڕێگایەوە لە مەبەستی خوایان بگات. ئێستا لەگەڵیان میهرەبان بەو لەسەریان چاک کە.

ئەوسا خوای سەرزەمین و دیاران هاتە خوارەوە بۆ کەشتییەکەو دەستی من و هاوسەرەکەمی گرتوو و هەردووکمانی بردە وشکی، پاشان جووتەکەمی لەسەر ئەژنۆ لە پاڵ منا داناو خۆی لەبەرامبەرماندا دانیشت. وە بۆ تەوەڕک و پاککردنەوە دەستی هێنا بەسەرمانا. "ئوتنەپێشتیم، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئادەمیزاد بەشی مردن و نەمان بووە. ئێستا ئەبێ ئوتنەپێشتیم و

جووتەکەی هاوتای ئێمە بن، ئەبێ ئوتنەپێشتیم لە شوێنە دوورەکاندا دانیشێ و ماڵ دروست بکات. ئەبێ ئوتنەپێشتیم لە دوور لە قەراغ دەریا لەوێ کە ڕۆخانەکان دەڕژێنە دەریاوە ماڵ بسازێ و دابنیشێت

ئاوا بوو کە خوایان ناردمیان بۆ دووری دوور. لە دەریادا جێگایان دام و مامەوە. ئێستا کام خوا هەیە لە خوایان کە بەزەیی بە تۆدا بێتەوە یارمەتیت بدات؟ کێیە کە بتباتە جەرگەی خوایانەوە؟ تا ئەو ژیانە بدۆزیتەوە کە دوی کەوتووی. ئەی گێڵگامێش!ئەبێ تێکۆشی کە شەش ڕۆژ و شەو نەخەوی.

گێڵگامێش لە ڕەنج و کەسەری ڕێگا ڕزگاری بووبوو. تازە لەسەر قاڵی زەوی دادەنیشت کە خەوێکی خەست و گران دای بە سەریا و وەک زەلان فڕاندی

ئوتنەپێشتیم بە هاوسەرەکەی خۆی وت: سەیری ئەم پیاوە مەزن و بەهێزەکە کە کەوتووەتە شوێن ڕازی ژیان و لەبەرامبەر خەودا کە وەک زەلان داویە بەسەریا خۆی ڕانەگرت و ڕانەوەستا.

ژن بە هاوسەرەکەی خۆی ئوتنەپێشتیم دەڵێ:

ڕای وەشێنن یا خەبەری بێتەوە لە کوێەو هاتووە با بە سەلامەت بڕواتەوە هەر لەو دەرگایەوە کە هاتووەو بچێتەوە بۆ ماڵەوە.

ئوتنەپێشتیم بە هاوسەری خۆی دەڵێ:

وەی کە تۆ لەگەڵ ئادەمیزادەکان بە بەزەیت، هەستە نانێکی بۆ بکەو بیخە ژوور سەری. خاتوون هەستاو نانی بۆ دروست کرد و خستیە ژوورسەری و ئەو ڕۆژانەی کە خەوتبوو لە بەدەنەی کەشتی بەخەت دیاری دەکردن.

نانی یەکەم وشکە

نانی دوهەم نیوە وشکە
نانی سێهەم نەرمە
نانی چوارەم سپییە
نانی پێنجەم زەردە
نانی شەشەم باش برژاوە
نانی حەوتەم

لەپڕ ڕای دەوەشێنێ، پیاوی نامۆ لە خەو هەڵدەستێ، گێڵگامێش بە ئوتنەپێشتیم دوور دەڵێ لە ماندویەتی و بێهێزیدا خەو بەسەرما کشا، لە ماندوویەتیا خەو وەک دەسەڵات داریٚ خۆی بەسەرما زاڵ کرد، تۆ خێرا بە ڕاوەشانێ لە خەو ڕات پەڕاندم

وە ئوتنەپێشتیم بە گێڵگامێشی وت:

شەش نان دروست کرا تۆ هەر خەوتبووی، ئێستا نانە دروست کراوەکان ئاگاداری ڕێژەی ڕۆژەکانی خەوتنت دەکەن.

گێڵگامێش بە ئوتنەپێشتیم دەڵێ: ئێستا ئەبێ چی بکەم؟ ئەی ئوتنەپێشتیم ڕوو لە کوێ بنێم؟ خەو وەک دز ڕفاندمی. مەرگ لە خەوما هێلانەی کرددوە. لە ژوورەکەمدا لە هەر کوێ کە من هەبم مەرگ میوانە.

ئوتنەپێشتیم بە ئورشەنبی بە کەشتیەوانی خۆی دەڵێ: ئورشەنبی لەمەودوا سارای زەریای من تۆ نابینێ و بواری ئاو لەمەودوا نابێ ڕێگات بدات کە هیچ مِرێک و مرۆیەک بەرەو ئێرە تێپەڕێنی. هەتا ئەگەر ئاوی ئشتیاقی باخی من بیسووتێنێ، پیاوێک کە هێناوتە بۆ ئێرە بەرگی پیسی لەبەردایە، جوانی ئەندامی پێستی گیاندارانی دەر و دەشت دای پۆشیووە، ئێستا لەگەڵ خۆت بیبە تا پاک خۆی بشۆرێ. ئەبێ پێستەکان داکەنێ، ئەبێ پێستەکان بدات بە دەریادا، ئەبێ جارێکیتر پەیکەری

تریفەی بێت و تەوێڵی پێشانی بەندێکی دیکەی تازەی دەوێت، ئەبێ بەرگی نوێ و چاک لەبەرکات و دای پۆشن، با بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، با ڕێگا بەرەو نیشتمانی خۆی هەڵگرێ. ئەبێ ئەم بەرگانە هەمیشە لە بەریدابن و هەمیشە تازە بمێننەوە.

ئورشەنبی بووە چاو ساغی گێڵگامێش بە ئاوی زوڵاڵ پاک خۆی شۆری. پێستی داکەندو دای بە دەم دەریاوە، جارێکیتر ڕواڵەتی جوانی دەرکەوت، پێشانی بەندێکی تازەی بەست. بەرگی تازەی کردە بەر تا بیشارێتەوە، تا بەرەو زێدی خۆی بگەڕێتەوە، تا لە ڕێوە بەرەو وڵاتی خۆت بچێتەوە، ئەبێ کە ئەم بەرگانەی لە بەرا بمێنێتەوەو ئەبێ هەمیشە تازە بن.

گێڵگامێش لەگەڵ ئورشەنەبی لە کەشتیدا دانیشتوون، چاویان بڕیوەتە ئاوی دەریا و ئەندێشەی سەفەر ڕای دەکێشان و دەجمان، وە خاتوون بە هاوسەرەکەی خۆی ئوتنەپێشتیم دەڵێ:

ئێستا ئەوە گێڵگامێشە کە ئەڕوات، تەنگەژەی زۆری بینی و ئازاری زۆری کێشا، چی پێ ئەدەی تا شاد بەرەو وڵات بچێتەوە؟ گێڵگامێش گوێی لە دەنگی بوو، تیرەکی کەشتی گرت و جارێکیتر بەرەو ساحل گەڕایەوە.

ئوتنەپێشتیم بە گێڵگامێشی وت:

ئەی گێڵگامێش، ئێستا تۆ کە دەڕۆی، تۆ تەنگەژەی زۆرت بینی و کەسەری زۆرت کێشا، چیت دەمێ تا شاد و سەر زەوق بەرەو وڵاتت بڕۆیتەوە؟ با گرێی ڕازێکت بۆ بکەمەوە با ئاگاداری ئیحجازی شاراوەی گیایەکت کەم، ئەو گیایە، وەک بنچکە دڕک دەنوێنێ و لە قوڵاییە دوورەکاندا لە قوڵاییە قوڵەکانی دەریادا دەڕوێ. چقڵەکانی وەک تێخی ژووژووە، لە دەریا شیرینەکاندا

دوور دەڕوێ، تا ئەو گیایە بە دەست بێنی و لێی بخۆیت. لاویت دەگەڕێتەوە و گەنجیت لە گیانتا هێلانە دەکا. گێڵگامێش گوێ لە قسەکانی بوو.

کەشتی سنگی دەریای شەق کردو بەرەو دوور دووری دوور لێیان خوڕی تا گەشتنە دەریای دووری ئاوی شیرین.

گێڵگامێش پشتێنی کردەوە، خۆی ڕووت کردەوە، گەلێ بەردی قورسی بەست بە پێیەکانی خۆیەوە، بەردەکان کێشایانە خوارەوە بەرەو قوڵایی دەریا کێشیان کرد. لە قوڵایی دەریادا گیای بینی وەک بنچکە دڕکێ، گیای هەڵکێشا و توووند گرتی بە دەستەوە. بەردەکانی کردەوەو لە پاڵ کەشتیدا سەری دەر هانی

ئێستا گێڵگامێش لە کەشتیدا دانیشتووە لە لاپاڵ کەشتیەواندا. گوڵی ئیعجاز ئامێزی دەریای لە دەستایە. گێڵگامێش بە ئورشنەبی کەشتیەوان دەڵێ:

ئورشەنبی ئێستە گیا لێرەیە، لای منە، وە ئەم گیایە کەلاوی نەبڕاوە دەبەخشێ. ئێستا ئیشتیاقی سۆزانی مرۆڤ دێتە دی، ئێستا گیایەکە ڕازەکانئ جوانی دەهێڵێتەوە. ئەمەوێ بیبەم بۆ ئوروکی شوورە کێشراوی خۆم، ئەمەوێ بیدەمە هەموو پاڵەوانانی خۆم، ئەمەوێ بەشی زۆر کەسی لێ بدەم، ناوی وایە: جارێکی تر پیر لاو دەبیتەوە" لێی دەخۆم تا دیسان جەوان ۻەوەو هێز و تەوژمی لاوی بەدەست بێنمەوە.

بیست سەعات دووجار پێکەوە ڕۆیشتن، ڕۆیشتن تا وشکی لە دوورەوە خۆی نواند. چون سی سەعات ڕۆیشتن لە وشکیدا لەنگەریان کێشا و هەواریان خست. گێڵگامێش کانیاوێکی خاوێن و ڕوونی بینی، خۆی ڕووت کردەوەو کشایە ناو ئاوەکەوە. لە فێنکایی لەزەت بەخشی ئاوا خۆی ڕەها کرد و شۆری

ماریٚ بۆنی گیای کرد، کشایە پێشەوەو گیاکەی بە تەواوی خوارد، پێستی کۆنەی فڕێدا و سەرتاپای جوان بوەوە. هەڵدەگەڕێتەوە هاواری نفرین دەکێشیٚ، گێڵگامێش لە خاک دا دەکەویٚ و گازە دەکات فرمێسک ڕواڵەتی دەگرنە بەر

گێڵگامێش چاو دەبڕێتە چاوی کەشتیەوان و زار زار هاوار دەکات: ئورشەنبی بازوەکان بۆ کیٚ زەحمەتیان کێشا؟ بۆ کیٚ خوێن لە دڵم دەباریٚ؟ تەنگەژەی زۆرم دیووە، ئاکامەکەی بۆ من نەبوو، چاکەم لەگەڵ کرمی کشاوی خاک کرد. ئەم گیایە بەرەو دوور کێشامی و لە دەریا دوورەکان نزیکی کردمەوە، ئێستا ئەمەویٚ دەریا و ڕووبارە دوورەکان تاوتویٚ کەین واز لە کەشتی بێنە با هەر لە ساحلدا بمێنن

بیست سەعات پێکەوە ڕۆیشتن تا گۆشەیەک لە پەرەستگا دەرکەوت. چون سی سەعات پێکەوە ڕۆیشتن و هەواریان خست. چاویان بەڕوی شارێکا کرایەوە کە پەرەستگای پیرۆزی لە ئامێز گرتبوو. ئەوان گەیشتنە ئوروک شاریٚ کە شورەی بەرزی هەیە.

گێڵگامێش بە ئورشەنبی کەشتیەوان دەڵیٚ:

لە شوورە ئورشەنبی لە شوورە بچۆرە سەرەوە، بچۆرە سەر شوورەی شاری ئوروک و تاویٚ بگەڕیٚ، ئوروک شارێکە کە شوورەی یەکجار بڵندو بەهێزی هەیە. سەیرکە چۆن بناغەی مەحکەم کراوە، سەیرکە چیای پەرەستگا چۆن بڵندە و بەرز سەنگەرێکە. سەیرەی خانووبەرە گەورە باشەکان بکە کە لە خشت دروست کراون. ئەوانە هەمووی لە خشت دروست کراون. حەوت وەستای زانا، ڕاوێژکارم بوون و ئەم نەخشانەیان لەگەڵم دا تاو تۆی کردووە. لە شاردا، جێگایەک، زەوینیٚ، باخیٚ،

کۆشکێ بۆ ژیان، ئەبێ بۆ تۆ بێت، تۆ ئەبێ ماڵی خۆت لە ئوروکی شووره کێشراودا دروست بکەی.

## پەردەی دوازدەهەم

گێڵگامێش، لە ئوروک لە شارێکدا کە شوورەی بەرزی هەیە فەرمان ڕەوایە، ئەو شا گێڵگامێش شەمەن و کاهن و جادووبزان و بەندکەرانی گیان خڕ دەکاتەوە.

گیانی ئەنکیدۆ بانگ کەن، پێم بڵێن: چۆن ئەتوانم سێبەری ئەنکیدۆ ببینم؟ ئەمەوێ چارەنووسی مردوەکانی لێ بپرسم.

پیرترین کاهن بە ئەو بە شا گێڵگامێش دەڵێ:

گێڵگامێش، ئەگەر ئەتەوێ بڕۆیتە دنیای ژێر خاک، بڕۆیتە یانەی خوای مەزنی مردوەکان ئەبێ بەرگی کۆنەو پیس بپۆشی، نابێ ڕۆنی نایاب لە خۆت بەی، تا بۆنی خۆش گیانە فەرامۆش کراوەکان دنە نەدات ئاپۆرەت لێ نەبەستن. نابێ کەمانەکەت لە دەست دانێی تا ئەوانەی کە بە تیری تۆ کوژراون گەمارۆت

نەدەن. ئەبێ گورزی گاسەرت دانێی تا گیان مردوەکان لێت ڕانەکەن، ئەبێ پوزەوانە داکەنی و ئارام پێ لە سەر خاک دانێی ئەبێ خاتوونی خۆشەویستت ماچ نەکەی وە خاتوونێ کە لێی قەڵسی نەبوغزێنی، ئەبێ منداڵی خۆشەویستت لە باوەش نەگری و ئەو منداڵەی کە لێی تووڕەی لێی قەڵس و هەڵچوو نەبیت، تا هاواری جەماوەری ژێر خاک بەسەرتا دانەبارێ.

گێڵگامێش پێدەخاتە ڕێگای بیابانی نەبڕاوەوە، گێڵگامێش پێدەنێتە دەرگای دنیای ژێر خاک، گێڵگامێش دەگاتە یانەی تاریکی ئیرکلێل بەرەو یانەی ئەو پێهەڵدەگرێ. بەرەو ئەو یانەیەی کە هەرکەس هاتووە نەچووەتەوە، ئەو ڕێگایەی کە تەی دەکرد ڕێگایەک بوو کە گەڕانەوەی قەت بۆ نەبوو، ماڵێ کە پێی تێ ئەخست ماڵێ بوو کە دانیشتوانی لە ڕۆشنایی بێ نەسیببوون، خاکی ڕۆس و تۆزی زەوین خواردنیانە، چاویان لە ڕۆشنایدا هەڵ نایە و لە تاریکیدا کورپە دەکەن. جەستەیان بە پەڕ داپۆشراوە، باڵێکی وەک باڵی باڵندەکانیان هەیە.

گێڵگامێش تەقە لە دەرگە دێنێ و دەرگەوان بانگ دەکات،

ئەهای دەرگەوان، دەرگە وەکە، تا بتوانم بێمە ژورەوە! وەگەرنا هەر ئێستا دەرگە دەشکێنم و پشکۆڵی ورد دەکەم.

دەرگەوان دەرگەی بۆ کردەوە، باڵاپۆشی لێ کردەوە، لەگەڵیا حەوت دەرگای بڵند پەڕیەوە دانە دانە، بەرگەکانی گێڵگامێشی کردەوە، سەرتاپا ڕووت چووە وڵاتی مردووانەوە

هەر کە ئەو، گێڵگامێش هاتە بەرامبەر ئەرشیکیگل وای پێ وت:

لێ گەڕێ با ئەنکیدۆی هاوڕێی من، بێت بۆ لام، ئەمەوێ چارەنووسی مردوانی لێ بپرسم. بەڵام یا سەوڵ و کلیدداری

ئەرشیکیگل نەیان دەهێشت مردووان بجمێن ئەرشیکیگل خۆشی نەیدەهێشت کە بجمێنن

بەس ئەرشیکیگل بەرز بە گێڵگامێشی وت:

ناتوانی مردو ببینی، تۆیان بۆ ئێرە بانگهێشت نەکردووە

گێڵگامێش غەمبار و پەرێشان لە یانەی مەرگ گەڕایەوە. لە حەوت دەرگە تێپەڕیوە وە دانە دانە بەرگەکانی هەڵگرتەوە. گەیشتنە ئاوی قووڵ و لە دەرگای ئائە خواوەندی ژێری لایە قووڵەکان کەوتە گازە، وە بە ئەو وای وت:

سێبەری ئەنکیدۆم لە قووڵایی خاکەوە بۆ بنێرە، جیهانی ژێر خاک وازی لێ نایەنێن

باوکی قووڵی گازەکانی ئەوی بیست وە نرگلی بەهێزی خوای مردوەکانی بانگ کرد. بە نرگلی وای وت:

خێرا بە، لە زەویدا کونێ بکەوە گیانی ئەنکیدۆ بێنە دەرەوە تا لەگەڵ براکەی خۆی گێڵگامێش بدوێت.

نرگلی بەهێز خێرا کونێکی کردە زەوین و سێبەری ئەنکیدۆی دەرهانی، یەکیان ناسی، دوور لە یەوک وەستان، پێکەوە قسەیان دەکرد، گێڵگامێش بە دەنگی بەرز هاواری ئەکرد و سێبەر لە وەڵامیا دەی چریکان.

گێڵگامێش بە ئەوە، بە سێبەری وت: قسە بکە، هاوڕێم قسە بکە، هەواڵم بدەرێ، ئێستا لەبارەی یاسای خاکەوە کە دیووتە قسەم بۆ بکەوە.

سێبەر وتی: ناتوانم لەوبارەیەوە هیچت پێ بلێم، ئەی هاوڕێ، ناتوانم هیچ بڵێم ئەگەر لەبارەی یاسای خاکەوە کە دیوومە شتێکت بۆ باس بکەم لە خاکدا یانە دەکەیت و زار زار چەمەری دەگێڕی.

گێڵگامێش وتی: ئەی هاوڕێ ئەمەوێ هەمیشە بگریم و لە خاکی ساردا دانیشم

سێبەر وتی: ئێستا سەیری من بکە تا بزانی هاوڕێیەک کە تۆ بە دەستی خۆت دەستت شێلا و گیانت پێ شاد دەبوو، چۆن کرم وەک بەرگی ڕزیو دەی جوون، ئەنکیدۆ هاوڕێ تۆ کە دەستی و دەگرتە دەست، وەها، وەک خاکی ڕۆسی لێهاتووە، ئەنکیدۆ بۆتە تۆزی زەوی ئەنکیدۆ هاوڕێی تۆ، کەوتە خاک بووە خۆڵ.

هەر کە گێڵگامێش ویستی پرس بکا، سێبەری ئەنکیدۆ نەماو ون بوو. ئیتر گێڵگامێش گەڕایەوە ئوروک، شارێ کە شورەی بەهێز و بەرزی هەیە و پەرەستگای لە سەر تەپەی پیرۆزەوە بەرەو ئاسمان سەری کشاوە.

گێڵگامێش ڕاکشا تا بخەوێ، لەتەلاری پڕ بریقەی کۆشکا مەرگ ئارام لە ئامێزی گرت.

## شوێن پێی کولتوری کوردی لە ئوستوورەی گێڵگامێشدا

پێش هەر وتە و دووانێک ڕەنگە دەم وەدەست ئەم پرسە بۆ خوێنەری وریا سەرهەڵبدات بۆ نووسراوە [گێڵگامێش] و بۆ نەنەووسراوە [گێل گەمێش] یا گلگەمێش و جۆرەکانی تری بێژەکردنی ئەم ناوە لای گەلانی دەڤەرەکە. بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسە و هەڵبژاردنی ئەم ناوە؛ سەرەتا پێویستە بەستێن و کولتوور و شارستانی و جوگرافیاو ڕوانگەیەک بناسین کە ئوستورەی گێڵگامێش تیایدا ڕسکاوە و ڕووی داوە.

سەرەتا بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسە و باسکردنی ناوەکە پێویستە لە گەڵ زمان و کولتوور و شارستانی و دین لە سۆمەردا زۆر بە پووختی و کورتی ئاشنا بین و باسێکی ئەم شارستانییەتە بکەین. من پێم وانییە کە ئەوە تەنیا ناوەکەیە کە لە کولتووری

کوردیەوە نزیکە، بەڵکوو سەرتاسەری ئەم ئوستورەیە ناوئاخن و لێورێژە لە کولتوور و شارستانیەتی مادو هەموو گەلانی پرۆمادی مێژووی زاگرۆس و نێوان دوو ڕووبار. لەبەرتیشکی ئەم بۆچوونە ئوستورەی گێڵگامێش دەخوێنینەوە.

## سۆمەریەکان

وەک لە سەرچاوە مێژوویەکاندا دیارە و دەردەکەوێت، سۆمەریەکان هیچکات خۆیان بە خۆیان نەوتووە سۆمەری. سۆمەری ناوێکە کە ئاشووریەکان ئەو ناوەیان لە سەر سۆمەریەکان داناوە. ئەم ناونانە لەلایەن ئاشووریەکانەوە بەمەبەستی تایبەت بووە. سۆمەریەکان خۆیان بە خۆیان وتووە[ئوریکی] ئەم ناوە ناوی شارێکی سۆمەریەکان خۆیان بووە. شاری بەناوبانگی [ئورۆک] لەهەمان جۆرە. کاتی خۆی کاسیەکان بە وڵاتی بابل و دەشتی نێوان ڕوو بارانیان و تووە [کاردۆنیاش] کاردۆنیاش واتە؛ وڵاتی خواوەند دۆنیاش. کاردۆنیاو وشەی کاردۆنیا لەو وشە گرنگانەی زمانی سۆمەرین کە ئاماژە بۆ قوڵایی و ڕیشەو ڕەچەڵەکێکی مێژووی زاگرۆسی دەکەن و لەزۆر

بابەتی گرنگ نزیکمان دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە بزانین ئەم وشە واتە [کاردۆنیا] کەم کەم. دەگۆڕێت و دەبێتە کاردۆنیاو کاردۆخ.

سۆمەریەکان وشەی [کور]یان، بەدوو مانا بەکار هانیوە، دوومانایی ئەم وشە لەزمانی سۆمەریەکاندا پەنجەرەیەکی گەورە بۆ ئێمە دەکاتەوە، کە دەتوانین لەم پەنجەرەیەوە ئاوڕێکی بابەتیانە لە گێڵگامێش و پێکهاتەو ناوی ئەم ئوستورە و شارستانیەتی سۆمەر بدەینەوە. [کوڕ] لای سۆمەریەکان واتە؛چیا، ماناکەی دیکەشی واتە؛ نیشتمان، یا سەرزەوینێ کە نیشتمانە. ئەم وشە بە ڕوونی دەڵێ؛ نیشتمانی یەکەمین و سەرەتایی سۆمەریەکان پێش دابەزینیان بۆ دەشتی میسۆپۆتامیا چیا بووە و خۆشیان چیانشین بوون. لەم وشەدا هەستێک لە نۆستاڵۆژیا شەپۆل دەدات و شیاوە هەر لێرەدا و لەم دەرفەتەدا ئاوڕێک لەم وشە لە هەنووکەی زمانی کوردیدا بدەینەوە. ئەم وشە وەک دەنگ و پێکهاتەو مانا دەقا و دەق وەک خۆی لەزمانی کوردیدا ماوەتەوە، سەرەڕای فۆرمێکی حەماسی کە ئەم وشە لەزمانی کوردیدا هەیەتی.

لەزمانی کوردیدا ئەم وشە هەنووکەش بە مانای چیا بەکاردێت. ناوەکانی [کوڕەکاژاو، کوڕە مریەم، کوڕە میانە] ناوەکانی [کوڕکوڕە و کوڕەداوێ] واتە دامێنی چیا. دەقاو دەق واتە چیاو لەوەش زۆرتر واتە لوتکە و بەرزترین ئاستی چیا. جگە لە مەش ئەگەر سەیرێکی وشەی [کورسان] بکەین لەشێوە ئاخاوتنی ئەردەڵانیدا کە بە شاری سنە ئێژن؛ کورسان، بەهەردوو دیوودا مانای سەردەمی سۆمەریەکان بە ئێمە دەگەیەنێ. سنە شارێکی مەزن و دێرینی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەو لەباوەشی

کۆمەڵە چیای ئاویەر و ئارێزدا هەڵکوتووە. ئەوەی کە سنە خۆیی و ناوەکەیی و چیای ئاویەر و شوێنەوارە جوگرافیەکانی تری هەڵگری زۆر باس و لێکۆڵینەوەن بابەتێکی جێی باسە، کە دەکرێت لەدەرفەتی شیاودا باسبکرێت. چیای [کوڕەکورداخ] لەدەڤەری پشدەری باشوور کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەریەکان ئاماژەیەکی ترە. وادیارە سۆمەریەکان پێش خواربوونەوەیان بۆ دەشتەکان لەم دەڤەرە ژیاون، ئاماژەو بەڵگەیەکی دیکەیە کەدەتوانین سەرنجی بخەینەسەر. پێش باسی دین و هاوبەشیەکانی زمانی سۆمەری کوردی، دەکرێ بڵێین؛ مێژووی دەڤەرەکە لەبەردەستە و بۆمان دەردەخات کە دەڤەری نێوان ڕووباران، لە هەزارەی سێهەمی پێش زایینەوە سەرزەوین و هەوار و زێدی کورد یا هۆزەکوردەکان بووە. لە مێژوودا، پێشتر لەهەزارەی سێهەمی پ ز هوریانی ناو و پێناسەیەکی فراوان و گشتگیر بووە بۆ دەڤەری باکوری ڕۆژئاوای سەرزەوینەکانی ماد، کە سێ فەرمانڕەوایی هاوبەند و بەهێزی [میتانی، ئۆرارتو، مانایی] بەزمانی نزیک و هاوبەش تێدا هەبوون لەگەڵ هۆزەکانی [لۆلۆی، گووتی و یاقوتی] هەموویان لەم زێد و دەڤەرەدا ژیاون. گووتی و لۆلۆیەکان و کاسیەکان و ئیلامیەکان زۆرینەی سەرزەوینەکانی میسۆپۆتامیا و سەراسەری کوردستان و تورکیەیەیان لەژێر دەست‌دا بووە. کاسیەکان دەشتاییەکانی بابلیان بەدەستەوە بووە و تا هەزارەی دووهەمی پ ز هەر باڵادەست بوون. بەپێی دەقە مێژوویەکان گووتییەکان لە سەدەی (٢٣) پێش زایین چوونەتە میسۆپۆتامیاو نێوان ڕووباران و کاسیەکانیش لە سەدەی (١٨) هەژدە جارێکی دیکە چوونەتەوە ئەم دەڤەرە .

'سپایزەر' دەڵێ؛ گەلانی میسۆپۆپتامیا پێشینەکوردن و دەگەڕێنەوە بۆ ٦٠٠٠ساڵ و هەمووشیان گووتین.

ئاماژە مێژووییەکان پێمان دەڵێن؛ ئەو هۆزانەی کە کورد یا پرۆکوردن، چەندین دەیە پێش سۆمەریەکان لەو ناوچەیە ژیاون بۆیە دەلێن؛ ئەوەی بەشێوەیەکی بنەمایی و بەرچاو کاری کردۆتە سەر کولتوور و شارستانیەتی سۆمەریەکان، کولتوورو شارستانیەتی مادەکان بووە نەک شارستانیەتێکی تر.

## بەراووردێکی وشە سۆمەریەکان و کوردیەکان

| سۆمەری | کوردی |
| --- | --- |
| ئەرد | هەرد ئەرز |
| هەشت | هەشت |
| باران | باران |
| بابیرلا | باپیرە |
| چی | چی |
| چیاسوور | چیاسوور |
| جی | جێ |
| دار | دار |
| نڤسەر | نڤیسەر |
| گو | گوێ. وەک گوێ ئاو |
| کەڵەگا | کەڵەگا |
| نوموزو | نازانم، نازانێ |
| مو | جێناوە، من، لوری ئەستاش (مو) |
| ئانێ | جێناوە، ئەو |
| ئانێ نێ | ئەوان |

| | |
|---|---|
| ئاپن | گاسن |
| کور، خوای خوارەوە | کوورڕ |
| کارداکا | کوردستان |
| عەمبار | هەمبار |
| ئوڕی | ئەمرۆ |
| زو | زانین، زو زو، زۆرزان |
| گا | گا |
| دینکار، خواوەند | دین و دینکار |
| هە | دە |
| باڕ | بڕین |
| دو | دەمو دوو، دوان، قسەکردن |

دیاکۆنۆف دەڵێ: زمانەکانی هوری وئۆرارتو وهۆزەکانی لۆلۆیی وئیلامیەکان لە ڕووی ڕەگەزیی و زبانییەوە ئێجگار لەیەک نزیکن. لەبارەی زمانی سۆمەری و تایبەتمەندی زاگرۆسی بوونیەوە دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حلمی دەڵێ؛ من گومانم نییەکە هەردوو زمانی سۆمەری و ئیلامی لە کۆنترین و ڕەسەنترین زمانەکانی دەڤەری زاگرۆسن و هەریەکەیان لە زێدو چرکەساتی تایبەتی خۆیدا گەشەیان کردووە و بەشێوەی زمانی ڕۆژانە و دوان و ئاخاوتن دەرکەوتوون، پاشان گەشەیان کردوە و بوون بەشێوەی نووسین. دواتر بۆخۆیان بوونەتە زمانی سەربەخۆ وەک زمان دەرکەوتوون .

سەرەڕای ئەمەش ئەو مۆرە لوولەیی و گڵینانەی لە سۆمریەکان بەجێماون بە هەندێک وێنە و هێما نەخشێنراون، کە

هەموو یا بەشی هەرە زۆری ئەو هێما و نەخشانە دەرخەری کە نیشتمانی ئەوان پێش خواربوونەوەیان بۆ دەشت، چیا بووە و لە چیاکانیشدا زاگرۆسە. نەخشەکانی کەڵەکێویی و پەز و بزن و ئەو دار سنەوبەرانەی کە لەم مۆرانەدا دیارن، پڕاوپڕ لەگەڵ جوگرافیا و ئاژەڵەکانی ئەم دەڤەرە دێنەوە. ئەو سیماو بوونانە هەڵگری شقڵی جوگرافیایی زێدی خۆیانن، کە زاگرۆسە. گومانی تێدانییە کە جوگرافیا شقلی خۆی لە مرۆڤ و سرووشت و گیانەوەرکان دەدات. بەهاسانی دەتوانین جێ دەستی جوگرافیا جیاوازەکان بە ژیان و ژیواری گەلان و بوونی مرۆڤ و گیان لەبەرانەوە بدۆزینەوە. لە سەفەرەکانی گێڵگامێش بۆ دۆزینەوەی ڕازی نەمری، باسی ئەوە دەکەین کە سەرزەوینی سەفەرەکانی گێڵگامێش و ئەو هەردەگێڵییەی کە ئەو هەیەتی جگەلە زاگرۆس و چیاکانی ناتوانێ شوێنێکی دیکە بێت.

## دین لە کۆمەڵگای سۆمەردا

هەروەک لە دەقەکاندا دیارە کۆمەڵگای سۆمەر کۆمەڵگایەکی فرە خوایە. خواکانی سۆمەر ڕەفتارو سەلیقەی مرۆڤانەو هەڵوێستی خوایی ڕەنگڕێژ و بەرجەستەیان دەکاتەوە. دین لەسەرزەوین و ژیانی ڕۆژانەی سۆمەردا ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ و بەرچاوی هەیە. دین هێندە تەشەنەی کردۆتە ژیانی سۆمەریەکانەوە ڕۆڵێکی مەزنی داوەتە زێوانی پەرستگاکان و لە دەسەڵات و چینی فەرمانرەوا نزیکی کردوونەتەوە و یەکێ لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بڕیار و فەرمانڕەوایی بوون. بۆ گرنگی دین هێندە بەسە کە پادشا و دەسەڵاتدارانی سۆمەر خۆیان هەندێکجار بە زێوان و خزمەتکاری پەرستگاکان زانیوە، یا کەسانی نزیک لەخۆیان وەک، کچان و هاوسەرانی خۆیان بۆ کارکردن لەم پەرستگایانەدا تەرخانکردووە.

پێ دەچێت سۆمەریەکان هەروەک باو باپیرە دێرینەکانی خۆیان سەرەتا دیاردە و بابەتەکانی سرووشتیان پەرست بێت. بە

ڕوانگەیەکی زاگرۆسیانەوە چاوی پەرستنیان لە دیاردەکانی وەک ئاسمان و با و خۆر و ... هتد بوو بێت.

دیاردەی دینە سرووشتیەکان لەزاگرۆس دا ڕیشەیەکی دێرین و لەمێژینەی هەیەو گرێدراوییەکی دانەبڕاوی بە واقعی مادی ژیان و زەوینی بوونی باوەڕەکان و ڕۆڵی ئافرێنەرانی ژنەوە بووە و هەیە. سەردەمی خوا سرووشتیەکان سەردەمی دەسەڵاتی زەوینە بەسەر ئاسماندا. بوونەکان بوونێکی مادی و بەردەستن، نەک سەر و مرۆڤی و سەر و ئەقلانی و میتافیزیکی. هەر لە دەرکەوتنی میتراو زەروانەوە تادەگاتە هوریەکان و دین لە سۆمەردا، ئەم ڕەوتە هەر هەیە. لە زەڕدەشتیش دا بەشێوەیەکی دیکە درێژدەبێتەوە و خۆی دەخزێنێتە ناو دینە ئاسمانیەکانیشەوە هەرچەندە ڕەنگە بتوانین بڵێن؛ دەورانی سۆمەری گێڵگامێش سەرەتای دەرکەوتنی خوای ئاسمانی و بەنێرینەبوونی دینە.

جێ پەنجەی هۆزەکانی هوری و هیتی و...هتد بە ئایینی سۆمەرەوە دیارە. هەروەک ئەوەی کە بەفراوانی وشەگەلی هوری لەزمانی سۆمەریەکاندا دیارە و خۆدەنوێنێ. هەرلە هەنگاوەکانی سەرەتای بیچم گرتنی شارستانیەتی سۆمەرەوە، هوریەکان دەوریان هەبووە وشوێن دەستیان دیارە. بەواتایەکی تر لەنێوان هوریە سەرەتاییە جووتیارەکانی نێوان ڕووباران و سۆمەریە شارنشینەکاندا جۆرە پەیمانێکی سرووشتی هەبووە. ئاسەوارەکانی ئەم تێکەڵی و هاوپەیمانییە لە ئوستورەکانی [ئینانا و گێڵ گەمێش]دا بە بەرجەستەیی دیارە. ئەگەر ئاسەوار و پاش ماوە و تەشەنەی دین لە کوردستانی دێرین و سۆمەردا بەباڵای یەک بگرین، زۆر ڕاستیی نکوڵی لێنەکراومان بۆ دەردەکەوێت. لە

هەندێک جێگەو کاتدا زۆر بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین؛ ئایینی سۆمەریەکان و ئایینی جەماوەری خەڵکی چیاکانی زاگرۆس هەر یەک ئایینە. شوێنەوار و دەرکەوتەو تەشەنەی دینی هاوبەش لە گوندەکانی [گورەکانی و بەردە بەلەک و پاڵەگەوورە و چەرموو] ئەم بۆچوونە بەتەواویی دەسەلمێنن.

دۆزینەوەی کۆیەک؛لە پەیکەرەی خوای دایک، لەم دەڤەرانەو هەرێمی سۆمەری کۆن لەو بەڵگانەن، کە دەتوانن سەلمێنەری یەک دیینیی ئەم دوو دەڤەرەبن. ئەو پەیکەرە خوایە بچووکانەی کە سۆمەریەکان پێیان وتوون؛ [نەنخورسانگا] پەیکەرە خوای دایک یا خوای پیت وبەرەکەتە. خالێکی دیکەی یەکجار گرنگ ئەمەیە، کە سۆمەریەکان سەرەڕای ئەوەی کەبەم پەیکەرە خوایانەیان وتووە خوای دایک مانایەکی دیکەیشی هەبووە لایان، کە بریتی بووە لە سەروەری چیا. ئەم واتا ڕاستەوخۆ چیاو چیاکانی زاگرۆسمان بۆ وێنادەکات. یەکەمین زاگرۆسیەکان گازە و دووانی ئایینی خۆیان لەگەڵ خوادا هەمیشە لە سەر کوڕە و دووندی چیا مەزنەکان ئەنجام داوە. زیگۆراتی سۆمەریەکانیش لەنەبوونی چیادا لەسەر تەپۆڵکەو شوێنە بەرزەکان سازکراون، وەک کوڕەی چیایەک لە دڵی ئاوەدانی و شارەکانیاندا بەرەو ئاسمان هەڵکشاون .

سۆمەریەکان سەرەڕای ئەوەی خوای زۆریان پەرستووە، تەنانەت هەندێک لەشارەکان خوای تایبەتی خۆیان هەبووە، بەڵام لەم نێوەدا حەوت خوای مەزن و فرە بەناوبانگیان هەبووە بە ناوەکانی

ئانۆ؛ خوای یەزدانی ئاسمان و هەموو یەزدانەکانی تر

ئەنلیل؛ دووهەمین یەزدانی مەزن و یەزدانی با.

ئەنکی؛ یەزدانی زەوین و ئاو .

ئۆتۆ؛ خوای خۆر .

ئەنگرەسۆ؛ خوای مەزنی شاری گرسۆ .

مەردوخ

نەنخورسانگا؛ یەزدانی دایک.

فرەخوایی سۆمەریەکان لەبنەڕەتدا جیاله فرەخوایی هوریەکان نییە. هۆز یا کۆهوزێکی پرۆکورد یا کوردن، کە فرەخوایی و ژن یەزدانی بەتەواوی لەناویاندا جێگرە و بەشێکە لە پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆئەندامی ڕێکخراوەی ژیواریان. وەک خوا مەزنەکانی؛ تشوب لەگەڵ تەموز چەندە لێک نزیکن. کە مەزنەخوای خوایان بووە و خوای ئاو.

شاوشکا؛ خوای ئەوین. کوش کو. خوای مانگ ناوەش زۆر جێگای ئاماژەو لەسەروەستانە. کوش یا کۆشک ئێستاش لەکوردیدا بەمانای بەرز و مەزنە و خاوەن شکۆ و شکۆ زۆر لەم ناوەنزیکن. لەزۆر ناوچەی کوردستاندا تا ئێستاش بە لەسەریەک چنین و هەڵچنین کۆشک دەڵێن. بەتایبەتی لە دەڤەرە دەشتاییەکاندا بە کۆمای لەسەریەک دەڵێن کۆشک. ڕەنگە لە نێوان چیای خۆشکی دەڤەری دەربەندیخان و ئەم ناوەدا پەیوەندییەک هەبێت. گرنگتر لەوەش ئەم یەزدانە لای هوریەکان یەزدانی مانگ بووە. کە خۆی ئاماژەیە بۆ بڵندی. هاوکات بیرمان بێت کە لای سۆمەریەکان زمان لە بەرابەری بووندا بەکارهاتووە، واتە نوێنەری ڕاستەو خۆی خوابووە. واتە وشە لای ئەوان هەمووشتبووە، تەنیا یەک ئاماژە نەبووە. ڕەنگە ئەو ڕستەیەی ئینجیل هەر بۆ ئەم باوەڕە بگەڕێتەوە کە دەڵێت؛ لەسەرەتادا تەنیا وشە هەبوو. وشە خوا بوو. ئەم ڕوانینە بۆ زمان و

هاوبەشیی و تێکەڵی زمانی سۆمەری و هوریەکان پەیوەندیەکی لێکنەپچڕاو لەنێوانیاندا دەردەخات. خوا کوبابا. خوای یاساو داد، لە دەنگ و شێوەدا دەتوانی خومبابای گێڵگامێش یا هومبابا بێت.

ئایسارا. خوای پاسەوانی دەشت؛ شیمگە، یەزدانی خۆر. شیمگەو شەمەش و شەمس پێدەچێت لەیەک ئاخێزگەبن. ئالای؛ شاژنە خوای مەرگ. خەپات؛ خوای دایک لەلێکدانەوەی ڕاڤەی دەنگ و ڕۆڵی ئەم وشەو خواژن شایەدا ڕەگەزێکی نزیک لە کوردیی هەنووکەش هەیە. سۆمەریەکان گرنگیەکی هێمایی و فراوانیان بەگا داوە و ماسی و دووپشک وەک هێما لە ئوستورەکانیاندا زۆر بەکار هاتوون. ئەفسانەی ئافراندنی کوردی و ڕۆڵی گا لە ڕاگرتنی کەون و بوونەوەر لەداهاتوودا ئاماژەی پێدەدرێت. هوریەکان و هیتیەکان و سۆمەریەکانیش گرنگیەکی فراوانیان بە باخ داوە. ئەم دیاردەلە نێو مادەکانیشدا بەوردی دەبینرێت و لە میترایزمیش دا بەرجستەیە. ئەم ئەگەرەش هەیەکە بەهەشت هەرلێرەوە سەری هەڵدابێت وەک زۆرشتی دیکەی ناو دەقەکۆنە ئوستورەییەکان.

## گا لە ئەفسانەو گێرانەوە کۆنەکاندا

گا لەکۆیک لە ئەفسانەکاندا، بەتایبەتی ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا و هیندو هەندێک دەڤەری دیکەدا گرنگی فراوان و تێڕامانێکی بەرینی هەیە. فراوانی ئەم گرنگی و تێڕامانە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر بوونی گا، لە دەقە ئوستورەیی و دینییەکاندا وەک بوونێکی خاون هێزو نزیک لەپیرۆز، هەروەها ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی دەورانی کشتوکاڵی و لەبنەڕەتیشدا ڕۆڵی لە گواستنەوەی مرۆڤ لە قوربانی یەزدانەکانەوە بۆ کەسی بکوژ. لە ڕەوتی ئەم گواستنەوەدا گا دەبێتە قوربانی. شوێنی مرۆڤی قوربانی دەگرێتەوە و مرۆڤ لەهەڵپەی هەڵلووشینی لە لایەن خوا و باوەڕ و دینەکانەوە ڕزگار دەکات. دەقێکی سۆمەری دەڵێ؛ قوربانی لە مرۆڤەوە گۆڕا بۆ پەز. چەندە لەگەڵ گۆڕینی ئیسماعیل و بەرانەکە نزیکە. میترا گا دەکاتە قوربانی، مرۆڤ لە قوربانی وکوێرەوەری و برسێتی و دڵەڕاوکێ و هەراسی نەمان ڕزگار دەکات. گا لای هندییەکان دایکە. دایکی مەزنی زەوینە. هێمای شەڕی نێوان تاریکی و ڕۆشناییە. چاوگی ژیان و سەرچاوەی زاوزێیە. مانگا لای هەندێ

له گەلانی دنیا ئافرێنەری ژیوار و دینە. دەڵێن؛گا لە زەمەنی بەستەڵەکدا هێندە بە زوان سەهۆڵەکە دەلێسێتەوە و زمانی پیادا دەهێنێ تا پیاوێکی لێ دێتەدەرەوە. ئەم پیاوە پاشان دەبێتە باوکی هەموو جۆرە خواکان. گا لە هەندێک شوێن سومبولی خوای ئاسمان و ئەوین و ژنە. لە ئاسمان و لە ناو ئەستێرەکاندا هێشوە ئەستێرەیەکمان هەیە بەناوی [سەور] واتە جوانەگا. نەوەن گا، کە نیشانەی هێزو لاویی و لێهاتووییە. بەدەستهێنانی گا لای هەندێ لە کولتوور و گەلان نیشانەی بەدەستهێنانی دەسەڵات و لاویی و حەزو هێز و سەرمایەیە.

هەروەک دەزانین هەرکول لەگەشتەکەی خۆیدا [مانگایەکی شەنگ] دەخاتە داو و دەیگرێت و بەم پێیە هەم ژین و هەم ژیوار وەدەست دەخات. لە سەرزەوینی [نێوان ڕووباراندا] گا سومبولی بەرەکەت و هێزی نوێبوونەوەیە، چاودێری پالەوانەکان دەکات و پارێزەری دەوڵەت شار و خوا شارەکانە.

گای دووسەر لای میسریەکان [نوت بانو] نیشانەی چوارگۆشەی زەوینە. وەک دەڵێن؛ چوار قوڕنەی جیهانە. جەژنی ساڵانەی [مەمەفیس] کە فیرعەون بۆ خۆی هاوبەشیی ئەم جەژنەی دەکرد ئاماژەیەکی گرنگ و شیاوی ڕامانە. چیرۆکی کوشتنی گای پیرۆز لەلایەن خەشایارشا و دواجار چارەنووسی خەشایار ئاماژەیەکی دیکەیە. لای میترا گا نیشانەی پیت و بەرەکەت وخوڵقێنەری ژیوار و سەرکەوتنە بەسەر سرووشتدا و هێمای نوێبوونەوە وژیانەوەیە. خوێنی گا ئاوی ژیان و ژیانەوەی زەوین وخولقانی کشتوکاڵە.

لەکوشتنی گا لەلایەن میتراوە هاوکات سەوزبوونی دوو هێشووەگەنم و ڕووانی دارێکی مێو وسەگ و مار و دووپشکێک

دیسان لەو سمبول و ئاماژانانەن، کە یەکسەر هەموو کەوشەن و بوون شرۆڤەدەکەن. دۆزینەوەی گای چوار مشقی لە عیلام، کە پیاڵەیەک شەرابی بەدەستەوەیە، ئاماژە بۆ خوابوونی گایە لەزەمەنێکدا لە وشکارۆی زاگرۆسدا. مێژووی ئەم پەیکەرەیە دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین. گای ئیشتاری سۆمەریەکان و هەروەها گا لای زەروانی و میترا و زەڕدەشتیش گرنگی خۆی هەیە.

ئەفسانەیەکی کوردیمان هەیەکە دەڵێ؛ زەوین واتە کەوشەن و بوون بەهەموو قەوارەی خۆیەوە لەسەر پشتی گایەک وەستاوە. هەر جووڵەیەکی ئەم گایە لە بوون و سروشتدا دەرکەوتەی خۆی هەیە. بۆنموونە جوڵانەوەی مویەکی دەبێتە هۆی هەژانی زەوین و زەوی لەرزە. پاشان ئەم گایە لەسەر پشتی ماسییێکە. گرنگی ماسی لای سۆمەرەیەکان و میترایەکان. دواتر ئەم ماسیە لە دەریا لوشێکدایە، ئاماژە بۆ ڕسکان و بیچمگرتنی ژینە لە ئاوەوە. لێرەدا یەکێ لە دەرکەوتەو ڕەگەزەکانی یارستانی و دینی یاریش بەرچاوە.

## ڕامان لە ئوستورەی گێڵگامێش

هەرچەندە ئەم دەقە لە دوازدە پەردە دا داڕێژراوە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی سەفەرێکی حەوت قۆناغەیە. یا بە واتایەکی تر حەوت خان و برینی حەوت خانە:

یەکەم- ئافڕاندن و هاتنی ئەنکیدۆ بۆ ئوروک .
دووەم- کوشتنی هومبابا .
سێیەم- کوشتنی گای پیرۆزی ئاسمان .
چوارەم- مەرگی ئەنکیدۆ.
پێنجەم- دوو دێوی دووپشکی و دەرەی دەیجووری .
شەشەم- دیداری ئوت نەپشتیم و گەرانەوە .
حەوتەم- سەفەری جیهانی ژێرخاک .

گێڵگامێش کوڕان و بابان لێک جیادەکاتەوە. لاوان دەکاتە سەرباز و شار و شوورەیان پێ دروست دەکات. دەستی کچان

دەگرێ، واتە پێش ئەوەی مێردان بچنەلای هاوسەرانیان گێڵگامێش دەچێتەلایان. ئەمانە بە ڕوونی دەریدەخەن زەمەنی گێڵگامێش زەمەنی ڕسکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی و دەرکەوتەی کۆیلەدارییە. زەمەنی شکان و کەمکردنەوەی شکۆی ژنان و تەنگ هەڵچنینە بە دایکیەزدانی و ژن فرەخوازی سکسی و دەرکەوتەی جۆرە باوک سالارییەک و پیاو فرەخوازی سکیسی.

گێڵگامێش کە خۆی یەک سێهەمی خودایەو باقیەکەی مرۆڤ، لەراستیدا لایەنی هێز و خوایی خۆی لە سەری دایکیەوە بەدەستهێناوە. دایکی ناوی [نینون] و خوا ژنە. باوکی مرۆڤێکی ئاسایی و ناوی [لۆگالیاندا]یە. ئاماژەیە بۆ سەرەتای بەردەستبوونی خواکان و زاڵنەبوونی میتافیزیکی ئاسمانی بە سەر مرۆڤ و زەویندا. بەشی زۆری قارەمانە ئوستورەییەکانی جیهان لەسەری دایکەوە نەمری و ژیری و هێزو دەسەڵات دەگرن. ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ خواژنی و دەسەڵاتی ژن لە پێش دینە یەک خوایی و میتافیزیکەکانەوە. [ئنۆ] خوای دایک بە تفی دەمی خۆیی و لە مشتێک خاک [ئەنکیدۆ] خەلق دەکات. ئافراندنی ئەنکیدۆ لە خۆڵ پاشان دەچێتە دینی جووکان و لەوێشەوە بۆ هەموو دینەئاسمانی و ئیبراهیمییەکان. ئەنکیدۆ، وەک بوونێکی سرووشتی و بێ چەشن و ڕەگەز کە هێشتا هێزی بیرکردنەوە و توانای دابڕانی لەسرووشت نییە. بێ جیاوازی و زمان لە نێو گیاندار و سرووشت و ئاژەڵاندا و هەر وەک خۆیان دەژی و ڕەفتار دەکات. خولقاوی بەهێزی خوایان کە بەرئەنجامی نزای خەڵکی ئوروکە و بڕیارە هاوشان و لفی گێڵگامێش بێت و لە ئازار و کەسەرەکانی خەڵک کەمکاتەوە. لە چیاو زەنوێران و

دەشتا دەبێتە هۆی ترس و تۆقاندن و پەکەوتنی ژیانی ڕاوچی و وەرزێران. بەڕاوێژی خواژنە نینون، دایکی گێڵگامێش، ژنێک لە پەرستگای ئوروکەوە بۆ لەداوخستنی ڕەوانەدەکرێت.

خاتوونی پەرستگای ئور لە ئەنکیدۆ نزیک دەبێتەوە. لەداوی جوانی و جیهانی خۆی دەخات. ئەنکیدۆ لە جیهانی سرووشت و گیانداران دادەبڕێت و نامۆ دەبێ، دەبێتە خاوەنی زەینێکی دابڕاو لە سروشت و نایەکانگیر لەگەڵی، دەکەوێتە دووفاقی زەین و دینەوە. ئەو هاوسازی و یەکبوونە کۆتایی دێت و ئێستا ئیتر ئەنکیدۆ تەنێکە و سرووشت جیهانی بەرامبەری. هێشتا ئەنکیدۆ هەر زمان نەپژاوە و قسە نازنێ و بیرناکاتەوە. کاتێ خاتوونی پەرستگە زاردەکاتەوە و دەی دوێنێ و ڕامی دەکات زاری ئەنکیدۆ دەکرێتەوە و فێری قسەدەبێت و ئاوەزی لا دەردەکەوێت. ژن لێرەدا سەرچاوەی ئاوەز و زمانگرتن و ڕاوکردنی ژیانە بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە. هەر ئەم هێزو ئاوەزەیە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی ئاقڵ و ژیارساز. حەوا نمونەیەکی ترو بەرجەستەی ئەم زمان پژمان و ئاوەز گرتن، کە زمان و ئاوەزی ئادەم دەکاتەوە.

ئەنکیدۆ لەگەڵ خاتوونی شەنگی پەرستگەی ئور بەرە و شارو دیداری گێڵگامێش دەخوشێ.

## کوشتنی هومبابا

ئەنکیدۆ پاش گەیشتن و زۆران و گفتی برایەتی لەگەڵ گێڵگامێش، لە کۆشکی ڕەنگینی شادا ئاسودە دەژی و لە چێژ و جوانیەکانیان تەژی دەبێت. هێدی هێدی وەڕەزی و یەک فۆرمی ژیان و نۆستالۆژیای ژیانی کورتی ڕابردوو ئازاری دەدەن، دەخوازێ لەم دۆخە دەرچێت. گێڵگامێش دەیەوێ ڕایگرێ و لە ئاپوورەیە لە جوڵەو سەرقاڵیدا مەودای هزرین و بێتاقەتیەکانی کەمکاتەوە، پابەندی بکات بەژیان لە ئور و لە هاوڕێیەتی خۆیدا ڕایگرێت. گێڵ گەمێش دەکەوێتە بیری چوون بۆ دارستانی سەدر و چیای و زەنوێری خوایان. چاودێری ئەم دارستانە بەسزای کردارە خراپەکانی خۆی بگەیەنێ. سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن و ڕازیکردنی ئەنکیدۆیە بۆ جمان، بەرەو دارستانی [سەدر]و کوشتنی هومبابا. گێڵگامێش پێش جمان، ڕاوێژکاران و ئەنجومەنەکانی پیران و ژیران کۆدەکاتەوە و نیاز و بۆچوونی خۆی لە سەفەری دارستان و کوشتنی هومبابا لەگەڵیان باس دەکات. چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات لە نەبوونی خۆیی دا و ڕای ئەوان وەردەگرێت.

لێرەدا لێکچوونێکی دانەبڕاو و یەکسان لە نێوان ڕێکخراوەی دەوڵەت شاری ئور و کۆئەندامی دەسەڵات و جۆری بە ڕێوەبەری لەگەڵ سەردەمی ئەشکانیاندا یا [سەکایەکان] هەیە. لە ڕاستیدا ئەشکانیەکانیش بە باوەڕی هەرە زۆری مێژوو نووسان بەجۆرێ دەوڵەت شار بوون. ئەشکانیان دوو ئەنجوومەنی بەناوبانگی

[مەزنستان و پیران]یان هەبووە کە فارس بەهەڵە و ئەنقەس دەڵێن مەهستان کە هیچ مانایەکی نییە. پێویستە بڵێم؛ ئەم لێکچوونانە لە نێوان ئوستورەی گێڵگامێش وکولتووری کوردیدا، کە ئەشکانیەکان یا سەکایەکانیش بەشێکی گرنگی ئەم کولتوورەن، هەرهێندە نییە و زۆر زۆرترن، کە ئاماژەیان پێ دەکەین. پاش ڕاو ڕاوێژو کۆتای هاتنی کۆبوونەوەکانیان، گێڵگامێش و ئەنکیدۆ بەرەو دارستان و چیا بەڕێ دەکەون، ئەم سەفەرە و کۆی سەفەرەکانی گێڵگامێش بەرەو چیا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سۆمەر، لە ڕاستیدا دەکاتە کوردستانی ئێستاو دێرین. ئەنکیدۆ باس و خواسی دڵڕەقی و ترسناکی هۆمبابای بیستووە. لەپیلانی خوایان و چارەنووسی خۆی دڵەراوکە و دڵگرانی هەیە. ڕارایە. گێڵگامێش ئارامی دەکاتەوە و زات و زۆری دەنێتەبەر. بە چیاو دارستاندا هەڵدەزنن. دوا ئاکام و پاش ماندوویەتی، ترس و هەڵشاخان، هومبابا دەکوژن. هەردوو خەو دەبینن و دڵ لەدوان. چارەنووس شتێکەو ئارەزوو شتێکی تر. هومبابا لە هەیکەل و ئەندازە و شێوەدا ڕێک زەروانە. [زەروان] یەزدانی زەمان. یەزدانی کات و ئاسمان. بیچمێک لە مار و شێر. هەرچەندە لای [عیلامییەکان] وەک خوا دەردەکەوێت و مانای سەوزایی و گەشی دەدات.تەنانەت لە زاگرۆسدا بە خوای [سەدر]یش ناسراوە. بەڵام بە باوەڕی زاڵ هەر خوای زەمانە وکاتە. ڕەنگە وشەکانی زەمەن و زەمانی عەرەبیش هەرلێرەوە گیرابن. هەنوکە لەکوردستاندا هێشتا وشەکانی [ژەم] و [ژەمەن]مان هەن. وەک ژەمەنان و ژەمەن بگردە. واتە نان نەخواردو لە کاتی خۆیدا. [سەری شێر و کلکی مار و باڵی سیمورغ] ئاماژە بە خانەکانی میتران نەک شتێکی دیکە. چۆن لێرە بوەتە پاسەوانی دارستانی

سەدر زەمەن و لێکۆڵینەوەی خۆی دەوێت، بەڵام ئەگەر سەدر و سەوزایی وەک زەمەن و وەرزەکان وەرگرین و شرۆڤەکەین ڕەنگە بتوانین بڵێن واتە وەرزی بەهار و بەهاریش واتە کات و زەمەن، دەکرێ بڵێن هومبابا پاسەوانی دارستانی زەمەن بووە.

## کوشتنی گای پیرۆزی ئاسمان

پاش کوشتنی هومبابا و گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی گێڵگامێش و ئەنکیدۆ بەرەو شار و دیار. گێڵگامێش خۆی دەشوات و دەڕازێنێتەوە. شەنگ و لەبار و هەڵکەوتە تاج لەسەر دەکات و خۆی دەردەخات. ئیشتر کە لە مێژە چاوی بڕیوەتە گێڵگامێش. دەی بینێ و دەڵێ؛ گێڵگامێش وەرە ببە خۆشەویستی من. تۆوی خۆت بەمن ببەخشە و تۆ ببە مێردی من و من هاوژین و ژنی تۆ.؟ کەژاوەیەکت بۆ دەڕازێنمەوە بە بۆنی خۆشی سەدر و تاجی شاهانە و چوار ئەسپان ڕایکێشن، بە وەقار و مەزنی بێتە یانەی من. هەموو شاهان و دەسەڵاتداران بێنە ئاستانە و دەست ماچکردنت و بەرەکەت دەکەوێتە ژین و بوون و هەموو مەڕ و ماڵاتت.

گێڵگامێش؛ دەڵێ چیت نییە، بتدەمێ؟ شەربەتی خوایان؟ خۆاردنی ئەوان. پۆشتە و پەرداخی و بەرگت هێندە ڕەنگینە وێنەی نییە. دەخوازم بتناسێنم و فێڵ و ئەتوارەکانت ئاشکرا کەم.

تۆ لێوڕێژی لە هەوەس و هەرزەیی و لە دڵتا هیچ جێگایەك بۆ ئەوین و خۆشەویستی نییە. کڵپەی هەوسی تۆ نەبڕاوەیەو ئەوینت نییە. دەرگای دڵت بالوورێکی ساردی پڕ شەختە و وێرانییە. کوا ئەوکەسە پەسەندو خۆشەویستە، کە تۆ بەدڵت بێت و بتوانێ تۆ ڕازی و ڕاوەستاو بکات.؟ کاتیەتی بەدەنگی بەرز کردار و کردەوە ناشیرینەکانت لەقاودەم و هەموو فێڵ و غەدر و فریوەکانت بدەمەوە بە ڕووتا، تابزانی کێیت و چیت و چەندە بەدفەڕو و هەوەسبازی، ساتانە دڵ دەگۆڕی وهەموو بەناو خۆشەویستەکانت دەکەیتە قوربانی. تۆ تەمووزی لاوی خوای بەهارت وێران و تێکشکاوکرد، کرتە تۆزی بانان، تەمووزی تۆ خۆشەویست و هێژات والێکرد. بیرتە چۆن شوانکارەیەکی لاوت بێ پەڕوباڵ کرد و دات لەباڵەکانی وشکاندت و لە دەشت و دەراندا وێڵتکرد؟ ئاشقی شێر بوویت کە بەهێز و ئازایە، بەڵام تۆ حەوت جار وحەوت جاران چاڵت بۆ هەڵکەند. تۆ ئەسپت خۆش ویست. تۆ بە قامچی و تووڵ و ئاوزەنگی هەویای کشان و تاو بەرەو نەیارت تیادا کوشت. تۆ شوانی گەلەکانت کردە گورگ و منداڵەکانی خۆشی هەنوکە ڕاوی دەنێن. [ئەشوت] شێت و لێوەکرد، باخەوانی باخی خوایانی ئاسمان. گێڵگامێش لەم بابەت و ناو ناتۆرانە فراوان بە ئیشتار دەڵێت و سوکی دەکات و لە خۆی دووری دەخاتەوە.

ئەم گفتوگۆیەی نێوان ئیشتەر و گێڵگامێش، وەبیر هێنەرەوەی نەریتی ئازادی ژن لە هەڵبژاردنی هاوتای سکس بۆخۆی و بڕیاری جووتگیریدا، کە لە ئایینە دێرینەکاندا و سەردەمی خواژنیدا فۆرم و ڕەگەزی زاڵبووە. بە تایبەتی بە بەرجستەیی لای سەکاکان. لەناو سەکاکاندا هەر پیاوێک ویستی

ژنێکی هەبوو بێت، تیردانەکەی خۆی بە مەێخی هەواری ژنەدا هەڵواسیوە، ئەگەر ویستەکەی پەسەندکرابێ ئەوە کراوە و تیردانەکەی وەرگیراوە و ڕەچاوکراوە وەگەرنە هیچ. ژنان لە هەڵبژاردنی جووت بۆ پێکەوەبوون خۆ بڕیاربوون. چەندین هەڵبژاردن و ئەگەریان بووە و ئەنجامیان داوە. ئەم نەریتە یا ئایینە هەر بەم ناوەرۆک و فۆرمەوە لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا و لە مەهاباد دا پات دەبێتەوە.

ئەشکانیەکان دەتوانین بڵێین هەر سەکاکانن و خواژنی و ئەم نەریتە بەشێکی جیانەکراوەی شارستانیەت و ژیانیان بووە. جۆری ئەم خواژنانە و جووتگیریان لە وشکارۆی زاگرووۆسدا بە بەرجستەیی دیارە. لە داستانی وەیس و ڕامین کە جوگرافیایی ڕووداوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری مەهابادی هەنووکەو لە سەردەمی ئەشکانییەکاندایە دەخوێنینەوە کە؛

شا ژنی مادی [چەهرو] فەرمانڕوای مەهاباد لەکاتێکا کە سەرقاڵی جەژنی لەدایکبوونی منداڵەکانیە. سی منداڵ کە دایکیان دیارە و باوکەکانیان نادیار، ئەو بێ سڵ و بەرگر و ترس ئاهەنگیان بۆ دەگێڕێ. موغێکی زەردەشتی، بەناوی مێهر، ڕێوڕەسمی ئەم ئاهەنگە ئەنجام دەدات، وەک سەرکۆنە و تانە بە چەهرو دەڵێ؛ تۆ دایکی سی منداڵی بێ ئەوەی بزانین باوکیان کێیە.

ئەم هەڵوێست وقسانەی گێڵگامێش بەتووندی ئیشتر تووڕەو ڕەنجاو دەکات، ئیشتر

دەچێتە ئاستانەی [ئانۆ] خوای باوک و [ئانتۆ] خوای دایک. بە قەڵسی و تووندی دەڵێ؛ گێڵگامێش سوکایەتی پێکردوم و ئەگەر گای پیرۆزی ئاسمانم پێ نەدەی کە بچێت بەگژ

گێڵگامێش دا، ئەوا من دەرگای جیهانی ژێرزەوین دەکەمەوە تا هەموو مردوان و شەیتانەکان و تازە مردوان بگەڕێنەوە سەر زەوین، تا ڕێژەی مردوان لە دانیشتوانی سەرزەویی زۆرتر بن و جیهان وێران دەکەم. کاتێ ئانۆ ئەم ڕاشکاویی و بڕیارەی ئیشتر دەبیسێ دەڵێ؛ باشە بەڵام بەو مەرجەی کە دەغڵ و دان و خەلەو خۆراک و سەوزای حەوت ساڵ بۆ خەڵک ئامادەکەیت و لە قاتوقڕی حەوت ساڵە بیانپارێزیت. ئیشتر دەڵێ؛ هەموو ئامادەیە. لێرەدا ڕاستەو خۆ دەکەوینە بیر دنیای یوسفی پەیامبەر و خەونی ئەختانوون و قورئان. حەوت ساڵ گرانی وحەوت ساڵ فراوانیەکەی میسر

گای پیرۆزی ئاسمان پەلاماری شار و ژیار دەدا و هەمووشت دەکەوێتە بەر پەلاماری وێرانی. ئەنکیدۆ نەترس و بوێرانە پەلاماری دەدات و ئەستووری کلکی دەگرێ. گێڵگامێش دێت و گەڵاوێزی گادەبێت. هەردوو شاخی دەگرێ و تێغەکەی ڕێک دەکات بە بەینی شانەکانی گادا و لە پشتەوە سەری دەبڕێ. جۆری ئەم شەڕ و سەربڕینە ڕێک لە جۆری شەڕ و سەربڕینەکەی میترا دەچێت، کە چۆن گا دەکوژێت.

## مەرگی ئەنکیدۆ و سەفەری گێڵگامێش

مەرگی ئەنکیدۆ بەتەواوی گێڵگامێش دەهەژێنێ و مردن و نەمان بە هەموو قورسایی و باری مانایی و فەلسەفی خۆیەوە دەخات بەسەریا. کۆ پرسێکی بێ وڵام و هەردەگێڵییەکی نەبڕاوە دەخاتە بەردەم ژین و ئاوەزی گێڵگامێشەوە. ڕاپسکانێ ڕادەپسکێ، ژین وبوون و جیهانی هەنووکەی مانا و جوانی و نەبڕاوەی خۆیان لەدەست دەدەن. پاڵەوان لە چۆڵەوانیەکی هەرۆڵ و بێ پەنادا دەکەوێتە دڵەڕاوکەو ئازاری نەمان. ئاوابوونی ئەنکیدۆ هەموو هەویا و حەزو چێژە نەبڕاوەکانی گێڵگامێش ئاوا دەکات. دەخوازێ پەردە لەسەر ڕازی مردن لادات و بوونێکی هەتاهەتایی و بێ کۆتایی بدۆزێتەوە. خواکان و تێڕامان و سەرنجیان بۆ مرۆڤ یەکەم خەیاڵی پرس و ئاوەزەکانی دەبن، لە دەرەی هەردە گێڵی و شپرزەییدا شوانکارەیەک هەناردەی لای [ئۆت نەپشتیم]ی دەکات تا ڕازی مردن و داستانی نەمری و مانەوەی ئەبەدی بۆ ئاشکرا بکات. ئاخر ئەو هاودەمی خوایانەو تەمەنی هەتاهەتایی پێ بەخشراوە.

گێڵگامێش لە هەموو خانەکانی مەرگی ئەنکیدۆ و دێوانی دووپشک و هاوەدەمی خاتوونی ژێری چیای خوایان [سی دووری سابیتو] هەتا دیداری [ئوت نەپشتیم] و دابەزینی بۆ جیهانی ژێرین، بێ پسانەوە هەردە گێڵ و ئاوارەیە و ناگاتە وڵامی دڵخواز. لە نێوان چیاکانی [مەشۆ] کەوەک کەوانە سەریان هاتوەتە یەک و دەروازەی هەڵهاتنی خۆرن، دوو دێوی هاوسەر دەبینێ، کە زۆر میهرەبانانە لەگەڵی ڕەفتاردەکەن و بە جۆری نیشانی سابیتوی دەدەنێ. دێو لە دینە سەرەتاییەکاندا نشانەی مەزنی و میهرەبانییە، ئەمەکولتوورێکی دێرینی وشکەرۆی زاگرۆسە. ئەم دو دێوە نیوەی خوارەوەیان دووپشکە. دووپشکیش دیسانەوە لەم کولتوورەدا جێگای دیاریکراوی خۆی هەیە. دووخاڵی دیکەش کە جێگای ڕامانن؛ ناوی چیاو دەڕەیەکە کە دێوەکان باسی دەکەن وەک [چیای مەشۆ] کە دەکرێت [مەسۆ] بێت یا چیای [مەسۆ]ی باشوور لە مەشۆ وەرگیرابێت و گۆڕینی شین بە سین یا پێچەوانەکەشی لە کوردیدا کردارێکی گونجاوە. سەرنجێک لەسەر گوندی مە سۆکانی شارەزوریش دەتوانێ ئاماژەیەکی تر بێت. ئوت نە پشتیم بەوردی چیرۆکی زریان و نوقم بوونی ژیوار و جیهانی پێشینی بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەقاودەق داستانی تۆفانی نوحەو دواتر خزاوەتە ناو دینە سامییەکانەوە. گێڵگامێش بێ کردنەوەی گرێ کوێرەی پرسەکانی و ڕازی نەمری و مەرگ لەلای ئوت نەپشتیم بەرەو هەوار و زێدی خۆی دەگەڕێتەوە. تەنیا دەسکەوتی ئەم سەفەرەی گیا یا هەتوان و ئێکسیری لاویە، کە بە چاوساقی ئوت نەپشتیم لە زەریای مەرگدا بەدەستی دێنێ. کاتێ کە خۆی دەشوات مارێک دێت و ئەویش دەخوات و خێرا کاژ فڕێی دەدات و لاودەبێتەوە.

هەنووکە لە کوردەواریدا هەر باوە کە دەڵێن؛ مار کارژ دەخات و لاو دەبێتەوە. تەنانەت کچان و ژنان ئەو کارژە دێنن سەری پێ دەشۆن و باوەڕیان وایە بسک و قژیان درێژ دەکات.

دواجار گێڵگامێش بڕیاردەدات بەرەو جیهانی ژێرزەوین بڕوات و هەوڵبدات هاورێکەی ببینێتەوە. بۆ ڕۆشتن بۆ جیهانی ژێر خاک گێڵگامێش دەبێ لەوەی خۆشی دەوێت و حەزی لێیەتی دوور کەوێتەوە. نەچێتە لای ژنان و خۆی نەشوات و نەڕازێنێتەوە و بۆنەکان بەکار نەهێنێ. ئەم دۆخەش لە ڕاستیدا دۆخی بە تەنبوونەوەی [شت، واتە بەشتبوونەوەی] مرۆڤە و دابڕانە لەهەموو چێژ و هەست و چەشنێ [بەبێ ڕەگەز، نە نێر نەمێ]، تابتوانێ بگاتە جیهانی ژێر زەوین یا مەرگ. بەواتایەکی دیکە مەرگ هەموو ئەوانە لە مرۆڤ دەسێنێتەوە و مرۆڤ وەک سەرەتا دەبێتەوە بە بەشێک لە سرووشت و ئەو کەوشەنە وکەونە کە ڕۆژگارێ بەشێکبووە لێی.

## گێڵگامێش یا گەلگامێش

بەپێی باسی سەرەوە و بەکۆبەندی سەفەر و ڕووداوەکانی ژیانی پاڵەوانی ئوستورەکە، ناکرێ ناوی گەڵ گامێش یا گەل گامش یا گێل گەمێش بێت. گەل واتە زۆر یا ئاپوورەیەکی بێ فۆرم و بیچم. گێڵگامێش بوونێکی تاقانە و بەهێزە. کەڵ لەگەڵ گامێش یەک ناگرنەوە. چونکە کەڵ و گا هەریەک، یەک منا و یەک چەشن بەرجستە دەکەنەوە. بەڵام بەپێی گرنگی گا و ڕوونکردنەوەی ئەم سیمبولە گرنگی و شوێنی لە هزر و شارستانیەتی مرۆڤدا بەرچاوە، کە دەبێ سەرەتای ئەم ناوە گا بێت واتە گامێش. سەرەڕای ئەمەش ڕەگەزو هزر و باشقە و شوێن پەنجەکانی کولتووری زاگرۆسی و مادی کە هەندێکیمان لە دەقەکەدا باسکرد و شرۆڤەمان لە سەریان هەبووە پشتیوانی ئەم بۆچوونەمان دەکەن. ڕەگەزەکانی مادی و زاگرۆسی لە کۆی ڕەهەندەکانی جوگرافیا و کولتوور و باوەڕ و زمان و دین و سەر نموونەکاندا نزیک لە بێگومانیمان دەکەنەوە لەوەی کە ئەم دەقە مادی و کوردییە.

هەنووکە لە کوردی هەورامیدا هەردەگێڵ بە کەسێک دەڵێن؛ چیاو شاخ و هەواران بگەڕێ، دەشت و دەر تەیکات. هەرد واتە ئەرز و بەمانای چیا و دەشتیش دێت ئەم پێش ناوە لە ناوی ئەردەشیری ساسانی دا هەیە و واتە شێری سەر ئەرز. من بۆ خۆم وای بۆ دەچم هەموو پێشگری ئەردەوانەکانی ئەشکانیش هەر هەردەوان بن بەمانای خەڵکی چیا. بۆ ساسانیەکانیش هەر وا بیر دەکەمەوە و وا دەزانم شرۆڤەی نزیک لەڕاستی ئەمەیە، کە وشەی سان واتە بەرد ساسانی واتە خەڵکی وڵاتی سانستان و چیا و زەنوێر. جوگرافیای کوردستان و ناوەگشتییەکان بەفراوانی و زانستی ئەم بۆچوونانەمان پشتڕاست دەکەنەوە، کە لە باسی ساسانییەکاندا دەپەڕژێمە سەریان.

جەلیل ئازادیخواز
ئەمریکا واشنگتۆن
٢٠٢١/١/٢٠

## سەرچاوەکان

باخەوان هاوڕێ [٢٠٠٣]کوردستان نشتمانی یەکەمی سۆمەریەکان.دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

شیرۆکی، ئیسماعیل، بەدر، ناسنامەی دزراوی نەتەوەیەک. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو. هەولێر.

جەلیل. ئازادیخواز.[٢٠٠٥] گێڵگامێش، وەرگێڕان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .سلێمانی

قادری، زەکەریا، ]٢٠١٦] عقل سیاسی ایرانی و هویت خواهی کردها

تاریخ تمدن جلد یک ویلدوورانت

دیاکونوف، م، ه تاریخ ماد .ترجمه. کریم کذاورز. نشرکیاب.

تاریخ ماد؛ ایقرار علی اف

ویس ورامین. فخرالدین اسعد گرگانی

از دولت کاهنی سومر بسوی تمدن دمکراتیک. عبدلله اوجالان

حیات مردان نامی. پلوتارک جلد ۱
تاریخ بلاد الرافدین. افرام عیسی یوسف
السومریون هم اجداد الاکراد

دوو وتاری ئینگلیزی و کۆ وتارێکی دیکە بەزمانەکانی تر

# Gilgamesh

Jali Azadikhah